# پێشەکی بۆ چاپی کوردی

بێگومان دیموکراسی وەك پرۆسەیەکی مێژوویی، لەم سەردەمەدا بووەتــە چـەمکی سـەرەکی پیـادە کردنـی رەوتـی سیاسـیو کۆمەڵایـەتی ژیـانو پراکتیزەکردنی بنەما سەرەکیەکانی ئـەو سیستمەی کەبـە سیسـتمی نوێـی جیهان، یان ووردتر بڵێین دنیای جیهانگیریو تاکجەمسەری ئەمرۆ ناسراوە، بۆ زیاتر قووڵبوونــەوە لەپێوانـە کردنـی پێشـکەوتنی مێژوویـی دیموکراسـی بەپشتبەسـتن بەپێکهاتـە ئابووریـە کۆمەڵایەتیـــەکان، بــەپێی ململانـــێی چینایـەتی هەرکۆمەڵگایـەكو، بـۆ زیـاتر رۆچوونـە نـــاخی دیموکراســـیو قازانجەکانی، کەدەکرێت بێلایەنانە لێی بکۆڵرێتەوەو ســوودە تایەتیـەکانی بـۆ هەرمیللـەتێك روون بکرێتـەوە، بێگومـان گـەلی کوردیـــش پشــکێکی سەرەکی لەو قازانجە بەردەکەوێت.

ئـەم کتێبـە لـەدوو بەشـی سـەرەکی پێـك هـاتووە، یەکـــەمیان رەوتـــی دیموکراسـیو دووەم دیموکراسـی وەك تیـۆر. سـەرەتا بەهەڵســـەنگاندنی وەزعـی جیـهانو باڵادەسـتیی سـەرمایەداری بەسـەر کۆمۆنـیزمو شکسـتی تۆتالیتـاریزم دەسـت پێدەکـاتو، دیموکراسـی وەك گـەورەترین ئامـانجی سەرجەم کۆمەڵگاکان تەماشا دەکات، کەرۆژئاوا بەووەوە نازدەکات تاچـەند

هەوڵی پێشخستنیانی داوە. دیارە رۆژئاوا هەمیشە بەپێی بیرو بۆچوونی خۆی و بەپێوەری تایبەتی، دیموكراسیبوونی هەر وڵاتێك هەڵدەسەنگێنێت. لەبەشی یەكەمدا بەفراوانی باس لەپێناسەو واتای گشتی دیموكراسی دەكات، دوور لەوپێناسە سادەو باوانەی خۆمان و بەفۆرم و شێوەی جیاجیاو وەك ئامانجێكی بەهادار لێكدراوەتەوەو، هەمیشە وەك چەمكێكی باسهەڵگرو رەخنەیی ماوەتەوەو بەدوورنماییەكی مێژوویی شیكراوەتەوەو، ناجێگیریی واتای دەستەواژەیەكی بەنرخی وەك دیموكراسی سەلماندووەو، جەختی لەسەر گۆڕانی جەوهەری ئەم چەمكە بەپێی مێژوو، كردۆتەوە. دیموكراسی لەچوارچێوەی ئەو لێكدانەوەو پراكتیزەییە جێی خۆی گرتووە، بەڵام بێ ئەوەی مانایەكی هەرەمەكی هەبێت، هەمەچەشنیەك دەدات بەدەستەوە.

لەبەشێكی تردا بەوردی باس لەدیموكراسی وەك داهێنان و مێژووكرد دەكات و، بەمانا مێژوویەكەیدا دەچێتەوەو چۆنێتی فۆرمۆلەبوونی ئەم چەمكەو واقیعیەتی و بایەخی و گرنگیی مانا و مێژووەكەی لێكداوەتەوە، بەدژە دیموكراسیەكانیشەوە. بەتایبەتی لەڕوانگەی تێڕوانینی بیرمەندانی وەك ئەرستۆ، سۆلۆن، ئەفلاتون، سوكرات و، بەتایبەتی لەلایەنی بەرجەستەبوونی دیموكراسی لەدەرئەنجامی ململانێی نێوان خەڵكی رەش و رووت و خەڵكانی بەناو دەوڵەمەندو خاوەن ئەسل و نەسب. هەروەها لەچۆنێتی پیادەكردنی دیموكراسی لەبەڕێوەبردنی خەڵك لەئەسینا دەدوێت، وەك مێژوویەكی دیاریكراوی سەرەتای سەرهەڵدانی حوكمرانی



دیموكراسی و، ئەرك و فرمانی تاكی كۆمەڵگەكەلە بەرژەوەندیە گشتیەكاندا هاوبەش و پشكدار بێت و، لەلایەكی ترەوە جیاوازی دیموكراسیی ئەسینا و دونیای هاوچەرخ دەخاتە ڕوو، هەرجۆرە دابەشكردنێكی نێوان دەوڵەت و كۆمەڵ رەتدەكاتەوە كەئەوكاتە هەردووكیان یەكبوونە نەك دیموكراسیی ئەمڕۆ.

لەبەشێكی تردا باس لەوسیتمە جۆراوجۆرەی لەپراكتیزەكردنی دیموكراسی داجێبەجێ دەكران و جێگەی سەرنجن، دەكات، هەر لەو بارەوەبەشێوەیەكی رەهانەتوانراوە كاتی سەرهەڵدان و تێڕوانین و پیادەكردنی كاری دیموكراتیانەی هاوچەرخ دیاری بكرێت. بەفراوانی باس لەڕۆڵی كڵێسا و ئەنجومەنەكانی ئەسینا و خەڵكی رەش و رووت دەكات لەپیادەكرنی دیموكراسی و، بەبەڵگەوە كاتی سەرهەڵدانی حاكمیەتی رەها لەسەدەكانی حەڤدەو هەژدەو كزبوونی رەوتی دیموكراسی دەسەلمێنێت. بەهەمان شێوە بە تێروتەسەلی باس لەڕەوتی مێژوویی بڵاوبوونەوەوجێبەجێكردنی چەمكی دیموكراسی لەئینگلیستان دەكات و زانستیانە ململانێ چینایەتیەكان دەخاتە روو، ودەیسەلمێنێت كەدیموكراسیی راستەقینە هەمیشە لەبەرژەوەندیی خەڵكی هەژارو رەش و رووتە، گرنگی ئەو رەوتە مێژوویەو جیاوازیی دیموكراسیی گریك و سەردەمانی دواتر لەئینگلیستان ئەوە دەردەخات كەلەیۆنان باس لەحكومەتی خودی خەڵك دەكرا بەڵام دواتر بوو بەمافی خەڵك لەهەڵبژاردنی نوێنەرو قسەكەرو وەڵامدەرو پاشان پۆلێن كردنی خەڵك بەپێی دارایی و موڵكداریی لە

بەشداریکردنیان لە پیادەکردنی دیموکراسیی گەل و دەرکەوتنی دووفاقیەت لە دنیای دیموکراسیدا. دواتر باس لە شۆڕشی فەرەنساو وئیلهامبەخشی سەرهەڵدانی کۆیلەکانی هایتی وبزاڤەکانی ئەفریقای باشوورو چۆنێتی خستنە رووی پرسی دیموکراسیی و دەسەڵاتی خەڵک بەبێ چارەسەریی چونکە ئەو دەمە هێشتا دیموکراسی بەمانای بەشداریکردنی راستەوخۆی خەڵك لە حکومەتدا لێکدەدرایەوە، بەتایبەتی لەکاتی راگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکا لەساڵی(١٧٧٦ز)و کاتی داڕشتنی یاسای بنەڕەتی پاشان ئەوە دەردەخات کە جیاوازیی چینایەتی بە تێروتەسەلی تیۆریزەکراو، راڤەیەکی هەمەلایەنی بۆکراوە لە روانگەی فەیلەسوفانی ئەو سەردەمەوە، بەتایبەتی هاوێرکردنی ژنان و، ئازادیی سیاسی سنووربەندییەکی بۆ دانراوە، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دیموکراسییان لە پێشکەوتنی سیاسی جیاکردەوە، ریزبەندیان کردن و پەیوەندیی نێوان دیموکراسیی و یەکسانیان روون کردەوە، هەروەها بەخشینی مافی دەنگدان بەکرێکاران لەو مێژووەدا، هەستی بەرپرسێتیی هاوولاتیانی تێدا دروستکرد، کە بەرێنوێنی چینی ناوەڕاست هەڵدەسوڕان. گرنگترین سیمای پیادەکردنی پرۆسەی دیموکراسی لەسەدەی نۆزدەدا ئەو گفتوگۆو مشتومڕانە بوو دەربارەی بژارکردنی دەنگدان و دیاریکردنی دەوڵەتی هۆشیارترین تاکەکانی کۆمەڵ، یان بۆ سەرجەم کۆمەڵگە بەگشتی . هەر لەم سەدەیەدا، دیموکراسی چ لەلایەن داکۆکیکەرانیەوە بێت یان دژبەرەکانی بەمەسەلەیەکی چینایەتی دادەنرا،تەنانەت لەسەدەی بیستەمیشدا



بەراشکاویو ئاشکرا نارەزایەتی دەربڕین لە دیموکراسی هەرمایەوەو خەڵکانی فاشیستی وەك مۆسۆلۆنی رەفتارەکانی لە بەسووکگرتنی دیموکراسی بەئاشکراو بێ پەروا راگەیاند. لەرەوتی سیاسەتی جەماوەری بۆ پەرەسەندنی پرسی دیموکراسی ئەو ململانێیە دەردەکەوێت. لەلایەکی ترەوە بە جێبەجێکردنی پایگەکانی دیموکراسی وەك تیۆرێکی مێژووکردو لەبەرامبەردا هێنانەوەی بەڵگەو پاساوکاری بۆ چاوپێداخشاندنەوەی ئەو سیستمە، بەتایبەتی بەنکۆڵی کردن لە ئیرادەی رای گشتی کەبەختەر لەقەڵەم دەدرا، لەبەرامبەر مافەکانی تاك وگروپە مەوجودەکان و، بەبەدگومانیەوە لە بزووتنەوە جەماوەریە سیاسیەکان دەڕوانرا، پاشان بەوردی رۆڵی بە دیموکراسیبوونی کۆمەڵگەو زۆرێك لەدەوڵەتە دیکتاتۆری و تاکحزبیەکان بەگەشبینیەوە باس دەکات و، جێگیربوونی سیستمی پەرلەمانی وقۆناغی تازەی سەرکەوتنی هەمەگیری دیموکراسی بەحەتمی دەزانێت و، هەڵبژاردنی جەماوەری بەشەرعیترین بنەمای دەوڵەت دادەنێت، لەکاتێکدا کە هەندێك سیاسەتە هاوچەرخەکان واز لە دژایەتیکردنی دیموکراسی ناهێنن و، زۆرێك لە گروپە دەسەڵاتدارو خاوەنپایەکان، دیموکراسی بەمەترسییێك بۆ سەرخۆیان و هاوبەرژەوەندەکانیان دەزانن، بێگومان لەو نێوەندەدا سامان ودارایی تاکەکەسیو بازاڕ رۆڵی خۆی دەبینێت لەلەمپەرگرتن بەرامبەر جێبەجێکردنی پرۆسەی دیموکراسی.

لەبەشی دووەمی کتێبەکەدا باس لە تیۆری دیموکراسی وەك چەمك و فەلسەفە دەکات کە بەدەستەواژەی دەسەڵاتی خەڵك کەبەکاکڵەی هاوبەشی

سەرجەم بۆچوونەکان دایدەنێن، بێ جەختکردن لەسەر حکومەت کە ئەندێشەی دیموکراسی کە پایەدارترین ئارەزووی خەڵکە، بەلارێدا دەبات و درزوکەلەبەری نێوان خەڵك و حکومەت بەدیموکراسیی راستەوخۆ وەك ئەوەی ئەسینای کۆن پڕدەبێتەوە، بەڵام بەشداریکردن لە حکومەت دەبێت تایبەت نەبێت بە کەمینەیەکی چالاك و دەشیسەلمێنێت کە داکۆکیکردن لە دیموکراسی تەنها وەك شێوەیەك لە حکومەت بێت تاڕادەیەك ناتەواوە.

بەشیکردنەوەی تەواوەوە رای تاك و کۆمەڵ وتێزەکانی رۆسۆ خراونەتە بەر توێژینەوە، بەتایبەتیش جەخت کردنەوەی رۆسۆ لەسەر کۆمەڵ و نەفرەت کردن لەدەستەبەندی بۆ پلۆرالیزم و قبوڵکردنی هەمەچەشنی کە بەمەترسیداری لەقەڵەم دەدات. لەوێدا پرسیارێك دێتە ئاراوە کە ئایا دیموکراسی بڕیاری زۆرینەیە یان حکومەتی زۆرینە؟. باس لەمافی کەمینەو چۆنێتی ملکەچبوونی بۆ بڕیارەکانی زۆرینە، گەلێك راوبۆچوون و شیکردنەوە دێنێتە ئاراوە، گرنگترین پرسیاریش ئایا ئەوکەمینانە دەکرێت بڵێین حوکمی خۆیان دەکەن، کە جەوهەری دیموکراسییە؟ لەوێدا دەگاتە ئەنجامێك کە تەنها کۆمەڵگەی بێ دەوڵەت یان ئانارشیستی، ئازادی یا سەربەخۆیی ئەخلاقی هەرتاکێکی تێدا پارێزراو دەبێت، بۆیە دەکرێت بڵێین بڕیاری زۆرینە چاکترین بڕیارەو دەبێت قەبووڵ بکرێت، بەڵام بەشێوەیەکی رێژەیی نەك رەها.

کە پەیوەندیی ئیرلەنداو سکۆتلەندا لەگەڵ ئینگلیستان و، کیبیك لەگەڵ کەنەداو، کەتالۆنیا لەگەڵ ئیسپانیا، بەنموونە دێنێتەوە لە پیادەکردنی



دیموکراسیدا بەپێی بڕیاری زۆرینەو جێبەجێکردنی لەلایەن کەمینەوە، ناحەقیەك دەخاتە روو، وبەڵگەی تەواو بۆ رەتکردنەوەی ناهەمواری دیموکراسی لەگەڵ بنەمای بێقەیدو شەرتی حکومەتی زۆرینە دێنێتەوەو چەمکی خەڵك بەو پێیەی وەك زۆرینەیەکی خەڵکەکە لێکنادرێتەوەو ناژمێردرێت، هەروەها بۆ حکومەتیش هەر ڕاستە ، بەفراوانی روون دەکاتەوە.

لەبەشێکی تری ئەم کتێبەدا باس لەبەها هاوبەشەکانی نێوان سەرجەم هاوولاتیان و بنەماگەلێك دەکات کە دیموکراسی پێویستی پێیەتی و، لەئەنجامدا دەگات بەوەی کە هیچ رێککەوتنێك کە بەدڵی هەمووان بێت ومایەی قبوڵ بێت، بووونی نییە، سەرەڕای بەها هاوبەشەکانی کۆمەڵگا، بەمەش بۆمان روون دەکاتەوە کە نابێت بەرەهایی بیربکەینەوە.

هەروەك رۆسۆ پێی وابوو کە نابەرابەرییێکی زۆر لە کۆمەڵگەدا رێگرە لەبەردەم ئیرادەی گشتی و بەرژەوەندیی گشتی و، بە بۆچوونێکی دروست لەقەڵەمی دەدات، بە پێچەوانەی رۆژگاری ئەرستۆ کە ئەو تێڕوانینی بە پێچەوانەوە بوو، ئەرستۆ پێی وابوو بە بوونی نابەرابەریش بەرژەوەندیی گشتی و دیموکراسی پیادە دەکرێت.

بەڵام نووسەر لێرەدا دەیسەلمێنێت کە تەنانەت جیاکردنەوەی دیاریکراوی نێوان بەرابەریی سیاسی وبەرابەریی کۆمەڵایەتی وئابووری نابێت هەبێت یان مانایەکی فراوانترو شکلێکی سنوردار لە خۆبگرێت.

ئەوەی سەرنجراکێش بێت نووسەر زیاتر جەخت لەسەر راڤەکردنی یەکێتیی تێڕوانین و حکومەتی زۆرینەو دیموکراسیو دیموکراسیی راستەوخۆ دەکاتەوە، سیفات و هەڵسوکەوتی نوێنەر دیاریدەکات کە دەبێت هەمان رەفتاری ئەوانە بکات کە ئەویان هەڵبژاردووەو لەگەڵ کێشەو پرسە راستەقینەکانی ئەواندابێت. لەوێشدا دەگاتە قەناعەتێك کە نوێنەرایەتی یا دیموکراسیی ناراستەوخۆ لە چاکترین حاڵەتدا ئەلتەرناتیڤێکی نەشیاوە بۆ بەشداریکردنی تاکەکەسیو، بەدیهێنانی ئارەزووەکانی خەڵك تا رێی تێدەچێ نوێنەرایەتی بکرێن لەلایەن نوێنەرانیانەوە، بەوشێوەیەش دڵنیاییەك بەخەڵك دەبەخشرێت، ئەمیش هەربەشێوەیەکی رێژەیی.

لەلایەکی ترەوە باس لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا دەکات، بۆ زیاتر بڵاوکردنەوەی بیروڕاکان لە پێناو خزمەتکردنی دیموکراسیدا قازانجێکی خۆی دەبێت. سەرئەنجام دیموکراسیی نوێنەرایەتی لەبارودۆخێکی وەك ئەمڕۆدا بەچاکترین شێوە دەزانێت کە مرۆڤ دەستی پێڕاگەیشتبێت.

لە بەشێکی تردا باس لەبەیەك شت زانینی دیموکراسی لەگەڵ هاودەنگی ورەزامەندیی خەڵك و، توانای دیکتاتۆری بە پشتبەستن بە پشتیوانیی خەڵك، دەکات و، باس لە خواست و ئارەزووی نەوەکان دەکات کە تاچەند مافی هەرنەوەیەکە، هەربڕیارێکی نەوەی پێشووتری هەڵبوەشێنێتەوە. بە زانستیانە دەیسەلمێنێت کە مەرج نییە بێ دەنگی گەل و ناڕەزایەتی دەرنەبڕین نیشانەی رەزامەندی بێت، وەك لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەوروپادا تاکو ساڵی ١٩٨٩بوو. بۆ رەزامەندیی گەل و زانینی بارودۆخ، دەبێت هەلومەرجی



ئازادانە لەئارادابێت کە بیروڕا ئازادانە دەربڕێت و باس و هەڵسەنگاندنی وەزعەکە بەبێ ترس ئەنجام بدرێت. کەوابێت ئازادی مەرجی بەردەوام و سەرەکی کارکردن لە نێوان حکومەت و کۆمەڵ پێویستیەکی بەر قەرار بوونی دیموکراسییە ، ئەو مەرجەش ئەوە ئاشکرا دەکات کە بەجێگەیاندنی دیموکراسی لە رووی کردارییەوە لە نێو بەرنامە سیاسیەکاندا کارێکی نیوەچڵەو هێشتا بۆ هاتنە دیی دیموکراسیی راستەقینە مەودایەکمان هەیە.

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە دیموکراسیی بۆرژوایی لە زۆر رووەوە بە شێوەیەکی درۆزنانە خۆی نواندووەو زۆر لەبەڵێنەکانی نەهێناوەتەدی کە خەڵکانی زۆر لە پێناویدا تێکۆشاون. بێگومان دیموکراسیی سیاسی تەنها بەدانی مافی دەنگدان لەهەڵبژاردن نایەتەدی، کاڵفامیشە ئەگەر پێمان وابێ دیموکراسی لە رۆژئاوادایەو ئەوان خاوەنی دیموکراسین و ئەزموونێکی لەباریان هەیە.

لە کۆتاییدا نووسەر دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە دیموکراسیی جەماوەری لەبەرامبەر دیموکراسیی لیبراڵی سەدەی نۆزدەهەمدا پێویستیەکی سەردەم بووەو، بۆ ئەمڕۆش قسەکردن لەسەر دیموکراسی بەکارێکی خۆفریودەرانە و ریاکارانە دەداتە قەڵەم، چونکە پێی ئاشنانین و، ئەگەر ئەمڕۆ هەندێك وڵات لە هەندێکی تریان دیموکراتیکتربن بەڵام ئەگەر پێوەری راستەقینەی دیموکراسی بەکاربێت هیچیان ئەوەندە دیموکراتیك نین.

ماوەتەوە بڵێین گرنگی ئەم کتێبە لەوەدایە کە ئەمڕۆ کوردستان لەبارودۆخێکی ئازادی و فرەحزبیەکی وادا دەژێت کە سەرەتایی

**هەنگاونانیو، راڤكردنی ئەم چەمكە بۆ كتێبخانـەی كـوردی پێویستیەكی لەرادەبەدەرەو، خزمـەت بـە سـەقامگیریی وەزعـی كۆمـەڵگاو ئاسـتی رۆشنبیریو دونیای مەدەنیەت دەكات. ئەوەی شایانی باسەكە لەم زەمـەنی جیهانگیرییەدا چارەنووسی سیستمی دیموكراسی وابەستەی گواسـتنەوەیەتی لەئاستی دەوڵەتەوە بۆ ئاستی جیهانی كەوادەكات سیسـتمێكی نێودەوڵـەتی دیموكراتیـك بێتەكایـەوە. ئـەوەی جێگـای باسـیش بێـت لـێرەدا هیلاكیـی وەرگێڕی كوردی كاك رێباز مستەفا لە پوختەیی ورەوانی وەرگێڕانەكەیدا بۆ هەمووان دەردەكەوێتو جێگەی سوپاسە ..**

**عیماد عەلی**

**٢٠٠٢/٦/١٨**

1

# سەرەتا : پێناسەی دیموکراسی

لە یەکەم سەرنجدا، ڕەنگە ئەم کتێبە کە لە دەیەی ١٩٩٠دا لە بارەی دیموکراسیەوە نووسراوە لە زیادکردنی دەنگێکی تر بۆ ئاهەنگگێڕانی پیرۆزباییکردن لە خۆ شتێکی دیکە نەبێت؛ ئاهەنگێك کە دەنگگەلێکی نادڵنیاو گوماناوی، لانی کەم لە ڕۆژئاوا، لە سەروبەندی هەڵوەشانەوەی لە ناکاوو تەواو چاوەڕوان نەکراوی کۆمۆنیزمی ئەوروپاییو زلهێزە جیهانییەکەی واتە یەکێتیی سۆڤیەتی لە ساڵانی ١٩٨٩ تا ١٩٩١، لەخۆ گرتووە.

ڕۆژئاوا سەرکەوتووە، دیموکراسی شکستی بە تۆتالیتاریزم هێناوە. سەرمایەداری سەرەنجام بە شێوەیەکی لیبڕاو، باڵا دەستیی خۆی وەك سیستەمێکی ئابووری بەسەر کۆمۆنیزمدا سەلماندووە. ئایا لەوەها بارودۆخێکدا چ شتێك جێی دوودڵی یا مایەی هەڵسەنگاندنە؟

ئەو لێکدانەوە سەرکەوتن ئامێزە لە ڕووداوەکانی دواییدا، بەشێوەیەکی فەلسەفی تر، بەهۆی پاساوکاریە مێژووییەکانی فرانسیس فوکویاما- francis Fukuyama، ئەرکداری پایەبڵندی پێشووی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان، کە ناوبراو وتارەکەی لەژێر ناوی (کۆتایی مێژوو) لە کاتێکی گونجاو، یانی لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٨٩دا بڵاوکردەوە، بەهێزتر بووە. ئەو دواتر ئەو



بەڵگەو پاساوانەی خۆی لە کتێبێکی تردا بە درێژی ڕوون کردنەوە[1].

بەپێی بۆچوونی فوکویاما، دیموکراسیی سەرمایەداری، دەرخەری دواییترینو باڵاترین پێگەیشتنی دامەزراوە گەلی سیاسیو ئابووریی مرۆڤە. هێشتا دیموکراسیی سەرمایەداری لەسەر ئاستی جیهانیدا نەهاتۆتە دیو ئەشێ هەرگیز نەهێتە دی؛ بەڵام وێڕای ئەوەش، ئامانجێکە کە هەموو کۆمەڵگە تازە گەشەسەندوو و مۆدێرنەکان لایەنگری لێ دەکەنو لە هیوای هاتنە کایەدان، هەر چەند ئەو مەیلداریو لایەنگریە ڕەنگە ڕووبەڕووی بەربەستو بەرەنگارییێکی سەرسەختانەی کۆنەپەرستان لەلایەكو سوسیالیستو کۆمۆنیستەکان لەلایەکی تر ببێتەوە

ئەو دیمەنە، بە ئاشکرا وەك ئالترناتیڤێك لە بەرامبەر ڕێگا چارەی مارکسیستی خرابووە ڕوو. لەڕوانگەی مارکسیستییەوە، سەرمایەداریو دیموکراسیی بۆرژوایی، دەسکەوتی کاتین کە سەرەنجام بەهۆی سۆسیالیزمەوە بەرکەنار دەکرێنو تەمەنی دەوڵەتو حکومەت بەو شێوەیەی کە دەیزانین، کۆتایی دێت: "حکومەتی کەسەکان جێی خۆی دەدات بە بەڕێوەبەرێتیی کاروبارەکان." بەم جۆرە ئەگەر ڕووداوە ناکاوەکان، بەو شێوە بەرچاوو خێرایە ناپایەداریو لە ڕاستیدا نەمانی کۆمۆنیزمی دامەزرێنراوو لە هەمان کاتدا سەقامگرتنو مەقبولیەتی دیموکراسیان لەنێو سەرمایەداریدا وەك سیستەمێکی سیاسی- ئابووری نیشان نەدابوایە، ئەوا تێزی فوکویاما، حوکمدانێکی سەرەڕۆیانەو بەفیز دەبوو کە دەکرێ وەك گاڵتەیەکی فیکریی نیاز خراپانە لێك بدرابایەوە.

جیهانی ڕۆژئاوا، لەبارەی دیموکراسییەوە هەمیشە بەخۆیەوە دەنازێ، زۆر لە مێژە وای لێکدەدەنەوە کە دیموکراسی لە بەشێکی

جیهانی ئێمەدا هەیە. (فوکویاما لە کتێبەکەی خۆیدا نەخشەیەکی کێشاوە کە تیایدا بەریتانیای مەزن، ئەمریکاو چەند وڵاتێکی تری وەك "دیموکراسییە لیبراڵەکان" لە ساڵی ١٨٤٨وە دەستنیشان کردوون؛ گەرچی زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی ئەو دوو وڵاتە لەوی دەمیدا لە مافی دەنگداندا بێبەش بوون، کۆیلەیی هێشتا لە ئەمریکا رەت نەکرابووەوە.)[2] لەم سەدەیەدا (سەدەی بیستەم) دەبوایە داکۆکی لە دیموکراسی بکرایە لە بەرامبەر فاشیزم بەر لە ١٩٤٥و لەبەرامبەر کۆمۆنیزمیش لە سەردەمی جەنگی ساردەوە.. بەڵام ئێستاوا ئەو دوو هەڕەشەیە کۆتاییان هاتووە، یاخود کاریگەریان نەماوە. ئەرکێك کە ئێستا لەسەر شانی دیموکراتەکانە، هەوڵو یارمەتیدانە بۆ جێگیرکردنی سیستەمو دامەزراوە گەلی دیموکراتیك لەو کۆمەڵگایانەی کە تا هەنووکە لەگەڵ دیموکراسیدا ئاشنا نین، یا ئەو دامەزراوە دیموکراتیانە لەلایەن بەرپرسە دەسەڵاتگەرەکانەوە پایماڵ کراونو لەنێو براون. دواتر وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەینەوە، کە رۆژئاوا بەکردەوە تا چ رادەیەك لە پێشخستنی دیموکراسیدا هەنگاوی ناوە.

وێناکردنی وەها ئاسۆیەك لە رەوشی دیموکراسیدا، بەو پێشمەرجە دەست پێدەکات کە دیموکراسی هەر ئەوەیە کە "ئێمە" (لەرۆژئاوا)دا هەمانە، بەڵام بە دەستو دڵ کراوەییو شۆڕو شەوقێکی ئامانجگەرایانە خوازیارین بۆ ناوچە دواکەوتووەکانی رەوانە بکەین. بەم پێیە شرۆڤەکردنی دیموکراسی لە بنەرەتدا بەمانای وێناکردنی واقیعیەتە هەنووکەییەکانی رۆژئاوایە کە رەنگە تەریب بێت لەگەڵ شیکردنەوە لەبارەی چۆنێتیی پێکهاتو دروست بوونییەوە. ئەو جۆرە شرۆڤەیە، لەراستیدا نابێ رەخنەو مشتو مڕی لەسەر ئەنجام بدرێت، گەرچی لەو کۆمەڵگایانەی کە بەدوای جێگیرکردنو هێنانەکایەی



دیموکراسین رەنگە رەخنەو مشتومڕیش لەخۆ بگرێ. نەهێشتنی "دیموکراسییە چینایەتییەکان"ی دنیای کۆمۆنیستی، تەنها بەهێزبوونی ئەو شێوازە خۆ پەرستانەی لێ کەوتۆتەوە؛ چونکە ئەگەر چی باندۆرو کاریگەریی دیموکراسی لە کۆمەڵگە کۆمۆنیستیو مارکسیستییەکان گاڵتەجارانە دەکەوێتە بەرچاو، بەڵام لەرووی تیۆریو تەنانەت لەهەندێ کاروکردەکانیشیدا هەڵێنجانێکی تر لە چەمکی دیموکراسی هەبوو کە ئەو خۆ هەڵکێشانو لە خۆبایی بوونەی رۆژئاوای بە شێوەیەك دەخستە ژێر پرسیارو مشتو مڕەوە. س. ب. مەك فەرسۆن- C. B. Macpherson – لێکدانەوەیەکی هاودەردانەی لەو ئاسۆ ئالترناتیڤە لە کتێبی (جیهانی واقیعیی دیموکراسی- The Real world of Democracy )دا خستۆتە روو[3].

بەم شێوەیە، هەر کاتێك لە بارەی ئەوەی کە دیموکراسی چییە، ئەو دەستەواژەیە چ مانایەکی هەبووەو ئێستا چییە، بەشێوەیەکی راشکاوانە بیربکەینەوە، ئەوا گومانو دوودڵییەکی زۆر باڵ بەسەر ئەو شێوازە خۆ پەسندانەیە دادەکێشێ، چونکە دیموکراسی بەر لەوەی واقیعیەتێك بێت، چەمکێکە، کە چەمکێکیشە هیچ چەشنە مانایەکی وردو لێبڕاوانەی نییە. دیموکراسی ماناگەلێکی زۆر جیاجیاو چەمكو لێکدانەوەی لاوەکیی زۆری لە مێژووی دوورودرێژی خۆی هەیەو ئەمڕۆکە، لە پانتایی سیستەمە کۆمەڵایەتیو ئابوورییە جۆراوجۆرەکانەوە، بە شێوەو سیمای جیاوازەوە دەرك دەکرێ، ئەوەی کە ئەمڕۆ لە رۆژئاوادا بە دیموکراسی ناو دەبرێت، چ رابردووو چ لە ئێستادا دڵی ئەو کەسانە ئاو نادات کە هەڵێنجانی جیاجیایان لێیەوە هەیە.

ڕەنگە بۆچوونی باو بەکەمگرتنەوە بیەوێ مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتە بە ناوی هەوڵدانێکی ئاڵۆزو نا پێویست بۆ شێواندنی مەسەلەکە، بکات، لەوانەیە بە سادەیی بڵێ "ئێمە هەموومان دەزانین کە کام میللەت یا کام دەوڵەت دیموکراتیکەو کامەیان دیموکراتیک نییە"، بەڵام ئایا بەڕاستی ئێمە ئەوە دەزانین؟.

بۆ نموونە ئایا پێوانەی دیموکراسی ئەو ڕاستیەیە کە دەوڵەت بە دەنگی خەڵك هەڵدەبژێردرێ؟ دەبینین کاتێك کە هیتلەر لە ساڵی ١٩٣٣ بوو بەرێبەرو سەرکێشی ئەڵمانیا، لە میانی ڕەوەندێکی پشت بەستوو بە یاسای بنەڕەتی بەناوی ڕێبەرێکی حزبی کە زۆرترین دەنگی خەڵکی لە هەڵبژاردنەکانی ڕایشتاگ بەدەست هێنابوو ئەو پۆستەی وەرگرت، بەو پێیە ئەو خاوەنی پاڵپشتێکی دیموکراتیك بوو بۆ گەیشتن بە دەسەڵات. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کەس ڕایشی سێیەم وەك دیموکراسی ناوزەد ناکات. ئایا بە چ پێوانەیەك دەشێ بڵێین ڕایشی سێیەم دیموکراتیك نەبووە؟

لە یەکێتیی سۆڤیەتو هەموو وڵاتانی تری کۆمۆنیستی هەروەها لە زۆرێك لە وڵاتان کە بە شێوەیەکی فەرمی یان نافەرمی دەوڵەتگەلی تاك حزبیان هەبووەو هەیە جۆرێك هەڵبژاردن بەڕێوە براوە، بەڵام زۆربەی خەڵك ئەو دەوڵەتانە بە دیموکراتیك نازانن. ئەوان دەڵێن کە لە یەکێتیی سۆڤیەت، یا بۆ نمونە لە سلڤادۆر یا فلیپین لەسەردەمی حکومەتی مارکۆس دا، هەڵبژاردنی ڕاستەقینەی خۆیان بەکار نەهێناوە. بەڵام ئایا چ شتێك نیشانەی هەڵبژاردنی ئازادە؟. لە ساڵی ١٩٨٤دا هەڵبژاردنێك لەنێوان پارتە جیاجیاکانی نیکاراگوا بەڕێوە چوو، کە هەندێ لەو پارتانە لەگەڵ دەوڵەتی (ساندنیست)ەکاندا ناکۆك بوون. حکومەتی نیکاراگوا دەیگوت هەڵبژاردنەکە ئازادانە بەڕێوە



براوەو ئەنجامی هەڵبژاردن نیشانی دەدا کە دەوڵەتی ساندینستی لەلایەن خەڵکەوە پشتیوانییەکی تەواوی لێدەکرێ، کە چی ئەمریکاو چەند دەوڵەتێکی ڕۆژئاوایی هەوڵیان دا لەڕێی بێ ئیعتیبارکردنی ئەو هەڵبژاردنە بیسەلمێنن کە هەڵبژاردن ئازادانە بەڕێوە نەچووەو ساختەکاریی تێداکراوە. بەم پێیە، ئایا ئەو کات لە نیگاراگوا دیموکراسی هەبوو یا وەك ئەوەی دەڵێن تەنها ئەو کاتە دیموکراسی بە دەستهێنا کە ساندنیستەکان لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٠دا دۆڕاندیان؟

دەکرێ نمونەی ئینگلیستان لەبەر چاو بگرین. تێگەیشتن‌و هەڵێنجانی باو لە مانای دیموکراسی، بریتیە لە "حکومەتی خەڵك" یا لانی کەم حکومەتی نوێنەرە هەڵبژاردراوەکانی خەڵك، چونکە دروست بێت یا نا دروست، ئەمە وەك شتێکی گشتی قبووڵ کراوە کە خەڵك لە چوارچێوەی دەوڵەتگەلی هاوچەرخ‌و گەورەدا ناتوانن خۆیان حکومەت بەسەر خۆیاندا بکەن. بەڵام چونکە "ئەو خەڵکە" لە نێوان خۆیاندا دابەش دەبن، دەوڵەت ڕەنگە نوێنەری هەمووان نەبێت، بەڵکو لە چاکترین حاڵەتدا، نوێنەری زۆرینەیان دەبێت. بەم پێیە بە ناچاری ئێمە دەبێ سەرلەنوێ دیموکراسی پێناسە بکەینەوە. وەك باسمان کرد، لە کردەوەدا، دیموکراسی بە مانای دەوڵەتی نوێنەرانی زۆرینەی خەڵکە، بەڵام لە ئینگلیستاندا کە بە گشتی بە وڵاتێکی دیموکراتیك ناودێر دەکرێ، بە تایبەت ئینگلیزەکان خۆیان وای ناودێر دەکەن‌و خۆی پێ هەڵدەکێشن، کە چی تەنانەت لەوێشدا ئەو پێوەرە بەدی نایەت. هیچ دەوڵەتێکی ئینگلیزی لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا یا زیاتر، تەنانەت بە زۆرینەی تەواوی دەنگ هەڵنەبژێردراوە. لە سیستمە هەڵبژاردنیەکانی وەك سیستمی هەڵبژاردنی ئینگلیستان، بەهۆی بوونی دوو حزب کە دەنگی خەڵکی لەنێوان خۆیاندا دابەش

دەکەن، هەر دەوڵەتێك کە لەو وڵاتەدا هەڵدەبژێردرێ، تەنها نوێنەری گەورەترین کەمینەی ئەو خەڵکەیە کە دەنگیان داوە. لێرەدا مەرج نییە ئەو رێژەیەی دەنگدانە لە چل لە سەدی سەرجەمی دەنگدەران زیاتر بێت. بەم شێوەیە، دەبێ ئەو کەسانەی کە دەنگیان نەداوەو رێژەیان شەست لەسەدی ئەوانەن کە بەشداریان لە هەڵبژاردندا نەکردووە، لەژێر کۆنترۆڵی کەسانێك دا بن کە لەلایەن ئەوانەوە هەڵنەبژێردراون، یانی ئێمە لێرەشدا، لە تیۆری سادەو سەرەتای حکومەتی خەڵك دوور دەکەوینەوەو مەودامان دەکەوێتە نێوانەوە.

هەڵبەتە زەمینەگەلی تریش بۆ ئەو شێواوییە هەن. ئایا نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵك واتە ئەنجومەنی نوێنەران بە کردەوە تا چ رادەیەك لە بەرێوەبردنی حکومەتدا رۆڵیان هەیە؟. (لە حاڵی حازردا ئەنجومەنی باڵا دەست لە پارلەمانی ئینگلیستان کە بە تەواوی لە کەسانێك پێکهاتووە کە هەرگیز لەلایەن هیچ کەسەوە هەڵنەبژێردراون، بە لاوە دەنێین) ئەگەر بەو شێوەیەی کە بە گشتی مایەی قبوڵە، بچینە ژێر باری ئەوەی کە پارلەمان خۆی حکومەت ناکات، خودی دەوڵەت، وەزیران، کارمەندانی دەوڵەتو سەرجەم دەزگای دەوڵەتی بەکردەوە تا چ رادەیەك لەبەرامبەر ئەنجومەنی وەزیراندا بەرپرسو وەڵامدەرەوەنو لە بنەڕەتدا لەلایەن ئەوانەوە کۆنترۆڵ دەکرێن؟. ئاشکرایە کە زۆر لە ئەندامانی پارلەمان لە توانای پارلەمان سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی راپەڕاندنو بێ ئاگایی لە کاروبارەکانی، بە توندی ناڕازین. ئایا لە حکومەتێکی دیموکراتیکدا چۆن دەشێ کاتێك کۆمسیۆنێك لە ئەنجومەنی نوێنەران (یانی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی خەڵك)، خوازیاری گفتوگۆو لێپێچانەوە بێت لەگەڵ کارمەندانی دەوڵەت، رێی پێ نەدرێ، یا رووبەڕووی



گەواهیدەری وابێتەوە کە خۆیان لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لێیان دەکرێن، ببوێرن، بە شێوەیەك کە کۆمیتەی هەڵبژێردراوی نوێنەران لە کاروباری داکۆکیدا، کاتێك کە هەوڵی دەدا تا لەبارەی کاروباری وێست لاند West Land affair– – لە ساڵی ١٩٨٦ لێکۆڵینەوە بکات رەوشێکی واهاتە پێشەوە؟ بۆچی لێکۆڵینەوەیەکی دادگەری بۆ روونکردنەوەی رۆڵی ئینگلیستان لە دابین کردنی چەك بۆ عێراق بەرلەجەنگی کەنداوی ساڵی ١٩٩١و هەروەها روونکردنەوەی ئەوەی کە وەزیرانی دەوڵەت تا چ رادەیەك سەبارەت بە پرسیارەکانی پارلەمان وەڵامی گومڕایانەو ناڕاستیان دابووەوە، پێویستە؟

ئەو پرسیارانە پێویست بە وەڵامی لێبڕاو ناکەن تا بۆمان دەربکەوێ کە راستی بیرکردنەوەی سیاسیی ئینگلیستان- چ رەوتی هەڵبژاردنەکانو چ پەیوەندیی ئەو کۆمسیۆنە هەڵبژێردراوە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بەکردەوە دەزگای دەوڵەتی پێك دێننو کۆنترۆڵی دەکەن- لەگەڵ دەستەواژەی سەرەکیی خەڵك یا نوێنەرانی خەڵك، جووتو هاوتەریب نییە نماو رەنگدەرەوەی ئەو دەستەواژەیە نییە. ئایا ئەو رەوشە چاکترینو نزیکترین پەیوەندی شیاوو کردارییە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی کە بتوانین پێی بگەین؟، ئایا دەرفەتی ریفۆرمی زیاتر نییە؟ ئایا ئەگەر دەزانین دەرفەتی لەو چەشنە نییە زۆر ساویلکانەو سەرچیخانە نییە کە بڵێین ئینگلیستان وڵاتێکی دیموکراتیکە؟ ئایا دەشێ پەیوەندیی ئاڵۆزکاوی راستیە بەردەستەکانی ئینگلیستان لەگەڵ بنەما سەرەکیەکان یا ئامانجەکانی دیموکراسی، وا بە ئاسانی نادیدە بگرینو بیخەینە لاوە؟.

هەرێمێکی بەریتانیای گەورە، واتە ئایرلەندای باکوور، بە نموونە دێنینەوە: پارتی یەکێتیخواز- Unionisty party-، پەنجا ساڵی تەواو،

یانی هەر لە ساڵی ١٩٢٢ تاکو ١٩٧٢ لەسەر یەك بە زۆرینەی هەرە زۆری دەنگ لە هەڵبژاردنەکانی ئەو هەرێمەدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە.. بە دەستکاریی بێ شەرمانە لە دەنگەکانی مەڵبەندەکانی هەڵبژاردن، چەند کورسییێکی زیاتر لەوەی بەڕاستی مافی خۆی بوو، لە پارلەمانی ستۆرمۆنت- Stormont Parliament- (واتە پارلەمانی ئایرلەندای باکوور) دەستەبەر دەکات، بەڵام پێویست بەو دابەشکردنە ناعادیلانەی مەڵبەندەکانی هەڵبژاردن نەبوو، چونکە بەبێ ئەو دەستکاریکردنەش، یەکێتیخوازەکان، خاوەنی پشتیوانییێکی ئەوتۆی خەڵك بوون کە هیچ دەوڵەتێکی تری وێست مینستەر- westminister- لەو ئاستەدا نەبووە. یەکێتیخوازەکان، بۆ کەمکردنەوەی رۆڵی کاتۆلیکەکانو کەمینەی ناسیونالیستی خەڵکی ئایرلەندا بە گشتیو گۆڕینیان بۆ هاووڵاتیانی پلە دووەم، سوودیان لەو سەنگەرە بەهێزە (واتە هەڵبژاردن) وەرگرتو مامەڵەیەکی شۆڤێنیانەیان دەرهەق بە مافی نیشتەجێ بوونو کارکردنیان ئەنجام داو رێیان لە گەیشتنیان بە نێوەندەکانی دەسەڵاتو دەسەڵاتگەری گرت. ئەمان بێگومان بەو مامەڵەو هەڵسوکەوتەیان، رەزامەندیی زۆرینەی لایەنگرە پرۆتستانەکانی خۆیان بەدەست هێناوە، بەڵام ئایا بە کردەوە لەوەها رەوشێکدا دەکرێ بڵێین لە ئایرلەندای باکووردا دیموکراسی بوونی هەیە؟ هەڵبەتە ئەمڕۆ کاتێك کە دەبینین رێبەرانی یەکێتیخواز، خوازیاری "گەڕانەوە بۆ دیموکراسی" دەبن لەو مەڵبەندە، ئەوا مەبەستیان گەڕانەوەی سەرلەنوێیە بۆ یاسای زۆرینەی سادە کە بە کردەوە بە مانای گەڕانەوەی دەسەڵاتو هەژموونی پرۆتستانەکانە. بەکورتی دەتوانین بڵێین حکومەتی یەکێتخوازەکان لەو ساڵانەدا، لادانێکی ئاشکرای دیموکراسی بووە، یان دەبێ وا بێت. بەڵام



بەشێوەیەکی دیاریکراو، ئێمە بە گوێرەی چ پێوەرو تێڕوانینێك، دەتوانین بڵێین ئەوانە "دیموکراسی" نین؟، ئەگەر دیموکراسی بەمانای حکومەتی زۆرینە نەبێت، دەبێ مانای چی بێت؟ بێگومان بە هێنانەوەی نموونەی زۆرەوە دەتوانین ئەوە نیشان بدەین کە بەو پێناسە سادانەی خۆمان ناتوانین تێگەیشتنێکی روونو تەواو سەبارەت بە دیموکراسی بخەینە رووەوە. کاتێك کە بە شێوەیەکی لێبڕاوو هەمەلایەنە بیرمان لە مانای دیموکراسیو هەروەها پەیوەندیی نێوان ئایدیاو واقیعیەت کردەوە، ئەوسا بۆمان روون دەبێتەوە کە تێڕوانینی باو لەو بارەیەوە، چەندە ناتەواوە.

پەیوەندی نێوان ئایدیاو واقیعیەت، تەنها یەکێکە لە گرفتەکان. هەندێ لە نووسەرانی سەدەی بیستەم، تەنها بەو پاساوەی کە بوویەرە هاوچەرخەکان لەگەڵ هەندێ لە چەمکە کلاسیکەکانی دیموکراسی کۆك نین، ئەوەیان باس کردووە، کە دەبێ چاوبخشێنینەوە بە هەڵێنجانو لێکدانەوەکانی خۆمان سەبارەت بە دیموکراسیو ئەوە بەشێوەیەکی واقیعیانە لەگەڵ ئیمکاناتی کۆمەڵگە پێشکەوتووە هاوچەرخەکان بگونجێنین. پێویست بەوە ناکات ئەو باسەی ئەوان لە رێرەوی تایبەتدا پەیگیری بکەین تا بۆمان دەرکەوێ کە پێناسەکردنی دیموکراسی بەهۆی ئەو نموونانە زەحمەت بووە کە من بەشێوەیەکی گشتی گواستمنەوە. ئەو کەسانەی کە خۆشیان لەوە نایە یەکێتیخوازەکانی ئایرلەندای باکوور بە دیموکراتیك ناودێر بکرێن، یاخود ئەو کەسانەی کە بەگشتی لەناو هێنانی بەریتانیای گەورە بە دیموکراسی ناڕازین، ناچارن کە چاو بە ماناو پێناسەی دیموکراسیدا بگێڕنەوە. بەراستی ناکرێ تیۆری دیموکراسی بە هەند هەڵنەگیرێو نەخرێتە بەر سەرنجو هەڵسەنگاندنەوە. ئێمە دەبێ مەبەستی خۆمان

له "دیموکراسی" ڕوونتر لەوەی ئێستا بیری لێ دەکەینەوە، دەربڕین. کاتێ مانای ئەو دەستەواژەیە شەنو کەو دەکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە دیموکراسی هەمیشە بە فۆرمو شێوەی جیاجیاوە لێکدراوەتەوەو هێشتاش هەروا لێك دەدرێتەوە، شێوەو فۆرمگەلێك کە ڕەنگە پایەو ریشەی هاوبەشیان هەبێت، بەڵام یەکسان نین.

زۆریش بەرێکەوت یا بەهۆی هەرایەکی سادەو تەنانەت لە ئەنجامی هەوڵدانێکی مەبەستدار نەبووە کە ئەو زاراوەیە وا بەکارهاتووە یان بە مەبەستێکی تایبەتی سیاسی خراپ سوودی لێ وەرگیراوە. لەوانەیە تەواوی ئەو فاکتەرانە ڕۆڵیان تیادا هەبوو بێت، لەراستیشدا هەروایە.

دیموکراسی، هەر وەك چۆن( و. ب. گالی - W. B. Gallie) ناوی نابوو: "لەبنەرەتدا چەمکێکە مایەی شیکردنەوەیە". دیموکراسی، خۆی لەخۆیدا ئایدیایەکە قابیلی هەڵسەنگاندنو ناپایەدارە. "دیموکراسی" وەك "ئازادی"، "یەکسانی"، "عەدالەت"، "مافی مرۆڤ"و شتی لەو چەشنە، زاراوەیەکە، کە هەرچەندەش مانایەکی وردی هەبێ،کە چی بە بڕوای کەسانێکی زۆر هەمیشە بەمانای بنەمای سیاسی یان ئامانجێکی بەهادار لێك دراوەتەوەو تەماشاکراوەو ڕەنگە هەر لەبەرئەوەش بێت کە هەرگیز مانایەکی یەکانگیرو مایەی ڕێککەوتنی نەدابێتە دەستەوە. لەوانەیە ئەو مەسەلەیە، بۆ زەهنە سادەکان تاقەتپروکێن بێت، بەڵام نابێ لەژێر هیچ پاساوێکدا ببێتە مایەی نیگەرانیو نائومێدی. دیموکراسی یەکێکە لە پایەدارترین ئایدیاکان لە سیاسەتداو لە سەدەی بیستەمدا گۆڕاوە بۆ بابەتێکی بنچینەیی. پێدەچێ دیموکراسی، هەمیشە بابەتێکی بنچینەیی بێت، بەڵام ماناکەی وەستاوو نەگۆڕ نابێت. فەرهەنگنووسانو تیۆریسەنە سیاسیەکان، نە دەتوانن و نە دەبێ ئەو ئومێدەشیان هەبێت کە ئەو



پرۆسەیە، لە شوێنی خۆی بوەستێ؛ گەرچی ڕەنگە خولیای ئەوەیان هەبێت کە بە ئاراستەیەکی دیاریکراوو تایبەتی دابکشێنن.

بەم پێیە، بە لەبەر دەست بوونی بەڵگەی پێویست، دەشێ وا بیر بکەینەوە کە ئەو کەسانەی هەوڵ دەدەن تاکو دیموکراسی تەنها لەسەر بنەمای بوویەرە هەنووییەکان یا لەسەر بنەمای جۆرێك سیستەمی سیاسی یان فەرهەنگی کە هەندێ لە کۆمەڵگەکان هەیانەو هەندێکی تر نیانە، پێناسە بکەن، لە ڕەوتی مێژوو بەجێ دەمێنن. دیموکراسی، پێدەچێ نەك هەر وەکو چەمکێکی باسهەڵگر بمێنێتەوەو بەس، بەڵکو چەمکێکی "ڕەخنەیی"ش دەبێت: واتە دەبێتە ڕێبازێك یان ئامانجێك کە بە هۆیەوە واقیعیەت دەخرێتە نێو هەڵسانگاندنو تاقیکردنەوەو شتی ناتەواو دەستنیشان دەکرێت. دەبێ هەمیشە هەوڵ بدەین پەرەو گەشەی زیاتر بە دیموکراسی بدەین. مەبەست ئەوە نییە لە کۆتاییدا دیموکراسییێکی تەواومان دەست کەوتبێت، هەروەك چۆن نابێ چاوەڕوانی ئازادی یا عەدالەتێکی کامڵیش بین. لە جیاتی ئەوە، قسە لەسەر ئەوەیە کە ئایدیاو ئامانج هەمیشە لە بری ئەوەی پاڵپشتێك بن بۆ خۆ هەڵکێشان، ڕۆڵی چاکسازیان هەیە. بەو دەربڕینە، لەوە زیاتر شتێك ناڵێم کە مێژوو، کەم تا زۆر وەك تائێستا ناسیومانە، لە ئایندەشدا درێژەی دەبێت (ئەگەر ئادەمیزاد ئایندەیەکی هەبێت)؛ کاتێ کە لە رابردوو دەڕوانین، کایەو پرۆسەی بەردەوام لە گۆڕانو نوێکردنەوەی ئایدیاو هەروەها بوویەرە ماددییەکانیش دەبینین کە لە ڕەوتی ژیاندا پەیان پێدەبەینو ئاشنایان دەبین. بە چاوبڕینە ئەو گریمانەیە کە لەم سەدەیەدا بتوانین پێناسەیەکی پایەدار لە دیموکراسی بدەینە دەستەوە یا تەنانەت بەرزەفڕانە رایبگەیەنین لەم سەدەیەدا، دیموکراسی بەشێوەی کۆتاییو تەواوەوە دێتە دی، نەك هەر

ئەگەرەكانی ئایندەمان نادیدە گرتوون، بەڵكو بوویەرە بەردەستەكانی رابردووشمان رەچاو نەكردوون. بەم شێوەیە، هەر لێكۆڵینەوەیەك لەمەڕ دیموكراسیو هەر هەوڵدانێك بۆ پەی بردن بە ماهیەت یان ماناكەی، پێویستە تارادەی توێژینەوەیەك مێژووییانە بێت. هەتا ئەگەر تەنها خوازیاری ئەوە بین كە بێ دوودڵیو بەبێ توێژینەوە، ببینە بەربەست لەبەردەم قبوڵكردنی دەربڕینە هەنووكەییەكان سەبارەت بە جێگیربوونی پێناسەی دیموكراسی، بە ناچاری دەبێ بۆ كاربردی مێژوویی ئەو زاراوەیە بگەڕێینەوە.

دوورنمای مێژوویی، لە یەكەم نیگادا، تایبەتمەندیی نارۆشنو ناكۆكی مێژووی دیموكراسی ئاشكرا دەكات. رۆشنبیرانو زانایان لە سەرانسەری مێژووی دوورودرێژی دیموكراسیدا، لە یۆنانییە كۆنەكانەوە بگرە تا سەردەمی هاوچەرخ، دیموكراسیان بە خراپترین جۆری حكومەتو كۆمەڵ دەزانی. لەو ماوەیەدا مانای دیموكراسی كەم تا زۆر هاومانای "حكومەتی گەجەرو گوجەرو كەسانی نزم" بووە، بەپێی ئەو پێناسەیە، بۆ سەرجەم بەها بنچینەییەكانی كۆمەڵگەی شارستانیو خاوەن نەزمو سیستم، بە هەڕەشەیەك دەزانرا. (س. ب. مەك فەرسۆن C. B. Macpherson) ئەو خاڵەی بە چاكی نیشان داوە:

"دیموكراسیان بە زاراوەیەكی خراپ دەزانی، هەمووان پێیان وابوو كە مانای راستەقینەی دیموكراسی، واتە حكومەتی خەڵك یا حكومەتێك كە بە بەراورد لەگەڵ خواستی كۆمەڵانی خەڵك، خراپەو مەترسییە لەسەر ئازادیی تاكە كەسیو هەموو بەهاكانی ژیانی شارستانی. نزیكەی سەرجەم بیرمەندان لە سەردەمانی زووو سەرەتای مێژوو تا سەد ساڵی بەر لە ئێستا ئەو هەڵوێستەیان لە دیموكراسی



هەبوو. لەوە بەدواوەو پەنجا ساڵێك بەر لە ئێستا، ئیدی دیموكراسی بە مانایەكی باش لێك دراوەتەوە [4].

گومانی ناوێ كە دەركو تێگەیشتنی ماهیەتو هۆكاری ئەو گۆڕانە لە تێڕوانینە كۆنەكاندا، بایەخێكی چارەنووسسازی هەیە. دەبێ لە خۆمان بپرسین كە بۆچی وا بێ ئیرادەو بەبێ نیشاندانی بچووكترین گومانەوە، دیموكراسی پەسند دەكەین، هەر وەك چۆن ئەگەر سەدەیەك بەر لە ئێستا بژیابایین بەم شێوەیەی ئێستاو لێبڕاوانە پشتیوانیمان لەو چەمكە (مەترسیدار !)و رادیكاڵە نەدەكرد. ئایا تێڕوانینی گشتی لە دیموكراسی لە رەگوریشەوە گۆڕانی تێكەوتووە؟ یاخود دیموكراسی مشتوماڵو پوختەكراوە تا لەگەڵ گومانو ناكۆكییەكانی پێشوودا بسازێت؟

دەستەواژەكان، بەتایبەت دەستەواژە سیاسییەكان، دەتوانن بەشێوەیەكی گومڕایانە جێبگرنو لە شوێنی خۆیاندا بوەستن. پارتە سیاسییەكان بۆ ماوەیەكی دوورو بەردرێژ، ناوێك بۆ خۆیان دەپارێزن كە شوناسێكی یەكسان لەخۆ دەگرێ. ئێمە بە گوێرەی خووو نەریتەوە، (بورك -Burk)* ، (دیزرائیلی -Disraeli)**و مارگرێت تاچەر بە "محافزكار" دەزانین، بەڵام رەنگە ئەو ناونیشانە هاوبەشەی ئەوان، جیاوازیی نێوانیان بشارێتەوە. ئەو مەسەلەیە بۆ زاراوەیەكی كۆنتری وەك "دیموكراسی"یش هەر وایە. ئایا بەراستی دەركو

* بورك Burk:١٧٢٩-١٧٩٧سیاستمەدارو فەیلەسوفی سیاسیی ئینگلیزی.
** بێنجامین دیزرائیلی- B. disraeli:- سیاستمەدارو سەرەك وەزیرانی سەدەی نۆزدەهەمی ئینگلیستان.

تێگەیشتنی دەورانی ئەفلاتوون و (پەریكلێس –Pericles)[***] لە دیموكراسی یا لەو ناوەی بەسەریان دادەبڕی، لەگەڵ دەرك و تێگەیشتنێك كە (٢٥٠٠) ساڵ دوای ئەوە فۆرمۆلە بووە، سیمای هاوبەشیان هەیە؟ ئایا توێژینەوە سەبارەت بە دیموكراسی تایبەتە بە توێژینەوە لەو مانا جیاجیایانەی كە دراونەتە پاڵ ئەو دەستەواژەیەو وەك چەترێكی زمانەوانی بۆ هەموویان بەكار دەبرێن؟.

یەكێك لە ئامانجەكانی ئەم نووسینە، وەڵامدانەوەی ئەو جۆرە پرسیارانەیە، بەڵام پێدەچێ وەڵامدانەوەیەكی كورت و پوختە سوودمەندتر بێت. تا ئێرە جەختم لەسەر ناپایەداریی لە گۆڕان هاتووی ئەم زاراوەیە كردۆتەوەو بێهوودەیی و تەنانەت نەفامیی ئەو هەوڵدانانەم ئاماژە پێداوە كە هەوڵ دەدەن مانای دەستەواژەی وا پڕ بایەخ بسەپێنن یا جێگیر بكەن، بەڵام ئاراستەی وەها باسێك ڕێژەییە یا بە دەربڕینێكی تر، نۆمینالیزمێكی ئیختیاریانەی سەر لەبەرو تەواوە؛ (هەمپتی دەمپتی -Humpty Dumpty)لە كتێبێكدا بەناوی (ئالیس لەنێوان ئاوێنە - Alice through the looking-glass )دا دەرخەری ئەو جۆرە تێڕوانینەیە. هەمپتی دەمپتی بە دەربڕینێكی تارادەیەك گاڵتە ئامێزەوە دەڵێ: "كاتێك دەستەواژەیەك بەكاردێنم، تەواو ئەو مانایە دەبەخشێ كە بۆیم هەڵبژاردووە نە زیاترو نە كەمتر.) ئایا ئێمە ناچارین كە لە بارەی دیموكراسیشەوە هەمان هەڵوێستمان هەبێت؟ ئایا دەشێ دیموكراسی هەمان ئەو مانایەی هەبێت كە بەكارهێنەری ئەو دەستەواژەیە دەیەوێت؟

---

[***] پەریكلێس – Pericles: سیاستمەداری ناسراوی یۆنانی.



لە وەڵامی ئەو پرسیارەی دواییدا لە یەك وشەدا دەكرێ بڵێین: بەڵێ، دەستەواژەكان تاپۆو مافی دانەر –copyright- یان بەسەرەوە نییە. كەس بۆی نییە ڕێگر بێ لە بەكارهێنانی دەستەواژەیەك بەو شێوەیەی كە بەكارهێنەر دەیەوێ بەكاری بێنێ، ئەمە لەكاتێكدا كە بەكارهێنەر، دەستەواژەكە ڕوون بكاتەوە كە چ مەبەستێكی لەو شێوە بەكارهێنانە هەیە، هیچ گرفتێكی تیا نابێت. بەڵام، لە جیاتی ئەوە، پرسیاری واقیعی ئەوەیە كە ئایا بنەمایەكی قابلی قبووڵ و هاوبەش سەبارەت بە مانا هەیە لە بەكارهێنانە جیاجیاكانی دەستەواژەیەك كە بەرچاو ڕوونیمان پێبدا لەوەی بڵێین ئەم یان ئەو شێوە بەكارهێنانەی دەستەواژەكە نادروست بووە یان بە هەڵە بەكار براوە؟ ئایا هەموو ئەو مانایانەی كە دراونەتە پاڵ "دیموكراسی" بەكارهێنانەكەیان وەك یەك ڕەواو مایەی پەسندە؟، یاخود هەندێ لەو شێوە بەكارهێنانە، دەرخەری جۆرێك دزی و دەمگۆیی و هەوڵدانێكن بۆ دەست بەسەر داگرتنی دەستەواژەی تر كە بە شێوەیەكی دیاریكراوو لەڕاستیدا هیچ پەیوەندیان بە نێوەڕۆكەكەیەوە نییە؟

باوەڕم وایە كە "دیموكراسی" لەڕاستیدا وەك " ئازادی" یا "عەدالەت" زاراوەیەكە بە ڕستەیەكی یەكانگیر لە ماناوە لە چوارچێوەی هەموو ئەو بەكارهێنان و لێكدانەوە جۆراوجۆرانەی كە لێیەوە دەكرێن، جێی گرتووە. لەڕاستیدا ئەو كاكڵە ماناییە، ئەوەندە گشتی و ساخ نەبووەوەیە كە ئەو هەمەچەشنییە دەداتە دەستەوە، بەڵام ئەوەندەش ناڕۆشن نییە كە ڕێگە بدا هەر مانایەكی دڵخوازتەی بدرێتە پاڵ. لە ڕیشەی هەموو پێناسەكانی دیموكراسیدا، جا ئەو پێناسانە هەرچەندە ناڕۆشن و ئاڵۆزیش بن، بیرۆكەو ئایدیای حاكمیەتی بە كۆمەڵ و ڕەوشێك جێی گرتووە كە تیایدا دەستەڵات و

تەنانەت هێزو هەژموونیش پشت بەستوو بە خەڵکە. هەمیشە وا لێك دەدرێتەوە کە ئەو دەسەڵاتە یا ئەو هەژموونە، دەسەڵاتو هەژموونێکی سیاسییە، بۆیە وەك ئایدیای حاکمیەتی گشتی تەماشای دەکرێ؛ بەو مانایەی کە خەڵك دوایین چاوگی هەژموونی سیاسییە. بەڵام دەسەڵات یا هەژموونگەرایی، مەرج نییە هەر تەنها سیاسی بێت. دیموکراسی هەمیشە بە مانای شێوەیەك لە دەوڵەت یا هەڵبژاردنی دەوڵەت بەکار ناهێنرێ: دەشێ زاراوەیەك بێت کە بۆ سەرانسەری کۆمەڵگەیەك بەکاربرێت. توێژینەوەی گرنگی ئالێکسی دو تۆکڤایل (Alexis de Tocuerill) لەژێر ناوونیشانی دیموکراسی لە ئەمریکا (Democracy in America)، لە بنەڕەتدا دەربارەی کۆمەڵگەی ئەمریکییە، نەك سیستمی دەوڵەتی یاخود سیستمی سیاسیی ئەمریکا.

ئەم پوختە یا کاکڵەی هەڵێنجانە، بە ئەندازەیەك بونیادیو گشتییە کە پانتاییەکی زیاتر لە پێناسەگەلی سادەو دیاریکراوتر کە لەگەڵیاندا رووبەرووە، لەخۆ دەگرێت. لەو کاکڵە هاوبەشەدا قسەیەك لە بارەی هەڵبژاردن یان نوێنەرایەتی بەدی ناکرێ. دیار نییە داخۆ "خەڵك" لە چ کەسانێك پێك هاتوون، پرسیارێك کە لە سەرانسەری مێژووی دیموکراسیدا، ئەم وەڵامەی ئەمڕۆی نەبووە کە وەڵامێکی ئاشکراو ساخ بووەوەیە. دیموکراسی، ئایدیاییێکە کە بە ئاسانی دەشێ وردەکاریو دەستکاری تیا بکرێت، یا ساکارو کەم رەنگ بکرێت. ئەو ئایدیایە، دەتوانێ لە نێوان ئەو کەسانەی کە لە "خەڵك" هەراسانن، دوژمنایەتییێکی مایەی هەستپێکردن بنێتەوە. بەم شێوەیە لە هەموو هەڵێنجانێکی مایەی پەسند سەبارەت بە دیموکراسی، وەك پێویستیەك "خەڵك" توخمی سەرەکییە. هەر چەشنە بانگەشەو دەربڕینێك لەسەر ئەو بنەمایەی کە حکومەت یا دەوڵەتێك، رژێم یا کۆمەڵگەیەك



بەشێوەیەکی "واقیعی" یا لە "دوا شیکردنەوە"دا دیموکراتیکە، هەرچەندە غەیرە قابلی قبووڵیش بکەوێتە بەرچاو دەبێ ئەو مانا لاوەکییە لەخۆ بگرێ کە ئەم یان ئەو دەوڵەت، رژێم یا حکومەتی جێی مەبەست بەم شێوە یا بەو شێوەیە خزمەتگوزاری خەڵك بێت، یا نوێنەری ئەو خەڵکە بێتو خواستی واقیعیی خەڵك لە رێی ئەوەوە دەربکەوێتو خەڵك پشتیوانی لێ بکەن، هەتا ئەگەر ئەو پشتیوانیکردنە لە چوارچێوەو بەشێوەی ئادابو نەریتگەلی وەك هەڵبژاردنیش بەرجەستەونمایان نەبووبێت. دەشێ ئەو بانگەشانە ساختەکارانە بن کە لە زۆر بابەتیشەوە هەروان. هەرچەندە لەو بانگەشانەشدا خۆ نواندنی دیموکراتیانە بەدی دەکرێت: ئەو دەوڵەتانە بۆ رەوایی بەخشین بە رژێم یا کارو هەنگاوێك کە تەنانەت رەنگە وەك کۆدەتا، سەرەڕۆیانەش بن، دیسان پەنا دەبەنەوە بەر خەڵكو خواستەکانی خەڵك.

ئەو رەوشە، تایبەتمەندیی سیاسەتی سەدەی رابردووو تا رادەیەك تایبەتمەندیی سیاسەتی دوو سەدەی دوای شۆڕشەکانی ئەمریکاو فەرەنسا بووە. رەزامەندی، هاودەنگی یا پشتیوانیی "خەڵك" بەشێوەیەکی بەرفراوان سەرچاوەی سەرەکیی رەواییو شەرعیەتی ئەو دەوڵەتو رژێمانە بووە، کە لەراستیدا لەوانەیە دەسەڵاتگەراش بوو بن. مەزهەب، یا وەك چینییەکان دەڵێن "حوکمی ئاسمانی"، یەکسەرە بە لاوە نەنراوەو رەت نەکراوەتەوە، تەنانەت لە جیهانی ئیسلامیشدا لەگەڵ شێوەیەك نوێبوونەوەی ژیان رووبەڕوو بووە. بەڵام تەنانەت لەوێشەوە دیاردەیەکی تارادەیەك دیموکراتیكو گەلیی، لە ئارادایە. تەنها ئەو مەزهەبانە کە لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە لایەنگریان لێ دەکرێت، رەوایی بەدەست دێنن. یاساکانی ئیسلامی لە ئێران یا

پاکستانو تارادەیەك یاساکانی کاتۆلیکی لە ئایرلەندا، بەپێی ئەو بنەمایە لەلایەن خەڵکەوە پەسند دەکرێن کە لە بنەڕەتدا مەزهەب مایەی قبووڵی کۆمەڵانی خەڵکە. ئەگەر وەها پێگەیەکی جەماوەریی بوونی نەبێت، ئەو یاسایانە بە دژوارییێکی زۆرەوە بەسەر خەڵکدا دادەسەپێنرێن، هەڵبەتە ئەگەر بشێ دابسەپێنرێن.

لەوانەیە پەنابردن بۆ پشتیوانیو ڕەزامەندیی گشتی، لە نیازپاکییەوە نەبێتو تەنانەت درۆیەکی شاخداریش بێت، بەڵام "ریاکاری، خراپەکارییێکە، کە پێشکەش بە چاکەو شکۆمەندیی دەکرێت"و لە سەدەی بیستەمدا، دیموکراسی دەرخەری جۆرێك چاکەو شکۆمەندیی سیاسییە. ئەو کەسانەی بە قسە داکۆکی لە بنەماگەلێك دەکەنو لە بواری کرداریدا قسەکەی خۆیان ناگەیەننە جێ، هەمیشە لەژێر مەترسی ئەوەدان کە لەلایەن ئەو کەسانەی لایەنگریو داکۆکیکردنەکەیان راستگۆیانەترە، غافڵگیر بکرێن. بەم شێوەیە، ئایدیای دیموکراسی، یا ئایدیای دەسەڵاتی گشتی، هێشتا لە توانامەندیی رادیکاڵەوە بەهرە وەردەگرێت. هەمیشە کەسانێك دەبن کە لە کاتو ساتی خۆیدا بپرسن داخۆ ئەو رێوشوێنە هەڵبژاردنیانە، چ گونجاویو هاوئاهەنگێکیان لەگەڵ بنەمای سەرەکیی دەسەڵاتی گشتیدا هەیە؟ یان چما ئەو بنەمایە نابێت کاریگەریی لە قەڵەمڕەوی ئەو کەسانەدا هەبێت کە خاوەن ئیمتیازو دەسەڵاتگەرن کە تا ئێستا لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیەدا بوون؟. ئەو کەسانەی کە دەڵێن دیموکراسی لەشێوە هەڵبژاردنێکی دەوڵەتە میللییەکان بەترازێ شتێك نییە، ناتوانن رێ لەو گومانو پرسیارانە بگرن. ئەگەر تێڕوانینی من راست بێت، ئەوان نەك هەر دژی ئەو تێڕوانینە دەبن بەڵکو بە سووكو سادەیی کۆمەڵێك کاربردی تازە بۆ هەمان ئەو بنەما



سەرەکیەی دەسەڵاتی گشتی دەدۆزنەوە. ئەوان، لە دوایین لێکدانەوەی سەرلەنوێ لە دیموکراسی، یا لە بەکارهێنانی تازەی ئایدیای کلاسیکی دیموکراتیکدا، بەشداری دەکەن. مێژوو بەو ماناو نێوەرۆکە، درێژە بە رەوتی خۆی دەدات.

بە کورتی، ئەگەر پەیگیریی پێشکەوتنی ئایدیای دیموکراسی لە سەردەمی یۆنانیانی زووو هەندێ لەو مەسەلانەی کە کاریگەریان لە سەر ئایدیایی دیموکراسیدا هەیە، بکەین، بەزوویی بنەمای چارەنووسسازانەی دەسەڵاتی گشتیمان بۆ ئاشکرا دەبێت، ئەوسا، زۆرێك لەو پرسانەی کە شاشو لێڵ دەکەونە بەرچاو، روون دەبنەوەو تێیان دەگەین. ئەو مەسەلەیە لانی کەم پێشمەرجێکە کە مەبەستی ئەم نووسینە دەردەخات.

# بەشی یەکەم

## دیموکراسی لەڕووی مێژووییەوە



## 2
## داهێنانی دیموکراسی

دیموکراسی وەك زۆر لە چەمكو زاراوە بنچینەییەکانی زانستی سیاسەت، (لەنێویاندا خودی "سیاسەت") لە بنەڕەتدا دەستەواژەیەکی یۆنانییە کە لە دوو وشەی کورتتر واتە "دیموس"و "کراتوس" پێك هاتووە. هەریەك لەو دووانە چەند مانایەکیان هەیە. وشەی "دیموس" هەم بە مانای سەرجەمی ئەو هاووڵاتیانە دێت کە لە "پۆلیس" یا دەوڵەت- شاردا دەژین،و هەم دەکرێ بە مانای "گەجەرو گوجەر" یا "خەڵکی ڕەشۆکی"و یاخود "چینو توێژە هەژارو نەدارەکان" بەکار بهێنرێت. "کراتوس"یش دەشێ هەم بە مانای "دەسەڵات"و هەم بە مانای "یاسا" بێت، کە ئەو دووانە مانایەکی یەکسانیان نییە. دەتوانین گروپو تاکگەلێك بخەینە بەرچاو کە بێ ئەوەی بەشێوەیەکی فەرمیو زەقەوە حکومەت بکەن، خاوەنی دەسەڵات بن. بەم شێوەیە ڕەنگە لە دیموکراسییێکی شەکڵیدا کە پێمان وایە خەڵك یا نوێنەرانی خەڵك حکومەت دەکەن، دابەشکردنی دەسەڵاتی واقیعی بە تەواوی نادیموکراتیانە بێت. یا بەپێچەوانە، لە سیستمێکی سیاسی کە تیایدا

پاشایەتی یا ئەرستۆکراسی بە شێوەیەکی فەرماییشی حکومەت دەکات، رەنگە ئەو راستیە دەرنەکەوێ کە دەسەڵاتی واقیعی لە دەستی خەڵك دایە، ئەو تەمومژو شاشیەتییە لە هەردوو وشەی پێکهێنەری دیموکراسیو لە کاتی فۆرمۆڵە بوونی چەمكو واقیعیەتی دیموکراسی هەبووەو بایەخێکی گرنگیشی هەیە بۆ تێگەیشتن لە ماناو مێژووەکەی.

دیموکراسی بە مانای حکومەتی خەڵك یا حکومەتی زۆرینەی خەڵك بوو؛ بەڵام چونکە زۆربەی خەڵك هەژارو نەدار بوو، مانای حکومەتی هەژاران یا حکومەتی کۆمەڵانی بەربڵاوی خەڵکیشی لەخۆ دەگرت. بەتایبەت( ئەرستۆ) تێڕوانینێکی تەواو رۆشنی لەو بارەیەوە هەیە. لە دیدی ئەودا، ناکرێ حکومەتی زۆرینەی دەوڵەمەندان بەشێوەیەکی تایبەت بە دیموکراسی ناودێر بکەین: "وایدابنێین لە شوێنێکدا هەزارو سێ سەد کەس دەژین؛ لەوانە هەزار کەسیان دەوڵەمەندنو هیچ بەشدارییێك لە دەوڵەتدا بۆ سێ سەد کەسەکەی تر بەرەوا نابینن‌و قایل نین؛ ئەو سێ سەد کەسەش کە خەڵکانێکی ئازادن لە بوارەکانی تردا وەك ئەوانی ترن؛ ئەوا لەو هاوکێشەیەدا هیچ کەس ناتوانێ بڵێ ئەو هەزارو سێ سەد کەسە بەشێوەیەکی دیموکراسیانە دەژین." ژمارە بە تەنێ ماهیەتی دیموکراسی دیاری ناکات. "هەرکاتێك دارایی ئادەمیزاد بوو بە پایەی حکومەت- چ کەمو چ زیاد- ئەوا لەگەڵ ئۆلیگارشیدا رووبەڕوو دەبین‌و کاتێك کە هەژارانیش حکومەت دەکەن لەگەڵ دیموکراسیدا رووبەڕووین"[1] بەم پێیە ئۆلیگارشی بە مانای حکومەتی چەند کەسێکی بە ژمارە کەم نییە، بەڵکو حکومەتی چەند کەسێکی "دەوڵەمەندی خاوەن ئەسڵو نەسەب"ەو دیموکراسیش حکومەتی خەڵکی هەژارە.



بە هەمان شێوە، سەبارەت بە دەستەواژەی "ئەرستۆکراسی"ش لێڵیو تەمومژێکی هاوشێوەو تەواوکەری ئەوەی پێشوو هەبوو.

ئەرستۆکراسی بەمانای راستەقینەی وشە، حکومەت یا دەسەڵاتی "چاکترەکان" بوو. بەڵام ئەو مانایەی کە ئەو دەستەواژەیە بەسەر خۆیدا بڕیویە، بە رێکەوتو لە خۆوە نییە؛ چونکە ئەو تێڕوانینە هەبوو کە ئەو ژمارە کەسەی دەوڵەمەندو رەسەنن، ئەوا چ لەرووی ئەخلاقیو چ لەرووی سیاسییەوە خەڵکە هەرە "چاکەکەشن". نووسەرانی وەك ئەرستۆو "ئۆلیگارش کۆهین" کە لایەنگری دیموکراسی نەبووەو سەدەیەك بەرلەوەوە ژیاوە، زاراوەگەلی وەك "پارێزکار"، "ئابڕوومەند"، "چاکترین"، "دەگمەن"، "ناودار" یان بەکار دەهێنا کە نزیکەی هاوتەریبی یەکتر بوون. لە بەرامبەر ئەو گروپە بژاردەیە، گروپێکی تر هەبوو کە بەشێوەی جیاجیا بە "گەجەرو گوجەر"، "هەژاران"، "رەشۆکی"، "خراپترین"و ئەو شتانە ناودەبران [2].

ئێمە ئێستا مەبەستمان نییە دەستەواژەی دیموکراسی بەو دەربڕینە رۆشنانەوە ببەستینەوە کە ناکۆکی چینایەتیو ململانێی کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرن. ئەو لێکدانەوەیە کە لایەنگری لە دیموکراسی رەنگە جۆرێك هەڵوێستگیری بێت لە ململانێی چینایەتی، هەنووکە بەلای زۆربەی خەڵکەوە چەمکێکی پوچو بێ مانایە. لەگەڵ ئەوەشدا، دیموکراسی چ لە یۆنانی کۆنو چ لە زانستی سیاسەتی دوو سەدەی رابردوودا، هەرگیز بەبێ ململانێو ناکۆکی نەهاتۆتە دی، ململانێیەك کە بە زۆری هەر جۆرە ململانێیەکی چینایەتی بووە، هەتا ئەگەر وەك روانگەو تێڕوانینی زۆربەی یۆنانییەکان لەو ململانێیەدا،

ناکۆکییێکی زۆر سادەی وەك ناکۆکیی خەڵکی هەژار بێت دژی کەمینەیەکی دەوڵەمەندی خاوەن ئەسڵو نەسەب.

یۆنانییەکان هەر تەنها چەمکی دیموکراسیان دانەهێنا، ئەو چەمکە بەو هۆیەوە داهێنرا یاخود تەکامولی کرد کە واقیعیەتێکی لە گۆڕانهاتوو بەرجەستە بکات: جۆرە دەوڵەت- شارێك کە تیایدا سەرجەمی هاووڵاتیان بەکردەوە خۆیان حکومەتیان بەسەر خۆیاندا بکەن. پۆلیس یا دەوڵەت- شار بە گشتی بچووك، خۆ هەڵسووڕێنەر (Self- Governing)و خاوەنی خۆی (Self- sustaining) بوو کە جگە لە سەربەخۆیی سیاسیی خۆی، هەندێ خەسڵەتی دەوڵەتی مۆدێرنیشی لەخۆ دەگرت. ئەگەر مەبەست لە دەوڵەت، پێکهاتی حکومەتە، زاراوەی پۆلیس، لەراستیدا شێوازێکی دیاریکراو لە کۆمەڵی سیاسی دەخاتە روو تاکو دەوڵەت. ئەسینا، تەنها تاکە دەوڵەتێکی دیموکراسی نەبوو لەنێوان دەوڵەت- شارەکانی یۆنانی کۆندا، بەڵام بەپێی بەڵگەی سەلمێنراو، پایەدارترینو جێگیرترین دیموکراسی بوو؛ چونکە لەرووی سیاسییەوە گرنگترینو لەرووی فەرهەنگیشەوە درەوشاوەترینو داهێنەرترین دەوڵەت- شار بوو. بۆیە، ئێمە دەوڵەت-شاری ئەسینا وەك نموونەی مایەی مەبەست لە دیموکراسی بەشێوەیەك کە یۆنانییەکان تێیدەگەیشتنو پەرەیان پێدەدا، لەبەرچاو دەگرین.

بەگشتی دەستپێكو سەرهەڵدانی ئەو پێگەیشتنە لە سەردەمێك دەزانن کە سۆلۆن (Solon- سیاستمەدارو یاساگوزارو شاعیری یۆنانی) یاسای بنەڕەتی لە دەوروبەری ساڵی ٥٩٤ی بەر لە زایین بۆ شاری ئەسینا دانا. بە پێی گێڕانەوەی ئەرستۆ لە کتێبی یاسای بنەرەتیی ئەسینا، دەخاڵەتی سۆلۆن، دەرەنجامی خولێکی پڕکێشمەکێشی نێوان "کۆمەڵانی رەشۆکی" لەلایەكو "ناوداران" لەلایەکی ترەوە بوو [3].



سۆلۆن هاووڵاتیانی لەسەر بنەمای دارایی یا خاوندارێتیی لە سامانو داراییەکان بەسەر چوار چین یا چوار دەستە پۆلین کرد.

دەبینین لەکاتێکدا کە گرنگترین بەرپرسە سیاسییەکان لە باڵاترین چیندا جێ دەگرن، چینە هەرە نزمەکەش ئەو دەرفەتەی بۆ دەرەخسێنرێت کە لە ئەنجومەن یا ئێکلێسیا (Ecclesia)دا ئامادەیی هەبێتو کۆمیسۆنێکی دادگەری پێك بێنێ کە سەبارەت بە گوناهکاری یاخود بێگوناهی تاکەکانو هەروەها حوکمە دادگاییەکان بریارگیری بکات، ئەو ئیختیاراتە دەسەڵاتێکی زۆری بەدوای خۆیدا نەهێنا، بەڵام گۆڕانگاریەکانی دواتر، بوونەهۆی پەرەسەندنی ئەو دەسەڵاتە.

بەم شێوەیە، ریفۆرمە گرنگەکانی دواتر لە ساڵی ٥٠٨ی بەر لەزایین، لە ئەنجامی مشتو مڕی باڵە محافزکارە ئەرستۆکراتیەکان بە رێبەریی ئیزاگۆراس (Isagoras)،و خەڵکە رەشۆکیەکە بە رێبەریی کلایستێنێس (cleisthenes) بوو. ئیزاگۆراس داوای کۆمەكو هاوکاری لە پاشای سپارت، شا کلێومنێس (King Cleomnes) کردو بۆ زیندووکردنەوەی سەرلەنوێی ئۆلیگارشییێکی ئەرستۆکراسی هەنگاوگەلێکی هەڵێنا. هێزەکانی خەڵك، ئیزاگۆراسو سپارتەکانیان لە ئاکرۆپۆلیس گەمارۆدانو ناچاریان کردن رادەست ببن. ئیتر رێگە بۆ ریفۆرمێکی بنچینەیی هەموار ببوو. کلایستێنێس گەڕایەوە ئەسیناو گۆڕانکارییێکی لە پێکهاتەی "هەڵبژاردن"ی دەوڵەتی ئەنجام دا. لە پێکهاتەی تازەدا، پشتیوانییە خێزانیو خۆجێییەکان بەتاڵ کرا بوونەوەو لە جیاتی ئەوە وەفاداری هاووڵاتیان بۆ پۆلیس (شار) بە گشتی پەرەی پێدرابووو بەهێز کرابوو. ئەندامانی شوورا یا ئەنجومەنی پیران (Boule) کە هەموو رۆژێ کۆ دەبووەوەو دەستورو کۆنووسی کۆبوونەوەی بۆ دانیشتنی شوورای هاووڵاتیان ئامادە دەکرد،

لە (٤٠٠) کەسەوە بوو بە (٥٠٠)کەس. هەر یەکێك لە دە (هۆز) یا مەڵبەندەکانی هەڵبژاردن بەپێی تیروپشك (قورعە) (٥٠)کەسیان وەکو ئەندامی شوورا بۆ ماوەی ساڵێك هەڵدەبژارد. ئەو (٥٠)کەسە لە خولێکدا کە ماوەی یەك دەیەمی ساڵ بوو، وەکو کۆمیتەی راپەڕاندنی کاروبارەکانی شوورا چالاکیان دەکرد. گەرچی هێشتا دەسەڵاتی ئەرستۆکراسی بەسەر پۆستو دامەزراوەگەلی کۆنی وەك دادگای باڵای ئەسینا (Areopagus)* هەروەها پۆستی سەرۆکی دادگای دەوڵەتی (Archon)** هەر درێژەی هەبوو، بەڵام دەسەڵات گوازرابووەوە بۆ شووراو ئەنجومەن.

پەنجا ساڵی دواتر، ساڵانێك بوون کە تیایاندا ئەسیناییو یۆنانییەکان ئەو هەوڵانەیان ناکام کردن کە ئێرانییەکان بە رێبەریی داریوشو خشایارشا بۆ نەهێشتنی دەوڵەتە سەربەخۆکانی یۆنان دەیاندا. لەو (٥٠) ساڵەدا، کۆمەڵێك بزاڤی تر بۆجێگیرکردنی دەسەڵاتگەرێتیی خەڵك، لە ئەسینادا سەریان هەڵدا، کە هەندێ لەو بزاڤانە راستەوخۆ دەرەنجامو زادەی پێویستییەکانی جەنگ بوون. لە ساڵی ٤٨٧ی بەر لەزایین، پۆستی سەرۆکی دەزگای دەوڵەتی، ئیدی پۆستێکی هەڵبژێردراو نەبووو لەلایەن ئاریستوکراسیو بەپێی تیروپشك(قورعە) هەڵدەبژێردراو لە ساڵی ٤٦١ی بەر لەزایین، دادگای باڵای ئەسینا کە لە رێبەرانی دەزگای دەوڵەتییەوە پێك هاتبوو، لە دەسەڵاتی خۆی بێبەش کرا. لەوساوە بەدواوە، شوورا (٥٠٠)کەسەی

* Areopagus: دادگای کۆنی ئەسینا کە دادگایەکی باڵابووو ئەندامەکانی لە ئەرکدارو بەرپرسە پایە بەرزەکان پێك هاتبوون. شوێنی ئەو دادگایە نزیك ئاکرۆپۆلیس بوو.

** Archon : کەسی یەکەم لە دەزگای دەوڵەتیدا لە کۆمارەکانی یۆنانی کۆن کە دوای کۆتایی هاتنی پاشایەتی لە سەدەی شەشەمی بەر لە زایین، هاتە کایە.



ئەنجومەنو دادگای خۆجێی بە کۆمیسیۆنێکی دادگەری کە بریتی بوو لە (٥٠٠١)، (١٠٠١) ئەندام یا تەنانەت زیاتر کە هەموویان بەپێی تیروپشك لەسەرجەمی هاووڵاتیانەوە هەڵدەبژێردران، بە دەسەڵاتترینو بەهێزترین دامەزراوەیەکی دەوڵەت- شاری ئەسینا دەژمێردران.

بەم شێوەیە، دەوڵەتگەلی جەماوەری لە ساڵی ٤٦١ی بەر لەزایین، کەمو زۆر بەشێوەیەکی پایەدار فۆرمۆلەبوون، تا ئەو کاتەی جیهانگیرە مەکدۆنییەکان لە ساڵی ٣٢٢ی بەر لەزایین هاتنو ئەمانیان لەنێو بردو لە شوێنی ئەوەدا جۆرێك مافی دەنگدانی سنووردار بەرقەرارکرا کە هەمیشە مایەی رەزامەندیو پەسەندی دژبەرانی دیموکراسی بوون، چونکە دیموکراسی هەرگیز بە شێوەیەکی فراوان قەبووڵ نەکرابوو. لەراستیدا ناسراوترین فەیلەسوفو نووسەرانی ئەسینایی، بریتی بوون لە رەخنەگرانو دژ بەرانی دیموکراسی. لەنێو هەموو فەیلەسوفە سیاسییەکاندا، بە هەق دەتوانین ئەفلاتوون بە سەرسەختترین دوژمنی دیموکراسیو ناکۆکی تەواو عەیاری بزانین. (سوقرات)ی مامۆستاشی لانی کەم لە هەندێ لە بۆچوونەکانیدا بەشدار بووە. ئەرستۆ بە گومانو دوو دڵییەکی نەرمتر دەیڕوانییە دیموکراسی، بەڵام ئەویش هەروەك توکودیدس (Thucydids)* ، بە ئاشکراو بە سووکگرتنێکی ئاریستوکراسیانە دەیڕوانییە بەشداریکردنی گشتی لە سیاسەتو رێبەرانی گەلی. لە هەمان کاتدا، لە میانی شانۆگەریە کۆمیدییەکانی ئەرستۆفان (Aristophanes)** هەمیشە حکومەتی خەڵكو رێبەرەکانی، تەنانەت لە ماوەی ئەو ساڵانەیش کە ئەسینا

* Thucydids: ٤٠٠–٤٦٠ی بەر لەزایین، مێژوونووسی ئەرستۆکراتی ئەسینایی)

** Aristophanes: ٣٨٨–٤٤٨ی بەر لەزایین، نمایشنامە نووسی یۆنانی کە دەڵێن ٥٤ نمایشنامەی نووسیووە، بەڵام تەنها ١١ نمایشنامە ماونەتەوە.

دەرگیری جەنگ بوو لەگەڵ سپارتە دژە دیموکراسییەکان، دەکرانە نیشانەی گاڵتەپێکردنەوە. دواجار ناتوانین بەشێوەیەکی پوختەو پەسندو پشتراستکرایەوە قسە لە نموونەی دیموکراسیی کلاسیکی یۆنانی یا ئەسینایی بکەین، ئەمە لەکاتێکدایە کە دەتوانین بڵێین نموونەگەلی پێچەوانە بە تەواوی مایەی هەڵوەستەو سەرنجی نەوەکانی دواتر بووە.

هەتا ئەوانەی کە راستەوخۆش دیموکراسی مەحکوم ناکەن، لەژێر پەردەو فێڵی هۆشمەندانە تر دژایەتی دەکەنو لە قاوی دەدەن. بەم شێوەیە، زۆر لە مێژوونووسانی مۆدێرن سەبارەت بە یۆنانی کۆن، بە پەیرەوی لە توکودیدسو لێکۆڵەرانی تر ئەو باسە دەخەنەڕو کە دیموکراسی تا ئەو کاتەی کۆمەڵانی خەڵك پەیرەوی و گوێڕایەڵیان لە رێبەرایەتی زاناو رۆشنبیری چینە باڵادەستەکانی وەك پریکلۆس دەکرد، کارکردێکی چاکی هەبوو: "پریکلۆس ئەوانی رێبەریی دەکرد نەك ئەوان پریکلۆس رێبەریی بکەن... بۆیە، ئەوەی کە وەك ناو ناوی لێنرابوو دیموکراسی، دەسەڵاتێکی راستەقینە بوو لە دەستی هاوولاتیانی پلەی یەکەم... ئەسینا لەژێر رێبەرێتی پریکلۆسیدا گەیشتە لوتکەی شکۆمەندیی خۆی." [4] بە بڕوای ئەو مێژوونووسانە، تەنها دوایی مەرگی پریکلۆس، کاتێك کە خەڵك کەوتنە دوای رێبەرانێکی "هەڵخەڵتێنەری" وەك( کلیۆن-Cleon)* هەڵوەشانەوەو نوشستی ئەسینا دەستی پێکرد. بە بڕوای ئەوان، کلیۆن بە ئاشکرا نەیدەزانی کە چۆن ئەدەبو بەهاکان چاودێری بکاو بپارێزێ، بەڵام بە

* Cleon ٤٢٢-؟، سیاسەتمەدارێك کە رۆڵێکی چارەنووسسازی لە سیاسەتی یۆنان لە سەدەی پێنجەمی بەر لەزایین هەبوو.



وروژانێکی حسابیانەو هەڵخەڵەتێنەرانە مەرایی‌و "چاپلوسی بۆ "گەجەرو گوجەر"ەکان دەکرد. ئەرستۆ لەو بارەیەوە نووسیوویە: "ئەو – واتە کلیۆن- یەکەمین کەس بوو کە لەسەر کورسی وتاردانداَ جڵەوی قسەی بەڕەڵلا دەکردو بە هەتك‌و سووکایەتییەوە وتاری دەدا. ئەو وەکو کرێکارانی ئاسایی شەلواری خۆی هەڵدەکردو قسەی بۆ خەڵکی دەکرد، لەکاتێکدا هەموو ئەوانی پێش ئەو، بەشکۆو هەیبەتو بە جلوبەرگێکی رێك‌وپێکەوە قسەیان لەگەڵ خەڵکدا دەکرد." [5] پرۆفیسۆر پیتەرگرین (peter Green) تەواو لەسەر هەقە کە دەڵێ: "رەوش‌و رێبازی پریکلۆس‌و مەسەلەی نوشستی ئەسینا بەدوای مەرگی ئەوەوە لەساڵی ٤٢٩ی بەر لەزایین، رەنگدانەوەیەکی بەردەوامی بە دواوە بووە سەبارەت بە بێ متمانەیی لای توێژینەرانی مۆدێرنی یۆنانی کۆن لەسەر دیموکراسی."[5]

هەڵبەتە دادگایی کردن‌و کوشتنی سوقرات بەژەهر، لەساڵی ٣٩٩ی بەر لەزایین بە بیانووی خوانەناسی‌و لەرێلادانیەوە، لە هەموو شتێك زیاتر ناوبانگی دیموکراسی لەکەدارو ناشیرین کرد. لەراستیدا بە دەربڕینی ئەو بابەتە کە خۆی رەنگە تاکە بابەتێك بێت کە "هەمووان" لە بارەی دیموکراسیی ئەسینابییەوە "دەیزانن"، هەموو شتێك روون نابێتەوە. هەروەك چۆن سێرمۆزیزفینلی (Sir Moses Finley) ئاماژەی پێداوە: "دەڵێین ئەوە بەڵگەیەکە لە ستەم‌و زۆردەستی زۆرینە...و نەفرەتی کۆمەڵانی خەڵك لە هەڵکەوتووەکان." [7] لە راستیدا لە وتارەکەی (فینلی)دا کۆمەڵە واقیعیەتێکی تارادەیەك کەم کە سەبارەت بەو رووداوە هەن، هەروەها ئەو ئەفسانانەی کە لە بارەی ئەو واقیعیەتانە دروست کراون، خراونەتە رووو لەبەرچاو گیراون. لەنێوان ساڵانی ٢٢٠ تا ٢٨١ی بەر لەزایین سەرلەنوێ گوناهکاربوونی

سوقرات دەنگی لەسەر درایەوە. ئەو مەسەلەیە بە تەواوی ئەوە نیشان دەدات کە بڕیاری سەرەوە زادەی هێستریای هەموو لە هەمووی "گەجەرو گوجەر"ەکان نەبووە. هەروەها ناتوانین بڵێین کە ئەو دادوەرییە بێبەزەییانە سەبارەت بە سوقرات، پێوانەیە بۆ تێڕوانینی دیموکراسیی ئەسینایی لەسەر رەخنەگران و هەتا دوژمنەکانیشی. ئەو راستییەی کە هەم ئەفلاتوون و هەم ئەرستۆ بەشی هەرە زۆری تەمەنی خۆیان بە وانە وتنەوە بردەسەر، خۆی گەواهی ئەو مەسەلەیەیە. هەروەها هاوڕێیەتی سوقرات لەگەڵ کەسانێکی سەر بە داروودەستەی (سی‌ی ستەمکار)*، کەپێنج ساڵ بەر لەوە دژی دیموکراسی کودەتایەکیان ئەنجام دابوو، بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو. کودەتا سوودێکی بۆ سوقرات نەبوو، بەڵام دیسان دیموکراسی دووبارە جێگیربووەوە بەرخوردێکی نەرمی لەگەڵ رێبەرانی ئەو هەوڵە بێ ئاکامە نواندو تەنانەت جۆن ستوارت میل (John Stuart Mill)** یش کە خۆی ستایشگەرێکی گەورەی سوقرات بوو، کاتێك باسی سوقرات دەکات لە کتێبی- دەربارەی ئازادی- بە پێداهەڵگوتنێکی زیادگۆیانەی وەك "رێبەرو پێشەنگی هەموو مامۆستایانی دواتری شکۆمەندی" و "مامۆستای بێ هاوتای سەرجەم بیرمەندانی ناودار" کە دوای ئەو سەریان هەڵداوە، ناوی دەبات، لەبەرامبەر ئەو جوامێریەدا،

---

* تاقمێك کە بە پشتیوانی سپارت لە دوادواییەکانی جەنگی **پلۆپۆنزین** (٤٠٤ی بەر لەزایین)ی نێوان سپارت و ئەسینا دەسەڵاتی لە شاری ئەسینا گرتە دەست و دیموکراسی وەلا ناو حکومەتی تۆقاندنی بەرقەرار کرد. لە ساڵی ٤٠٣ی بەر لەزایین سەرنگون بووو حکومەتی دیموکراسی سەرلەنوێ جێگیربووەوە.

** John Stuart Mill : ١٨٠٤–١٨٧٣، فەیلەسوفی ئەزموونیی ئینگلیزی و ریفۆرم خوازی کۆمەڵایەتی.



رەخنە دەگرێ و دەڵێ: "کاتێ بیردەکەینەوەو تەماشای خەڵکی ئەسینا دەکەین و دەبینین لەگەڵ کەسانێکدا دەژیان کە لە هەر دەرفەتێکی لەباردا ئامادەبوون دیموکراسی پێشێل و سەرنگون بکەن، ئەوا ئەوسا دڵسافی و داماوی ئەو خەڵکەمان باش بۆ دەردەکەوێ و پەی دەبەین کە ئەوانە هیچ بەدگومانی و توندی و سەختگیرییێکیان نەبووە، ئەوەش قسەیەکە کە زۆر لەبارەی ئەوانە بیستومانە." [8] بەم پێیە نابێ دادگایی کردنی سوقرات و مەحکومکردنی بخەینە ملی دیموکراسیی ئەسیناو ئەنجامگیری تایبەتی لێ بخەینەڕووەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دەرەنجامە، زیاتر دەسەڵاتی کلاسیکی دژە دیموکراتیك لە ئەندێشەی ئەوروپادا دەخاتە روو نەك سەرنجێك لەسەر دیموکراسیی ئەسینایی.

تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی ئەو دیموکراسییە، کە ئەو مشتومڕەی لەو کاتدا هێنایە نێوەوەو ئەمڕۆش هێشتا قسەو باسی لێوە دەکرێ، چین؟ کاکڵی سەرەکی بریتی بوو لە بەشداریکردنی راستەوخۆی کۆمەڵی هاووڵاتیان لە دەوڵەت-شاری ئەسینا. ئەو بەشداریکردنە دوو شێوازی بەخۆوە گرت: لەلایەك ئەنجومەن یان ئیکلێسیا هەبوو کە هەر هاووڵاتییێك بۆی هەبوو جێی خۆی تێدا بگرێ و بەشدار بێت تیایدا. لەو ئەنجومەنەدا دوایین بڕیار سەبارەت بە سیاسەت و کاروبارەکانی شار وەردەگیران. ئەنجومەن هەیئەت و کۆمیسیۆنی حوکمڕان بووو لە هەموو هاووڵاتیان پێك دەهات. هەر دەجار لە ساڵێکدا لە بارودۆخی ئاساییدا بەرگوزار دەبووو دەرخەرو ئاوێنەی باڵانمای دەسەڵاتی گشتی بوو. خەڵك هەر چوار ساڵ یا پێنج ساڵ یاخود حەوت ساڵ جارێك دەوڵەتێکیان هەڵنەدەبژارد، بەڵکو بە بەردەوامی هەرمانگ مانگ و ساڵ ساڵ بەشێوەیەکی دەوری حکومەتیان بەڕێوە دەبردو خۆیان دەبوونە حوکمڕانی خۆیان.

بەراوردو مەزەندەکان لە بارەی ژمارەی هاووڵاتیانی ئەسینا لەیەك جیاوازن، بەڵام رەنگە ژمارەی هاووڵاتیان هەرگیز لە پەنجا هەزار کەس زیاتر نەبوو بێت. بێگومان لەو کۆبوونەوانەی کە ئەنجام دەدران نیوەی هاووڵاتیان یان کەمتر لەوە بەشداریان دەکرد، بەڵام نەدەبوو ژمارەی بەشداریکردن لە ئاستێکی دیاریکراو کەمتر بێت، چونکە رادەی پێویستی دەنگدان بۆ بڕیاردان لەسەر مافی هاووڵاتیانو دانانو لادانی تاکەکان لە سەر پۆستو کاروبارەکان دەبوا (٦٠٠٠) کەس دەنگی بدابایە، ئەو چەشنە بریارگیرییە مایەی قەبووڵو پەسەندکراو بوو.

دووەمین تایبەتمەندیی گرنگی ئەو سیستمە جەماوەریو راستەوخۆیەی حکومەت کە ئەگەر لە خاڵی یەکەم گرنگتر نەبێت، بە هەمان ئەندازە بایەخدارە، بریتییە لە دەست بە سەرداگرتنی، دەتوانین بڵێین هەموو پۆستە دەوڵەتییەکانو چاودێریکردنی یاساکان لەلایەن هاووڵاتیانی هەڵبژێردراو کە نەك بە هەڵبژاردنێکی رکابەری ئامێزانە بەڵکو بەپێی تیروپشك ئەنجام دەدرا. ئەو مەسەلەیە سەبارەت بە دادگاکانیش هەروا بووو ئەو شەش هەزار هاووڵاتیەی کە بەو شێوەیە هەڵدەبژێردران، بۆ ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پەیوەست بوون بە کۆمیسیۆنی دادوەری هەمیشە لەبەر دەست دابوون. ئەو هەیئەتو کۆمیسیۆنە فراوانو گەورانەی دادوەری، بە ئاشکرا لەپێناو دابینکردنی نوێنەرانی رای گشتیی خەڵك پێك هێنرابوون. هەڵبەتە لە دادگا مۆدێرنەکانیشدا کۆمیسیۆنە دادوەرییەکان هەن، بەڵام کۆمسیۆنی دادوەریی دوازدە کەسی، کە لەلایەن بەرپرسە یاساییەکانەوە هەڵبژێردراونو رەنگە (وردەکاریو هەڵسەنگاندیش ئەنجام درابێ) بۆ ئەوەی رێ لە کەسانی ناشایستەو نەشیاو بۆ ئەو کۆمیسیۆنانە بگیرێ، ئەمانە بە ئاشکرا تەنانەت بەشێکی بچووکی رای



گشتیی خەڵك بەو رێژەیە بەرجەستە ناکەن. ئەمە لەولا کە سوود وەرگرتن لە هەمە پرسییەکان کە تایبەتمەندییێکی سیستماتیکی سیاسەتە لە ئەمریکاو سویسراو چەند وڵاتێکی تر، بەشداریکردن لە کۆمیسیۆنی دادوەری کە لە بواری ئسوڵییەوە ئەرکی هەر هاووڵاتییێکە، دەتوانین بڵێین تەنها یادگارییێکی بەجێماوە لە بەشداریکردنی راستەوخۆی هاووڵاتیان لە یاساگوزاریو کاروباری حکومەتو بەرێوەبەری کە لە دیموکراسییە مۆدێرنەکاندا هێشتا هەر درێژە بە ژیانی خۆی دەدات. بەڵام لە ئەسینادا یەکێك لەو چەند رۆڵە گرنگەی کە هاووڵاتی لە ژیانی گشتیی دەوڵەت- شاردا دەیگێڕا رۆڵی بەشداریکردن بوو لە کۆمیسیۆنی دادوەری. جگە لەو دە ژەنەراڵەی کە ساڵانە لەلایەن کۆمەڵەوە هەڵدەبژێردران، لە هەموو پۆستە گشتییەکانی تردا، چەند کەسێکی تر بۆ خولێکی سنووردار (زیاتر بۆ ماوەی یەك ساڵ) بە پێی قورعە لە نێو هاووڵاتیانەوە هەڵدەبژێردران. ئەوە سەبارەت بە ئەنجومەنی پیران یا شوورا (٥٠٠) کەسیش هەر بەم شێوەیە بوو. ئەو کۆمیسیۆنە دەوڵەتییەی کە رۆژانە حوکمی بەسەر ئەسینایییەکاندا دەکرد، بریتی بوو لەو شوورای (٥٠٠) کەسییە کە نزیکەی (٣٠٠) جار لە ساڵێکدا کۆدەبووەوەو لە تەك هەموو ئەرکەکانی تری خۆیدا، ئامادەکردنی راپۆرتو کۆنووسی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنیشی لە ئەستۆدا بوو، بەڵام هەندێ رێوشوێنی تایبەت لەبەرچاو گیرابوون بۆ ئەوەی رێ لە سەرەڕۆییو تاکڕەوی ئەنجومەن بگیرێ لە دەستدرێژیکردنو پێشێلکردنی مافی خەڵك لە مەسەلەی حکومەتو هەڵسووڕاندنی کاروبارەکانی حکومەت لەلایەن خودی خەڵکەوە: لەو راستیەی کە ئەندامانی شوورای (٥٠٠) کەسی بە حوکمی تیروپشکەوە هەڵدەبژێردرانو ئەو رێوشوێنەی کە

هیچ کەس لە دوو ساڵ زیاتر لە کاروباری بەڕێوەبەریو خزمەتکردندا نەدەمایەوە، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئەسینایییەکان لە سەدەکانی پێنجو چوارەمی پێش زایین بە تەنگ ئەوەوە بوون کە شوورا نەبێتە مایەی چەکەرەکردنی هەستو نەستی گشتگەرایانەی نێوخۆیی، هەستو نەستێك کە ڕێ بۆ ژیانی سەربەخۆیانە خۆش بکات. ئەسینایییەکان دەیانویست شوورا تاکە نموونەیەکی ڕاستگۆیانەی تێڕوانینی خەڵکی ئەسینا بێتو ئەو بۆچوونانەی کە تیایدا دەخرانە ڕوو لەگەڵ بۆچوونو تێڕوانینەکانی خەڵکدا تەریبو هاودەنگ بن[9].

سیستمی وەرگرتنی پۆستو پلەوپایە لەلایەن خەڵك بە گوێرەی بنەمای تیروپشكو خولی ڕێکەوتو مافی بەشداریکردنی خەڵك لە شوورادا بەو مانایە بوو کە ئەسینایییەکان لەنێوان ساڵانی (٣٢٢و٤٦٢)ی بەر لە زایین، بەهۆی ئەو بەشداریکردنە ڕاستەوخۆیەی هاووڵاتیان لە جیاتی جێنشینە نوێنەرەکانو تەنانەت دانی ئیختیارات بە نوێنەران کە لە سەردەمانی هاوچەرخدا باوە، لە هەر کۆمەڵگەیەکی تر زیاتر لە ئامانجی دیموکراتیانەی حکومەت لەلایەن خەڵکەوە نزیك بوون. ئەوان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بەشداریکردنی تاکەکان، بەکردەوە لەلایەن کەسانێك پاوان نەکرێ کە کاتی تەواویان هەیە بۆ سیاسەت کردن، یەکەمجار بۆ ئەندامێتی لە شووراو خزمەتکردن لە کۆمیسیۆنی دادوەریو دواتر بۆ ئامادەبوون لە ئەنجومەنی حقوقی کاریان دەکرد. ئەوە زۆر جار لە لایەن ڕەخنەگرانی دیموکراسییەوە دەخرێتە بەر ڕەخنەو لە قاودانەوە، چونکە بە بڕوای ئەوان، ئەو مەسەلەیە بیرۆکەو ئەنگیزەی ماددی لای تاکەکاندا دێنێتە ئاراوە، بەڵام بەڕاستی ئەو تێڕوانینە تێڕوانینێکی بێ ویژدانانەیە. دانی هەقدەست هەمیشە وەکو پێویست نەبوو. لەو ڕێیە بترازێ، ڕێیەکی تر بۆ



قەرەبووکردنەوەی هەقدەست یان ئەو دەرامەتەی کە هاووڵاتی ڕەنجکێش بەبێ بەشداریکردن لە شوورادا وەدەستی دێنا، بوونی نەبوو.

بەم پێیە، دیموکراسیی ئەسینایی بە مانای دەوڵەتی ئاماتۆرەکان بووو هەڵبەتە کەسانی وەك سوقراتو ئەفلاتوون کە باوەڕیان وابوو هونەری بەڕێوەبردنی دەوڵەت وەکو کارە تایبەتییەکانی دیکە پێویستی بە شارەزاییو لێزانییەکی قووڵ هەیە، بۆچوونو تێڕوانینێکی دڵڕەقانەو نەفرەت ئامێزیان سەبارەت بە ئەزموونی ئەسینا هەبوو. بیانییەکانیش هەر ئەو تێڕوانینەیان هەبوو کە ئیدی خوویان بە حکومەتی پاشایەتی گرتبوو، حکومەتێك کە تاکە کەسێك تیایدا حوکمڕان بووو سەرەنجام هەرچی بێت لە سەرانسەری دوو هەزار ساڵی دواترو زیاتریش لەوە، ڕەوتی ئاسایی مێژووی ڕۆژئاوا بووەو لە دنیای کۆنی دانیشتوانی میدیتەرانەو خۆرهەڵاتی ناوینیش بە شتێکی باوو کارپێکراو دەژمێردرا.

ئیوریپیدێس (Euripides) ٤٠٦-٤٨٠ی بەر لە زایین، تراژیدی نووسی یۆنانی)، لە نمایشنامەی خۆیدا لەژێر ناوی ژنانی نزاکەر (The Suppliant Women) لە گفتوگۆیەکی بە ناوبانگی نێوان هێراڵد (Herald)ی خەڵکی تێبسو تێزیۆس (Theseus)ی پاشای ئەسینا، ئەو ڕووبەڕووبوونەوەو بەراوردەی نیشان داوە. هێراڵد کاتێ کە دەگات دەپرسێو دەڵێ: ئەو پەیامەی کە لەلایەن شا (کریۆن)ی هێناوە، بیدا بەکێ: "چ کەسێك تاکە پاشای ئەم شارەیە؟". تێزیۆس وەڵامی دەداتەوە: "ئەم دەوڵەتە، ملکەچی تاکە کەسێك نییە، ئەم شارە شارێکی ئازادە، شا لێرە خەڵکە کە هەموو ساڵێك بە نۆبەت جڵەوی حوکم دەگرێتە دەست، ئێمە دەسەڵاتێکی تایبەت بۆ سامان دانانێین،

دەنگی مرۆڤی هەژارو نەدار وەك هەر كەسێكی تر خاوەن هێزو یەكسانە لەگەڵ دەسەڵاتی كەسانی تردا".

هێراڵدی تێبسی بە ئاشكرا ئەو مەسەلەیە بە شتێكی ناتەواو غەیرە قابلی تێگەیشتن دەزانێ:

ئەو شارەی كە من لێیەوە هاتووم، لەژێر دەستی‌یەك كەس دایە، نەك تاقمێك گەجەرو گوجەر... ئەو كەسە بێ سەروپێیانەی كە عەقڵێكی سادەیان هەیە، چۆن چۆنی بۆیان دەكرێ شارێك بە سیاسەتی لە یەك جیاو تێڕوانینی لە یەك جیاوە بەڕێوە ببەن؟ تاقیكردنەوە ئەوە ساغ دەكاتەوە، ئاخر دێ نشینی كلۆڵو هەژاری ئێوە هەتا ئەگەر كەسێكی كەودەنو نەفامیش نەبێ، چۆن دەتوانێ زەینو هزری خۆی لە گاسنو گاجووتەوە بۆ سەر سیاسەت بگوازێتەوە؟ [10].

نمایشنامەی (ژنانی نزاكەر)، یەكەمین جار لە ساڵی ٤٢١ی بەر لەزایین لە میانی جەنگی پلۆپۆنزین نمایش كرا، دروست ئەو دەمەی كە ئەسینایی‌یەكان ناچار بووبوون پەیمانی ئاشتیی كاتی لەگەڵ سپارتەكاندا ئیمزا بكەن. ئەو نمایشە، بێگومان بەو مەبەستەی نیشان درا تاكو ورەی ئەسینایی‌یەكان بەهێز بكات. بەڵام ئەو تێڕوانینەی كە هێراڵدی ئیورپیپیدێس هەیەتی، هەمان ئەو تێڕوانینانەی سوقراتی ئەفلاتوونە لە (پرۆتاگۆراس)* و تارادەیەكیش سوقراتی واقیعی. ئەفلاتوون لەو نووسراوەیدا، پرۆتاگۆراس بە لایەنگری دیموكراسی ناو دەباتو سوقراتیش بە دژی ئەو:

* Protagoras: یەكێ لە نووسراوەكانی ئەفلاتوونە بەناوی "یەكەمین نووسینەكان" یا "نووسینەكانی سەردەمی لاوێتیی ئەفلاتوون".



ئێستا كە لە ئەنجومەندا كۆدەبینەوە، ئەگەر دەوڵەت رووبەرووی گرفتی بیناسازی ببێتەوە، ئەوا بە دوای ئەندازیارانی بیناسازیدا دەنێرێو لەمەڕ ئەو گرفتە راوێژو قسەو باسیان لەگەڵدا دەكات، ئەگەر كێشەكە لە بارەی كەشتی سازی بێت ئەوا بانگی كەشتی سازانو ئەو كەسانەی شارەزای ئەو بوارەن دەكاتو ئەو كەلوپەلو شتانەی كە بۆ فێربوونو فێركردنی كەشتی سازی پێویستن ئامادە دەكات... بەڵام كاتێك مەسەلەكە پەیوەستە بە دەوڵەتو كاروباری بەڕێوەبردنی دەوڵەت، كەسانێك بانگ دەكرێنو راوێژیان لەگەڵدا دەكرێ كە رەنگە بیناساز یا ئاسنگەرو كەوشساز، بازرگانو كەشتیەوان، دەوڵەمەند یا هەژار، لە خێزانی چاك یا خراپو بێ توانا لە بواری هونەری بن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قسەیان لێ وەردەگیرێو داوایان لێ دەكرێ راو سەرنجو ئەزموونەكانی خۆیان دەرببڕنو باس بكەن [11].

پرۆتاگۆراس لە وەڵامدا ئەوە دەردەخات كە عەقڵی سیاسی لە چەمكی زانستدا شتێكی تایبەتو هی چەند كەسێكی دیاریكراو نییە، بەڵكو چەمكێكە كە هەمووان تیایدا پشكدارنو ئەوەش شتێكی پێویستە "دەنا گەر وا نەبێت، هیچ دەوڵەتێك ناتوانێ لە ئارادا بێت" هەر چەندە ژمارەی ئەو كەسانەی كە بەڵگەو ئاماژە تایبەتیەكانی ئەفلاتوونیان لەمەڕ دژایەتیكردنی دیموكراسی خستۆتەڕوو زۆر نین، بەڵام مەسەلەی تایبەتمەندی (تخصص) لەبەرامبەر نەزانی یا ناشایستەیی گشتی، هێشتا یەكێكە لەو بابەتە گرنگانەی كە سەبارەت بە دیموكراسی لە بەرچاو دەگیرێو بۆی دەگەڕێینەوە.

لە دنیای هاوچەرخدا، لیبرالەكان، دیموكراسی بە هەڕەشەیەكی كاریگەر دەزانن بۆ سەر ئازادیی تاكو زۆر هۆشداری سەبارەت بە ستەمی زۆرینەو فشاری رای گشتی دەخەنەڕووو دەردەبڕن، بەڵام

ئازاديى دەربڕين لە ئەسينادا بەشێكى تەواو بوو لە ديموكراسى، چونكە ڕەوتى حكومەتى هاووڵاتيانو بەڕێوەبردنى هاووڵاتيان خۆيان، پێويستى بە باسو ڕاوێژو ڕادەبڕينى ئازادانە هەبوو لە ئەنجومەنو شووڕادا. لە ديموكراسيى ئەسينادا، هەرگيز نموونەيەكى هاوشێوەى ڕێكخراو- گەلو حزبە هاوچەرخەكان كە ڕێ لە دەنگى جياوازو ڕاى جياواز دەگرێ، نەبوو، لەوێ ديموكراسىو باسو دەربڕينى ئازاد دوو شتى لە يەك جيانەبووەوە بوون.

بەم شێوەيە، پێشمەرجى پێويست بۆ سەقامگيربوونى ديموكراسى، ئەوەبوو كە دەبێ بنەماى بەرابەرى لە هەمبەر ياسا يا يەكسانى حقوقى (Isonomy) بەرقەرار بێت. گرنگيى ئەو مەسەلەيە دەتوانين لەو واقيعيەتەدا بەتەواوى ببينين كە دارو دەستەى (سى)ى زۆردار بۆ ماوەيەكى كورت لە ساڵى (٤٠٣-٤٠٤)ى بەر لەزايين، دەسەڵاتيان گرتە دەستو فەرمانيان دا كە تەنها (٣٠٠٠)كەس لە سەرجەمى هاووڵاتيان مافى دادگايان هەبێتو دەوڵەت بە سووكو ئاسانى بۆى هەبێت هاووڵاتيانى تر بخاتە ژێر چەپۆكى خۆىو مليان بخاتە ژێردەمى تيخەوە. دەسەڵاتى سياسيى گشتى، لەسەر بنەماى بە ڕەسميەت ناسينى مەوقيعيەتى يەكسانى هاووڵاتيان لەبەرامبەر ياساو ديموكراسيش يەكسانى تاكەكانى لە هەمبەر ياسادا لە خۆ دەگرت.

لەڕاستيدا جگە لە پەيوەندى ئەو بنەما تايبەتە لەگەڵ ديموكراسيدا دەبێ بڵێين سەرهەڵدانو دەركەوتنى سياسەت بەو مانايەى كە ئێمە تێيدەگەين، پەيوەندندار بووە لەگەڵ دەركەوتنو سەرهەڵدانى ديموكراسى لە يۆنانى كۆندا. دەشێ سياسەت بەشێوەيەكى ڕوون بە پيشەى دەوڵەتو دەسەلات لە هەر كۆمەڵگەيەك بە هەموو فۆرمو شێوازەكانى كە بە خۆيەوە دەگرێ، پێناسە بكەين. بەڵام لە



ئەسينادا، سياسەت پێناسەى ترى هەيە، لەوێ چ وەك چالاكيى بە كۆمەڵ (بەماناى پيشەى خودى هاووڵاتيان)و چ وەك سياسەتى عەقلانىو سيستماتيكيانەى دەوڵەت (دژى حكومەتى تاكڕەوانەو حاكميەتى ڕەها)، ڕەوتو سيماى ديموكراتيانە بەخۆوە دەگرێت. "كامڵبوونى پۆليسى يۆنان لە هەر شتێك زياتر بە پەيوەنديى نزيكى نێوان سياسەتمەدارىو خەڵكسالارى ديارى دەكرێت."[12] ئەو تێڕوانينە كە بەو تێگەيشتنە داكۆكى لە سياسەت بكەين لە بەرامبەر ديموكراسيدا، هەر وەك چۆن نووسەرانى هاوچەرخ خستويانەتە ڕوو[13]، بۆ ئەسيناييە كلاسيكەكان، تێڕوانينێكى لە تێگەيشتن نەهاتوو بوو. چەمكى هاووڵاتيبوون، بەماناى ئەندامبوونى ڕووت، ئەو مانا ڕووكەشەى ئەمڕۆى نەبوو، هاووڵاتيبوون بە ماناى ئەندامبوونو بە هەمان چەمكى بنەڕەتى خۆيەوە لێك دەدرايەوەو لێى دەڕوانرا، يانى لەگەڵ پەيوەنديى ئەندامانى جەستە لەگەڵ يەكتردا بەراورد دەكرا. لە ديموكراسيى ئەسينادا، پەيوەنديێكى ئەندامشێوەيى هەبوو كە تەنانەت دژبەرانى ديموكراتى وەكو ئەرستۆش دانى پيادەنێن. دەوڵەت يا پۆليس، گشتێك بوو كە تاكەكان بەشەكانى ئەو گشتەيان پێك دەهێناو بە شارەوە وابەستەو گرێدراو بوون. تاكەكان پێويستيان بە شار هەبوو، بەپێچەوانەى ئەوەى كە ئەندێشەى ليبرالى هاوچەرخ پێى وايە تاك پێويستى بە شار (يا دەوڵەت) نييە [14]. بەم شێوەيە هاووڵاتى ئەسينايى تەنها ئەو كاتە دەيتوانى وەك تاكێك گەشە بەخۆى بداو دەربكەوێ كە وەكو بەشێك يا ئەندامێك لەنێو گشتدا، يانى لە كۆمەڵدا جێى بگرتبايەو كارى بكردبايە. توكوديدس لە كاتى مەراسيمى بە خاكسپاردنى پريكلۆس دا ئەوەى ڕاگەياند كە لەڕوانگەى پريكلۆسدا وازهێنانى هاووڵاتيان لە ژيانى گشتىو پەنابردنيان بۆ

ژیانی تایبەتی شتێکی غەیرە قابیلی قبووڵو نەشیاو بوو: "لێرە گشت تاکێك نەك تەنها بە پرسە تایبەتییەکانی خۆی، بەڵکو بە پرسە دەوڵەتییەکانیشی پەیوەندداره... ناڵێین ئەو کەسەی کە سەروکاری بە سیاسەتەوە نییە کەسێکە تەنها بایەخ بە کاروکەسابەتی خۆی دەدات؛ دەڵێین ئەو جۆرە کەسە لە بنەرەتدا لێرە شوێنو کاروبارێکی نییە" [15] سەرکەوتنی دیموکراسی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە هاووڵاتیان شان بدەنە بەر ئەرکو بەرپرسێتییەکانی هاووڵاتیبوونی خۆیانو جەخت لە یەکبوونیان لەگەڵ چارەنووسی پۆلیسدا بکەنەوە. "لە دیدی پریکلۆسو هاودەمەکانی لە سەدەی پێنجەمی بەر لەزایین، مرۆڤی تاکرەو یا مرۆڤی دەبەنگ هەر بە هەمان مانای دەبەنگی ئەم سەردەمەی ئێمە لێك دەدرایەوە، ئەو تاکە تاکێکی بەرپرس نەبوو، چونکە لەبەرامبەر پرسە گشتییەکاندا خەمسارد بووو خۆی بە خاوەنی ئەو بەرپرسیە نەدەزانی."[16] بەم پێیە، ئەزموونی یۆنان ئەو پرسە دەخاتە روو، کە ئایا دیموکراسیی کاراو بەشداریکردن، پێداویستی ئەو چەشنە تێگەیشتنەیە لە شوناسی گشتیدا یاخود پێویستی بەوەوە هەیە کە بەرلەوەی دیموکراسی بەشێوەیەکی کاریگەرانە هەنگاو بنێت، تاکەکان خۆیان لەنێو بەرژەوەندییەکانی هەمووان یا بەرژەوەندییە گشتیەکان بە هاوبەشو پشکدار بزانن.

بەڵام ئایا ئەسکەلێتی هاووڵاتیان لە چ کەسانێك پێك هاتبوو؟ "خەڵك بریتی بوون لە چ کەسانێك؟. لە کۆمەڵگەی ئەسینایدا سێ گروپی سەرەکیو بنچینەیی لە ریزی "خەڵك"دا نەبوونو خرابوونە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە: گروپی یەکەمیان نیوەی کۆمەڵ، واتە ژنان بوون، کە بەبێ هیچ دوو دڵیو قسەو گفتوگۆیەكو وەکو نەریتێکی چەسپاو ئەو چەمکە واتە چەمکی "ژن" بەلاوە نرابووو وازی لێ



هێنرابوو. تایبەتکردنو پاوانکردنی مافی سیاسیو چالاکییە سیاسییەکان بۆ پیاوان، خەسڵەتو تایبەتمەندیی بیرکردنەوەی سیاسیی رەسمیو لە نێویاندا بیرکردنەوەی دیموکراتیکی سیاسی بوو تا سەد ساڵی پێش ئێستا. دووەمین گروپ کە لە ئەسکەلێتی هاووڵاتیان وەلانرابوون، بریتی بوون لە (مێتیك Metic-)ەکان یا بیانییەکان کە لە ئەسینادا دەژیانو کاریان دەکرد، بەواتایەکی تر ئەسکەلێتی هاووڵاتیان تەنها لە خۆییەکان پێك دەهات. کۆیلەکان سێیەمین گروپ بوون کە لەو ئەسکەلێتە وەدەرنرابوون. هاووڵاتیان تەنها پیاوانی ئازادو خۆجێی بوون. بەم شێوەیە دەبینین لەوەها دۆخێکدا ئەوە دەردەکەوت کە هاووڵاتیان لە یەك چوارەمی سەرجەمی دانیشتوانی بە تەمەن گەورە یا کەمتر لەوە پێك هاتبوون، بەڵام بەوەشەوە، ئەو رێژەیە بە بەراورد لەگەڵ سەرجەمی ئەسکەلێتی هاووڵاتیانی کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمی دوای زایین زۆر زیاتر بوو.

بەشێوەیەکی گشتی ئەوە کەوتۆتە سەر زارانو قسەی لێکراوە کە خۆ هەڵسووڕاندنی ئەسینایەکان، تەنها بەهۆی بوونی کۆیلەداریو بوونی ئەو ئیمپراتۆرییەوە مەیسەر بووە کە سەرچاوەیەکی داهات بووە بۆ دیموکراسی. ئەگەر مەبەست لە خاڵی یەکەم ئەوە بێت کە ئەسینایەکان وەك چینێکی باڵاتر، خاوەنی هەلومەرجێکی ئازادانە بوون، تەواو تێڕوانینێکی هەڵەیە، زۆرینەی هاووڵاتیانی ئەسینا پیاوانی زەحمەتکێش بوونو پێویستیان بە داهاتێکی کەم هەبوو. ئەو داهاتە، سەرەنجام لە بری ئەنجامدانو بەجێگەیاندنی بەر پرسێتییە گشتییەکانیان پێیان دەدرا، تا ببێتە داهاتی رۆژانەیان. لەبەرئەوە مەسەلەی هەقدەستو پاداشت بۆ خزمەتگوزارییە دەوڵەتییەکان بوو بە "بنەمایەکی سیاسی"[17]، بنەمایەك بەپێی بڕیاری دیموکراتەکان بۆ

ئەوەی كە هەژاریو دەستكورتی نەبێتە لەمپەرو رێگر لە بەردەم بەشداریكردنی سیاسی، هەر وەك چۆن پریكلۆسو ئیوریپیدس شانازیان بەوەدەكرد كە لە ئەسینادا بەو شێوەیە نەبووە. هەر كاتێك دەسەڵات لە دیموكراسییەوە دەكەوتە دەستی ئۆلیگارشییەوە، ئەوا یەكێك لە یەكەمین شت لەو شتانەی كە نەدەما، هەقدەستی خزمەتگوزارییە دەوڵەتییەكان بوو. لە ئەسینادا، بەرابەریی سیاسیی هاووڵاتیان لە تەك نابەرابەریی ئابوورییەوە بوو، وەك چۆن ئەمڕۆش هەر وایە، بەڵام خاڵی گرنگو سەرەكیی دیموكراسیی ئەسینایی، ئەوەبوو كە رۆڵو نەخشی هەژاران وەك رۆڵو نەخشی دەوڵەمەندەكان لە بەڕێوەبردنی حكومەتو شاردا لەبەرچاو دەگیرا. سەبارەت بە دووەمین تۆمەتیش، واتە ئەوەی كە دیموكراسیی ئەسینا، وەكو ئازادیی ئینگلیزەكان لە سەدەی نۆزدەهەم، بە پشت بەستن بە ئیمپراتۆریەتی خۆی، ئازادییێكی ئینگلئاسا بووە؛( ئا. ه. م جۆنز –A. H. M. Jones) ئەوە وەبیر دێنێتەوەو دەڵێ: دیموكراسیی ئەسینا، دوای لەنێو چوونی ئیمپراتۆریش لە سەدەی چوارەمی بەر لەزایین هێشتا درێژەی بە كاری خۆی دەداو لەراستیشدا دانی بودجەی دیموكراسی لە پێشان گرانتر بوو بوو، چونكە دانی هەقدەست بۆ بەشداریكردن لە ئەنجومەن خرابووە سەر ئەو هەقدەست دانەی كە پێشتر بۆ خزمەتگوزاریو ئەركە گشتییەكان دەدران[18].

زۆر لەو نووسەرانەی كە شتیان لەسەر دیموكراسی نووسیووە، لەو باوەڕەدان ئەزموونی دیموكراسی لە یۆنانی كۆندا كەمێك لێكچوویی لەگەڵ دیموكراسی لە دنیای هاوچەرخدا هەیە... من هەندێك بە درێژی لەسەر ئەو مەسەلەیە راوەستام، چونكە پێم وایە مەسەلەكە دروست پێچەوانەی ئەو تێڕوانینەی ئەوانە. زۆرێك لەو پرسو



بابەتانەی كە لە كاتی پێناسەكردنی دیموكراسیو ئەو هەوڵانەی كە بۆ جێگیركردنی دەخرێنە روو، بەر لەوە لە ئەزمونی دیموكراسیی یۆنانیدا روون كراونەتەوەو باسیان لێكراوە. نەبەردییێكی سەخت بۆ جێگیركردنی دیموكراسی لە دژی بەرژەوەندیە ریشەدارەكانی داراییو ئەسلو نەسەب، بە كەمگرتنو ناو زڕاندنی دیموكراسی وەك حكومەتی "خەڵكی رەشۆكی"و "گەجەرو گوجەر"؛ سەپاندنی ئەو باوەڕەی كە هەژاران یان كەسانی رەنجكێش هیچ شایستەییێكیان لە كاروباری سیاسیدا نییە؛ پێكەوە ژیانی بەرابەریی سیاسی لەگەڵ نابەرابەریی كۆمەڵایەتیو ئابووری، پەیوەندیی نێوان خەبات لەپێناو دیموكراسیو خەبات بۆ ئازادیی رادەربڕینو گوتارو یەكسانی لەبەرامبەر یاساداو وابەستەیی دیموكراسی بەمانای ناسنامەی كۆی هەموو ئەو مەسەلانەو ئەو بابەتانەی كە لە ئەزموونی یۆناندا بەرچاو دەكەونو باسیان كراوە، دووبارە لە میانی گۆڕانە هاوچەرخەكانی دیموكراسیو باسو هەڵسەنگاندنەكانی پەیوەست بە دیموكراسییەوە، باسیان لێ كراوەتەوەو خراونەتەوە روو.

هەڵێنجانی یۆنانییەكان لە دیموكراسی، لانی كەم تا رۆژگاری رۆسۆو پەیمانی كۆمەڵایەتی باڵادەست بوو. دیموكراسی بەمانای حكومەتی خودی خەڵك لێك دەدرایەوەو لێی دەڕوانرا، واتە هەمان ئەو شتەی كە بە شێوەیەكی لایەندارانە بە دیموكراسیی راستەوخۆ ناودەبرێ. یۆنانییەكان هەڵبژاردنی نوێنەرانیان لە شوێنی هەڵبژاردن بە پێی تیروپشك بە میكانیزمێكی ئەرستۆكراتیانەو نادیموكراتیك دەزانی. بێگومان ئەوەی كە مۆدێلی یۆنانییەكان لە دیموكراسیی راستەوخۆی بەشداریكردنەوە تا چ رادەیەك لە دنیای هاوچەرخدا رێی تێ دەچێو مەیسەر دەبێ شتێكی ترە. بێگومان پێكهاتەو ئەسكەلێتێك لە

هاووڵاتیان بە ٤٠,٠٠٠ کەسەوە، زۆر گەورەترو فراوانترە لە گروپ یا ئەو پێکهاتەو دامەزراوانەی کە دیموکراسیی راستەوخۆ بە شتێکی نەشیاو نەکردە دەزانن. دەرەنجامی بەشداریکردنی راستەوخۆی هاووڵاتیانی ئەسینا زۆر بەرچاوترو روون تر بوو لە تێڕوانینی دنیای هاوچەرخ:

لە (دەوڵەت-شار)دا دەزگای دەوڵەتی تایبەتمەندو شاز بوونی نەبوو... دیموکراسیی ئەسینایی بە وردی بەمانای رەتکردنەوەی هەر جۆرە دابەشکردنێك بوو لەنێوان "دەوڵەت"و"کۆمەڵ" [19].

خراپ نییە وەبیری بێنینەوە کە دیموکراسی لە سەرەتادا چ مانایەکی هەبووەو چی بووە: ئەو کات دەوڵەتو کۆمەڵ هەردووکیان یەك بوون، ئەسکەلێتی هاووڵاتیان لەرێی بەشداری چالاکانە لە کاروباری سیاسیدا راستەوخۆ حکومەتی بەسەرخۆیدا دەکرد، ئەمە ئەرکێك بوو کە هەمیشە لەسەر شانی هاووڵاتیان خۆیان بوو.

# 3

# سەر لە نوێ دەرکەوتنەوەی دیموکراسی

رەنگە تێزە بنچینەییەکانی دیموکراسی واتە مافی سیاسی بۆ هەمووان (یا لانی کەم بۆ هەموو پیاوان)، پێکهێنانی دەوڵەتی پێکهاتوو لە هەژاران یا بەواتایەکی فراوانتر پێکهاتوو لە خەڵك‌و هەروەها نەهێشتنی زنجیرەی پلەو پایەو کاستە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان هەرگیز بەتەواوی فەرامۆش‌و پشت گوێ نەخرابن. ئەو ئەندێشە بنچینەییانە وەك ئارەزوویێك لە ساتە قەیراناوییەکان یاخود لە دەورانی شۆڕشدا، زۆر بەخێرایی‌و گەرم‌و گوڕانە دەردەکەون‌و سەر هەڵدەدەنەوە. ساڵی(١٣١٨) ئینگلیزە بەرهەڵستکارەکان دەیانگوت: (ئایا ئەو کاتەی باوکە ئادەم بە پێمەڕە زەوی دەکێڵاو دایکە حەوا تەشی دەڕست، ئەو ئەرستۆکراتانە لەکوێ بوون؟ ). هەندێ لەو کەسانەی کە لە شۆڕشی(کێت-Ket)* بەشداریان کردووە، دەگێڕنەوە کە خەڵك دەیگوت(پێشتر ئەرستۆکراتەکان حوکمیان گێڕاوە، ئێستاش ئەوان - واتە خەڵکە ئاساییەکە - دەیانەوێ حوکمڕانی بکەن) [1]. رەنگە ئەرکی دەرخستن‌و زیندووکردنەوەی ئەندێشەو ئارەزووەکانی ئەو زۆرینە

---

* R.Ket: (رۆبێرت کێت) ساڵی١٥٤٩ مردووە– رێبەری شۆڕشی جوتیاری نورد فولك لە ساڵی ١٥٤٩ کە پێدەچێ لە ئەنجامی ناڕەزایەتی سەبارەت بەدەست بەسەرداگرتنی زەوییە کۆمۆنییەکانی خەڵك دەستی پێکردبێت‌و دواتر سەرهەڵدان‌و راپەڕین‌و گرتنی شارەکانی لێکەوتەوە.



نادیارە، پڕۆژەو بەرنامەیەکی گرنگی مێژوونووسەکان بێت لەسەردەمێکی دیموکراتیانە. ئێستا کەمتر لە سەدەیەك بەسەر یەکەمین بڵاوکردنەوەی گفتوگۆکانی ساڵی١٦٤٧ی(پوتنی-Putney) تێپەڕیوە، کەچی تازە بەتازە کاریگەری( ئیمتیاز لابەران-Levellers)* دەستنیشان دەکەن. تەنانەت باسکردن لە بزاڤی (دیگەرەکان-Diggers)** دۆزینەوەیەکی تازەیە. هێشتا بەشێکی زۆر لە مێژووی بزاڤی ژنان‌و پیاوان پێویستی بە نووسینەوە هەیە...

بەم پێیە، ناکرێ بەدڵنیاییەوە قسە لەبارەی کاتی دیاریکراوی سەرهەڵدانی تێڕوانین‌و شێوازی کاری دیموکراتیانەی هاوچەرخ بکەین، بەڵام دەبینین ئاڵۆزیی گۆڕانی دیموکراسیانە لانی کەم لەدوو رەوتی گرنگدا شوێن پەنجەو ریشەی هەیە: یەکەمیان، لە پرۆتستانیزمی بزاڤی ریفۆرمی ئایینی***، میراتێکی یەکسانیخوازانە هەروەها بیرو کارکردگەلێکی خۆڕاگرانە لە بەرامبەر حوکمڕانانی سەردەم‌و تەنانەت جۆرێك دیموکراسیی رادیکاڵ کە لەوە سەرچاوە دەگرێت، هەیە. ئەوەی دووەمیش، میراتی ئایدۆلۆژییەو بنەمای فیۆدالیزمیشی تیادا بەرچاو دەکەوێت: ئەنجومەنی چینە باڵاکانی کۆمەڵ، کە زیاتر لە ئەرستۆکراتەکان، رۆحانییەکان‌و خەڵکانی‌تر

---

* (Levellers: بزاڤێکی سیاسی بوو لە سەردەمی جەنگی نێوخۆی ئینگلیستان (٤٢–١٦٤٨) کە خوازیاری یەکسانی، لێبوردنی مەزهەبی‌و لەنێوبردنی سیستمی پادشایەتی‌و ئەنجوومەنی نەجیبزادەکان بوو.

** Diggers:گروپێکی رادیکاڵ بوون بە رێبەریی (جرارد وینستانلی)(١٦٠٩–١٦٧٢) کە لایەنگری بەرقەرارکردنی جۆرێك کۆمۆنیزمی جوتیاری بوون لە زەوییە کشتوکاڵیەکاندا.

*** بزاڤێکی ئایینیە لە سەدەی شازدەهەم، کە خوازیاری ریفۆرمگەلێك بوو لە کڵێسای رۆم‌و پێکهێنانی کڵێسای پرۆتستانی لێکەوتەوە.

پێکدەهاتن. ئەو ئەنجومەنانە لە دەروونی کۆمەڵگەی فیۆدالییەوە سەریان هەڵداوەو زەحمەتە بتوانین بڵێین مەبەستی ئەوان نوێنەرایەتیکردنی باڵەکانی هەڵبژاردن یا دەستەو گروپە فراوانترە کۆمەڵایەتییەکان بووبێت. ڕەنگە کاتێ چاو بە رابردوودا دەخشێنینەوە وای ببینین کە تێکەڵیو لێکنزیکی ئەو دوو ڕەوتە گرنگەی ئاماژەمان پێیدا، شتێك نەبووبێت خۆی لێ لابدرێت، بەڵام شتێکی مایەی پێشبینی یا هەماهەنگو بەرنامەدار لەو بارەیەوە نەبووە.

بێگومان، هیچ یەك لە ئامانجەکانی دامەزرێنەرانی پرۆتستانیزم، هاندانی خەڵك نەبووە بۆ نارەزایی دەربڕین یا سەرپێچیکردن. (لوتەر) پێی وابوو (گوێڕایەڵی لە شازادەیەك تەنانەت ئەگەر کاری نەشیاوو هەڵەش بکات چاکترە نەك لە خەڵکێك کە کاری شیاوو بەرهەقیش بکەن)[2]. ئەو جیاوازییێکی زۆری لە نێوان پرسە مەعنەوییەکانو کاروباری ماددیدا دەبینیو پێی وابوو یاساکانو بەها پێویستەکانی ژیانی دەروونیو یاساکانو بەها پێویستەکانی ژیان، لە جیهانی وێرانو گوناهئامێزی دەرەکی، جیاوازن لەیەکتر. ئەو ساڵی١٥٢٥ بە گوندییە نارازییەکانی(سوابیا-Swabia )ی دەگوت: (ئینجیل، خۆی لە کێشەکانی ئەم دنیایە دەرگیرناکات). جیاوازیی ئەو دوو مەلەکووتی خواوەندو مەلەکووتی ئەم دنیایە، گەرچی جیاوازییێکی بنچینەییبوو، بەڵام لەو چەشنە جیاوازیانەیە کە وێناکردنیان کارێکی ئاسان نییە. هەم لۆتەرو هەم کالوین لەو باوەڕەدابوون کە حوکمڕانە غەیرە مەزهەبییەکان، هیچ دەسەڵاتو سەلاحیەتێکیان بەسەر کاروبارو پرسە مەعنەویەکاندا نییە، بەڵام ئایا چ کەسێك دەتوانێ حوکم بدات کە کاروباری مەعنەوی لە کوێوە کۆتایی دێو لەکوێ کاروباری دنیایی



دەست پێدەکات؟ . تێڕوانینی یەکسانیخوازانە کە دەڵێ هەموو مرۆڤێکی خاوەن باوەڕ دەتوانێ بگاتە پلەی کەشیشی، تەنها مەبەستی پرسە مەعنەوییەکان بوو، بەڵام دەبینین لۆتەر خۆی دەیپرسی( کاتێ کەشیشێك دەکوژرێ، هەموو وڵات دەکەوێتە پرسەو کاروبارەکان رادەگیرێن، ئەدی چما کە گوندێیك دەکوژرێ، ئەوە ناکرێت؟). جێی سەرسوڕمان نییە، کە چما زۆربەی هەژاران چوونە پاڵ مەزهەبی پرۆتستان، ئەوان بۆیە چوونە پاڵ ئەو مەزهەبە چونکە بە مەزهەبێکی یەکسانیخوازانەیان لێك دەدایەوە لەمانای فراوانی کۆمەڵایەتیو سیاسیدا. لەسەردەمی شابانوو (ئەلیزابێت)دا ئەو نەجیبزادەیە بۆیە داکۆکیی لەپلەی ئەسقۆفی دەکرد چونکە دەیزانی کە (ئەمڕۆ گوللە لە ئەسقۆفەکان دەگرن، ئەوا سبەیش کە ئەوان گلۆڵەیان کەوتە لێژی لوولەی چەکەکان روو لەوان دەکەن) [3].

باوەڕبوون بەوەی کە خوا راستەوخۆ قسە لەگەڵ ئادەمیزاد دەکات ورەو متمانە بەخۆبوونێکی فیداکارانەی بە پرۆتستانەکان بەخشی، کەپێشتر خەڵکی ئاسایی رۆژئاوایی هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا ئاشنا نەبوون. ئەو گیانفیدایییە مەزهەبییە کە هەر تایبەت بە پرۆتستانەکان نەبوو، دۆخێکی تازەی هێنایە ئاراوە، یەکەمین ئەزموونی دەسەڵاتی جەماوەریی سەردەمی نوێ سەری هەڵدا. لەوانەیە ناونانی ئەو ئەزموونانە بە(دیموکراسی) وەك شتێکی نابەجێ لێك بدرێتەوە، چونکە ئەوان کەسانێکی کراوەو ئەهلی لێبوردن نەبوون، خۆشەویستیەکەیان لەوە بەدیاردەکەوێ کە چینە خۆشگوزەرانو دەوڵەمەندەکان، بەترسو نیگەرانییەوە مامەڵەیان

لەگەڵدا دەكردن. ئەو (ئاناباپتیست)انەی* كە لە ساڵی ١٥٣٦دا درێژەیان بەرێی (تۆماس مونستێر)** دا، دوای زیاتر لەسەدەیەك، لەنێو تاكە هێژاكانی كۆمەڵدا وەك نموونەیەك لەو ئانارشیو درندەییو سەرشێتیە بوون كە ئەگەر(خەڵكەرەشۆكییەكە) دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست، بەسەر كۆمەڵدا حوكمڕانە. شاری(گێنت)(Ghent)، شارێكە لە باكووری رۆژئاوای بەلژیكا)ی كالوینیستی، لەدەیەی١٥٧٠و شاری پاریسیش لە ژێر هەژموونی كاتۆلیكیدا رەنگە لەسەردەمی نوێدا یەكەمین ئەزموون بووبن هەرچەند تەمەن درێژ نەبوون. ئەو تێڕوانینەی كە پرۆتستانەكانی فەرەنسا لەمەڕ رەشەكوژییە وەحشەتناكەكەی ساڵی١٥٧٢ی(سەنت بارتلمی)*** لە پاریس خستیانە رووو نووسیانەوە تا خۆڕاگریو بەرەنگاربوونەوەی خۆیان لەبەرامبەر فەرمانڕەوایی كاتۆلیكدا پایەرێژی بكەن، هەنگاوێكی زۆر بایەخدارە. دواتر، هۆڵەندییەكانیش لە بەرەنگارییەكانی سەردەمی سازشیان لە بەرامبەر حكومەتی ئیسپانیا لە هۆڵەندا دا ئەو جیهانبینییەیان كردە سەرمەشقی خۆیان. ریشەی ئەو تێڕوانینە واتە تێڕوانینی بەرەنگاری لەو جیاوازییە دێرینەدا بوو كە خەڵك لە نێوان پادشاو زۆرداردا دەیانبینی. بەپێی ئەو جیاكردنەوەیە، لە بەرامبەر پادشای خاوەن شەرعیەتدا نابێ بەرەنگاریو دەستكردنەوە هەبێت، بەڵام لە بەرامبەر

---

* ئەندامانی گروپێكی مەزهەبی لەسەدەی شازدە لە دەورانی ریفۆرماسیۆن كە لایەنگری چاكسازییە كۆمەڵایەتییەكان بوون.

** Munster: ١٤٨٩–١٥٢٥، شۆڕشگێری مەزهەبیی ئەڵمانی كە لە جەرەیانی راپەڕینی وەرزێرانی ئەڵمانیا لە ساڵی١٥٢٤دا لەسێدارە درا.

*** كۆمەڵكوژیی پرۆتستانەكان لەلایەن شارلی نۆیەم بە هاندانی كاترین دو مدیچی دایكی لە٢٥ی ئابی ساڵی١٥٧٢.



زۆرداران دەستكردنەوەو بەرەنگاری ئەركێكی رەوایە. ئەو پرسە دێرینە، لە نووسینو بەرهەمە سیاسییەكانی كالوینیزم لە ساڵانی دەیەی١٥٧٠دا بە شێوەیەكی بەرچاو باسی لێوە كراوە.

بە بڕوای (فرانسوا هوتمان-Francoie Hutman )ی نووسەری كتێبی (Francogallia)و هەروەها بە بڕوای نووسەری( هێشتا نادیار)ی(Vindiciae Contra tyrannos)و نووسەری سكۆتلەندی (جۆرج بوكنان-George Buchanan )، كە نووسینەكەی لە ژێر ناوی (De Jure Regniapud) كە لەهەمان ساڵدا لەژێر ناوو نیشانی(Vindiciae) بڵاوكرایەوە، ئەوە مافی خەڵكە كە حوكم بدەن ئایا ئەو فەرمانڕەوایە بۆتە فەرمانڕەوەوایەكی زۆردار یان نا. لەدیدگای ئەو سێ نووسەرە، دوایین چاوگی دەسەڵاتگەرێتیی پادشایی، خواوەند یا سونەتو نەریت نییە، بەڵكو چاوگەكە خەڵكانێكن یا ئەوەتا بەهۆی بڕیاردان لە بەرقەراركردنی حكومەتی پادشایەتی یاخود بە نوێكردنەوەی هەڵبژاردنی بەردەوامی فەرمانڕەواكان، شەرعیەتی پێدەبەخشن. هوتمان ئەوە دەخاتە روو كە: (رەنگە خەڵك بەبێ پادشا بن... بەڵام پادشا بەبێ خەڵك وەك شوانی بێ مێگەل وایە)[4]و دەیگوت كە حكومەتی دێرینی(Franco gallia ) (ملكەچی یاسای جێماوەیی نەبوو، وەك ئەوەی حكومەت سامانێكی جێماوەیی تایبەت بێت. لەوێ وا باوبوو كە بەبڕیارو دەنگدانی خەڵك، حكومەت هەڵدەبژێردرا). (لاپەرە ٢٤٧) . هوتمان پەنای بردە بەر رابردوویێكی خەیاڵی تاكو بنەمای حكومەتی جێماوەیی لەقاوبداتو جەخت لە مافی خەڵك بۆ هەڵبژاردنی حوكمڕانی خۆی بكاتەوە، تەنانەت ئەو حكومەتە جێماوەییە ئەگەر زۆرداریشی تێدا نەبێت. نووسەری(Vindiciae)یش بەم شێوەیە جەخت دەكاتەوەو دەڵێ:

(چونکە هیچ کەس بەتاجو سەرو گۆچانی پادشایەتیەوە لەدایك نەبووەو (چونکە) هیچ کەس ناتوانێ لەو گۆڕە خۆی بە پادشا بزانێو بەبێ بوونی خەڵك حکومەت بکات... بۆیە بمانەوێ یان نا ئەوە ساخ دەبێتەوە کە خەڵك ئەوانەی کردوون بە پادشا). ئەو لە درێژەی باسەکەیدا بە شێوەیەکی مانادارەوە ئەوە زیاد دەکات کە: (هێشتا ئەو نەریتە لە سەرجەم حکومەتەکانی خاوەن نەزمو شیرازەدا هەر هەیە)[5]. (جۆرج بوکنان)یش دەڵێ خەڵك سەرچاوەی سەرەکیی یاساکانن: (یاسا لە پادشا گرنگترو دەسەڵاتدارترەو خەڵکیش لە یاسا دەسەڵاتدارترە) چونکە (خەڵك هەم چاوگی یاساکانەو هەم داهێنەریشیانە)[6] بوکنان، وەك (Vindiciae ) ئەوە دەخاتە رووەوە کە پادشایەتی دەبێ لە خزمەتی خەڵکدا بێت. ئەو مەسەلەیە لە فەرمانی دانانی پادشای هۆلەندا لەساڵی١٥٨١دا رەنگی داوەتەوە: (خواوەند رەعیەتەکانی لەبەر خاتری شازادە خەڵق نەکردوون.. بە پێچەوانە شازادەی لەبەر خاتری ئەوان خەڵق کردووە)[7].

بەم پێیە، ئێمە لێرەوە لە دەستپێکی ئەم چاخە نوێیەدا. مانایەکی زۆر تەواومان لەمەڕ حاکمیەتی خەڵك لەبەر دەستدایە. خەڵك یاسا دادەنێنو حوکمڕانەکانی خۆیان هەڵدەبژێرن، حوکمڕانانیش خزمەتگوزاری خەڵکن. خواستو بانگەشەیەکی تەواو پێچەوانەو دژی ئەو تێڕوانینەش هەبوو کە زۆریش کاریگەر بوو، تێزی حاکمیەتی رەهاو بێ سنوور لە حاڵەتی فۆرمۆڵەبووندا بوو. ئەو تێزە بناخەو کۆڵەگەی ستەمێکی رەهابوو کە لە ئەورووپای سەدەکانی هەڤدەو هەژدەدا نموونەیەکی باڵادەستی حوکمڕانی بوو. ستەمو زۆرداریی رەها لە هەندێ وڵاتی وەك روسیاو نەمسا، تەنانەت تاکو سەدەی بیستەمیش هەر بەردەوام بوو. (ژان بۆدن-Bodin)لایەنگرێکی



سەرەکیی ئەو تێزەبوو لەسەردەمی نوێدا کە کتێبەکەی بەناوی (la Repulique six Livers de Les) لەهەمان دەیەی ١٥٧٠ دا بڵاوکرایەوە، ئەو پێی وایە:

لەراستیدا مافی سەپاندنی یاساکان بەسەر خەڵکداو بە شێوەیەکی گشتی بەبێ پرسی ئەوان، تایبەتمەندێتیی سەرەکیی حاکمیەتی پیرۆزو دەسەڵاتی رەهایە.. یاسا جگە لە فەرمانی حاکمیەت بۆ پیادەکردنوسەپاندنی دەسەڵاتی خۆی شتێکی تر نییە.

ئەو کاتەی کە حاکمیەتی رەها، لەسەدەیحەڤدەهەمدا دەسەڵاتی گرتە دەست، زۆربەی ئەنجوومەنە کۆنەکانی هەرێمەکان داخرانو گۆڕانی پلە بەپلەی ئەو ئەنجومەنانە بۆ پارلەمان لە چاخی نوێ، کە لە ئینگلیستان روویدا. لەسەرەتای شکلگیریی ئەورووپای نوێ،زیاتر حوکمێکی ناوازە بوو، نەك بنەمایەکی گشتی. بەڵام، ئایا (خەڵك) چ کەسانێکی لەخۆ دەگرت کە لەلایەن نووسەرانی لایەنگیری کالوینو پرۆتستانەکانی فەرەنسا ئاوا لێبراوانە داکۆکی لە مافەکانیان دەکرا دژی داواکارانی دەسەڵاتی پادشایەتی؟. لێرەدا لەگەڵ ترس لە خەڵك یان(کۆمەڵانی بەربڵاو)دا رووبەرووین، کە لەکاتی دەرکەوتنەوەی سەر لەنوێی دیموکراسی لەم سەردەمەدا،مەسەلەیەکی دووپاتەیە. بوکنانو نووسەری(Vindiciae) بەراشکاوییەوە بەوە تاوانبار دەکرێن کە دەیانەوێ دوایین دەسەڵاتی سیاسی بخەنە بەردەستی کۆمەڵانی بەربڵاو(عوام الناس)،یاوەك ئەوان دەڵێن (جانەوەرێکی خاوەن هەزاران سەر). لە(Vindiciae)دا وەڵامەکە بەم شێوەیەیە: (کاتێ کە ئێمە قسە لەسەرجەم خەڵکەوە دەکەین، مەبەستمان تەنها ئەوانەیە کە دەسەڵاتدارێتیی خۆیان لە خەڵکەوە وەرگرتووە، واتە دادگەرەکان... کە خەڵك دایناونو هەڵیبژاردوون، تاکو نوێنەرایەتیی هەموو خەڵك

بکەن، لەهەمان کاتدا مەبەستمان ئەنجوومەنی هەرێمەکانیشە).(لاپەرە٩٧). بوکنانیش وەڵامێکی هاوشێوە، هەرچەندە کەمێك رادیکاڵتر دەداتەوە. وەڵامی(هاتمەن) سەرەنجڕاکێشترە، چونکە ئەو لەچاپی یەکەمی کتێبەکەیدا دەستەواژەی (Populus)(کۆمەڵ)ی بەکار هێنابووو لە چاپی١٥٧٦، دەستەواژەی(Ordines)ی بەمانای نەزمو ڕێو شوێنی هەرێمەکان خستەرووەوە تاکو (مانایەکی روون) بداتە دەستەوە. ئەو کارەی لەپێناو ئەوە کردووە تاکو ئەو کەسانە دڵنیا بکات کە سەبارەت بە دەنگدانەوەی ترسناکی دیموکراتیانەی چاپی یەکەمی کتێبەکەی نیگەرانو هەراسان بوون.

ئەو نووسەرانە لەگەڵ مەسەلەیەکی تاکتیکیو بونیادی لە کامڵبوونی تیۆری دیموکراتیکدا روو بەروو بوون. ئاشکرایە کە هەندێ لە چەمکەکانی حاکمیەتی خەڵك لە خزمەتی پێکهێنانی بونیادێکی پێویستو شیاو دابوون بۆ رووبەروو بوونەوە لەگەڵ تێورو رەفتاری زۆرداریتیی رەها. بەڵام حاکمیەتی خەڵك، بەهۆی ماهیەتەکەیەوە، زمانێکی هەمەگیرانەی هەبوو، ئەو زمانە دەبوو چۆن بەکار بهێنرایە کە لە بەرژەوەندیی تاکە بەرپرسو هێزاکانی کۆمەڵ دا بێت بێ ئەوەی چەکێکی ئایدۆلۆژی بخاتە دەستی (کۆمەڵانی بەربڵاو)و ئەو کەسانەی کە خۆیان بەقسەکەری ئەوانە دەدایە قەڵەم؟، ئەو ئاستەنگە لە سەرانسەری مێژووی بزاڤە لیبرالو دیموکراتیەکاندا هەبووە، چونکە گروپە رادیکاڵەکان، بە بەردەوامی جیهانبینی بەرواڵەت گشتیان زۆر زیاتر لەوەی کە چینە سەردەستەکان مەبەستیان بوو، پەرە پێدەدا.

(ئیمتیاز لابەران)یەکێ لەو گروپانە بوون کە وەك هێزێکی سیاسیی گرنگ لە دوا دواییەکانی دەیەی١٦٤٠ سەریان هەڵدا. ئەوان دەیانگوت



(یەکەمین حزبی سیاسیی رادیکال- دیموکراتیك لە جیهان) ئەوانن. چونکە هەروەك(ئەی.ئێل. مورتون-A.L.Morton ) وەبیری دینێتەوە ئەوان بەرنامەیەکی نووسراویان هەبوو بۆ ریفۆرمە گشتییەکانو ڕێبازی سیاسیان. رێکخراوەکەی ئەوان خاوەنی دەزگای رێبەری بووو ئەندامگەلێکیان هەبوو کە ئابوونەی ئەندامەتیان دەداو لەدەستەو گروپی ناوچەیی پێك هاتبوون [9]، بەڵام بەوەشەوە، حزبێکی پارلەمانی نەبوون. لایەنگرانێکیان لە پارلەمان هەبوو، بەڵام قورسایی هێزو دەسەڵاتیان لە دەرەوەی پارلەماندا بوو و ستراتیژیان بریتی بوو لە ئامادەسازیو ئاراستەکردنی ئەو لایەنگرانەیان لە ڕێی خۆپیشاندان، داخوازیو یادداشت نووسینو خۆ رێکخستن لە ریزەکانی سوپادا. ئەندامانی پارلەمان کەبەر لە جەنگی نێوخۆ هەڵبژێردرا بوون، لەنێو ئەو کەسانەی کە دژی پادشا خەباتو چالاکیان دەکرد، ئیدی نوێنەرایەتیی رای گشتیان نەدەکرد. هەروەك دەبینین ئەزموونی جەنگ لەهەموو سەردەمێکدا شوێنەواری خۆی دروست دەکات، بەهەمان شێوە ئەزموونی شەڕی نێوخۆ متمانەو بڕوا بەخۆبوونێکی تازەو فراوانی لەمەڕ بەهاوپایەی کەسێتی بەوانە بەخشیبوو کە لەو شەڕە بەشداریان کردبووو لەنێو نەچووبوون. (ئیمتیاز لابەران) بە پشت بەستن بەو متمانە بەخۆبوونەیان، کۆمەڵێك خواستی سیاسیی دیموکراتیکیتۆکمەیان خستە رووەوە. لەمیانی باسو مشتومڕێکی بەناوبانگی نێوان (ئیمتیاز لابەران)و رێبەرانی سوپا، بەتایبەت کرامویلو(ئایرتون-Ireton) کە لە پاییزی ساڵی١٦٤٧ لە (پوتنی) ئەنجام درا. (ئیمتیاز لابەران (پێیان وابوو کە بۆ داکۆکی کردن لە پارلەمان جەنگاون، دەبێ مافی دەنگدانیان هەبێت. (ماکسیمیلیان پێتی- Maximilion Petty) دەیگوت: (کە خەڵك حەوت ساڵ جەنگو

خۆڕاگریان نواندوه تاکو لەجەنگی زۆرداریو ستەم دەربازیان بێت، بێگومان ئەوەیان لەپێناو ئازادیی خۆیان کردووه)[10]. هەروەها کاتێك کە (ئایرتون) گوتی دەبێ مافی دەنگدان تایبەت بێت بەوانەی کە خاوەنی دارایییێکی دیاریکراون، (ئیدوارد سێکس بای-Edward Sexby ) بە هەڵچوونەوە وەڵامی دایەوە:

هەزاران سەرباز وەکو ئێمە ژیانیخۆیان خستە مەترسییەوە. ئێمە لە وڵاتدا موڵكو دارایییێکی زۆرکەممان هەبوو، بەڵام مافی مرۆییمان هەیە. ئێستا دەبینین لەو کەسانە بترازێ کە موڵكو دارایییێکی جێگیریان هەیە، کەسیتر لەوڵاتی خۆیدا مافێکی نییە. تاساوم لەو هەموو فریو خواردنەمان. ئەگەر ئێمە لە وڵاتی خۆمان مافێکمان نەبێت کەواتە تەنها کۆمەڵە سەربازێکی بەکرێگیراو بووینو بەس. (لاپەڕە ٦٩).

کاتێك کە (ئایرتون) لێکۆڵینەوەیەکی سەبارەت بەیاسای بنەڕەتی نوێ واتە ڕێککەوتننامەی خەڵك، کە تیایدا هاتبوو (هەموو پیاوێکی دانیشتووی ئینگلیستان مافی دەنگدانی هەیە) ئەنجام دا، کۆلۆنێل (تۆماس ڕاین بۆرۆ-ThomasRainborough) بە چەند وشەیەك وەڵامی دایەوە کە ئێستا ئەوچەند وشەیە وەك بنەمای بەناوبانگی حکومەت لەسەر بنچینەی ڕەزامەندیی گشتی ناسراوە:

بەڕاستی، من پێم وایە کە هەژاران وەك دەوڵەمەندەکان بەو پێیەی خەڵکانێکن لە ئینگلیستاندا دەژین، مافی ژیانیان هەیە، بۆیە بەڕێز، بەڕاستی من وای دەبینم ئەوە چەندو چوونی تیانییە کە هەموو کەسێك لەهەر حکومەتێکدا، دەبێ یەکەمین شت بەپێی ڕەزامەندیی خۆی یاساو ڕێساکانی ئەو حکومەتە قەبووڵ بکاتو لەسەر ئەو باوەڕەم کە هەژارترین کەس لە ئینگلیستان، بەهیچ شێوەیەك نابێت



بە مانای تەواوی وشەوە پابەندو گوێڕایەڵی حکومەتێك بێت کە هیچ شوێندەستو نفوزێکی تیادا نەبێت،.. (لاپەرە٥٣)

(جۆن وایڵدمان- John Wildman) نزیکەی هەمان ئەو مەسەلەیەی دەربڕیووە: (وا هەست دەکەم، ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە تەواوی دەوڵەتەکان زادەو بەرهەمی ڕەزامەندیی ئازادانەی خەڵکن). (لاپەڕە٦٦)

بەڵام تەنانەت دەبێ ئەو پرسیارە لە (ئیمتیاز لابەران)یش بکەین: خەڵك لەچ کەسانێك پێك دێت؟ ..ئەوە روونە کە ژنان بەدەرن لەو پێکهاتەیە! ، ئەگەرچی ژنانی (ئیمتیاز لابەران) لانی کەم جارێك داکۆکیان لە( بەرژەوەندیی یەکسان لەگەڵ پیاوانی ئەم میللەتە لە ئازادیو ئاسایشێك کە لەدادخواستی مافو یاسا چاکەکانی تری ئەم وڵاتەدا هاتووە، کردووە. (س.ب. مەك فەرسۆن) ئەو باسەی خستۆتە روو کە (ئیمتیاز لابەران) هەروا خوازیاری ئەوەش بوون کە هەموو مووچەخۆران یا خزمەتگوزاران لە مافی دەنگدان بێبەش بکرێن. وایدەبینم کە لەو بارەیەوە، بێویژدانی دەرهەق بە گیانی یەکسانیخوازانەی ئەوان کراوە[11]. بەڵام پێدەچێ کە (ئیمتیاز لابەران) لەقۆناغە جیا جیاکاندا، بەهۆی پێشنیازەکانی خۆیان، بەکردەوە ڕێگەیان نەداوە کە هەموو پیاوان خاوەنی مافی دەنگدان بن. جارێکیتر، قسەو دەمەتەقێی گشتی، سیمای واقیعیەتی سنووورداری (دیموکراسی) دادەپۆشێ.

لەگەڵ ئەوەشدا، (ئیمتیاز لابەران) دژی ئەو بۆچوونە کۆنە وەستان کە مافی سیاسی تەنها تایبەت بە دەوڵەمەندان یاخود زەویداران دەزانیو داکۆکیان لەو پێشمەرجە دیموکراتییە کرد کە ئەو کەسانەش کە (کرامویڵ) بە لووت بەرزیو فیزەوە (جگە لە مافی هەناسەدان)

هیچ مافێكی پێ‌ڕەوا نەدەبینین، خاوەنی مافی سیاسیی خۆیانن. ئەوان هەروەها لە نێوان خەڵك‌و پارلەمان ئەولەویەتیان دەدایە خەڵك‌و داكۆكیان لێی دەكرد. بەم شێوەیە نووسەری (نارەزایەتیی هەزاران هاووڵاتی) كە ڕەنگە (ریچارد ئۆڤەرتون-Rechard Overton) بێت، ساڵی ١٦٤٦ روو لە ئەنجومەنی گشتی خەڵك دەنووسێ: (ئێمە سەرۆكی ئێوەین‌و ئێوە كارگوزاری ئێمەن... هەمان ئەو دەسەڵاتەمان پێ بەخشیوون كە ئێمە هەمانە.. چونكە ئەگەر پێمان وابوایە پاراستنی دەسەڵات كارێكی ئاسانە، ئەوا خۆمان بەبێ ئێوە پێی هەڵدەستاین‌و شانمان دەدایە بەری..)[12] .

دەبێ سەرنج بدەین كە تاراددەیەك لە مانای دیموكراسیی لای یۆنانییەكان كە بریتیە لە حكومەتی خودی خەڵك، دووركەوتووینەتەوە. ئێستا قسە لەسەر مەسەلەی مافی خەڵكە لە هەڵبژاردنی نوێنەرو قسەكەرو وەڵامدەرەوەكانی خۆیان. پارلەمان بەو نێوەرۆكە ئینگلیزییەی بوو بەمەكۆو نێوەندێكی خەبات لە پێناو دیموكراسی‌و چەند سەدەیەكیش دواتر ئەو دۆخە درێژە دەكێشێ. لەلایەكی‌تر (ئیمتیاز لابەران) هەرگیز قەبووڵیان نەكرد كە حاكمیەت لە پارلەمانەوە بێت. بەپێی پێناسەی دیموكراسی، خەڵك فەرمانڕەوا بوون‌و ئەندامانی پارلەمان كارگوزاریان بوون‌و دەبوایە ئیرادەی ئەو خەڵكە جێبەجێ بكەن. ئەو ئەندامانەی پارلەمان كە لەو كارەدا كەمتەرخەمیان كردبا، دەبوایە لە نوێنەرایەتی دوور بخرابانەوە. (ئیمتیاز لابەران) لایەنگری هەڵبژاردنی ساڵانە یا هەردوو ساڵ جارێك بوون‌و پێشنیازی ئەوەیان دەكرد كە نابێ هیچ كەس بۆی هەبێ لەدوو خولی بەدوایەكدا بۆ هەڵبژاردنی پارلەمان كاندید بكرێت. هەروەها خوزیاری ئەوەبوون كە پرەنسیپی هەڵبژاردنی خەڵكیی لەدەرەوەی



پارلەمانیشدا پیادە بكرێت. لەو بارەیەوە پێشنیازی ئەوەیان كرد كە دادوەرو دۆزگەرەكانیش ساڵانە هەڵبژێردرێن[13]. دەسەڵاتی خەڵك لە روانگەی ئەوانەوە لە نێو سیستمی سیاسی‌و كۆمەڵایەتیی نوێدا جێی گرتبوو.

بەڵام لە كردەوەدا، دیدگاكانی كرامویل‌و ئایرتون زاڵ بوون. خاوەنێتی، هەر پێشمەرجی مافە سیاسییەكان مایەوەو پاساوی (ئایرتۆن) لە(پوتنی) كە دەیگوت (ئەگەر بڕیاربێت خاوەنێتی هەر وەك خۆی پارێزراو بێت، ناكرێ ئازادی بە مانا و تێگەیشتنی گشتییەوە بخرێتە بەر دەستی هەمووان) (لاپەرە ٧٣)، لەلایەن دەوڵەمەندانی حوكمڕان وەكو راستییەكی پێویستی سیاسەت قەبووڵ كرا. دوا بەدوای رێككەوتنی ساڵی(١٦٨٨-١٦٨٩)، بە تایبەتی زۆر راشكاوانە تر جەختی لەسەر كرایەوە كە دەسەڵاتی سیاسی وەك مافێك هی دەوڵەمەندەكانە.

(جۆن لۆك-John Locke)( فەیلەسووفی ئینگلیزی ١٦٨٩-١٧٠٤) فەیلەسوفێكە كە ناوەكەی زیاتر پەیوەندی لەگەڵ رێككەوتنی ساڵی(١٦٨٨-١٦٨٩) لە ئینگلیستان هەیە. ئەگەرچی كتێبەكەی ئەو بەناوی (دوو پەیامی دەوڵەت SecondTreatiseofGovernment) بەجۆرێك بۆ خستنەرووو ئاراستەكردنی ئەو رێككەوتنە حساب دەكرێت، بەڵام بە ئەگەری زۆرەوە لە وەڵامی كتێبی (قەیرانی بێبەشی-Exclsion Crisis ) لە ساڵی(١٦٧٩-١٦٨٠) دا نووسراوە. لۆك بەراستی بەرەوتی گەشەسەندنی ئەندێشەی سیاسی لیبراڵ پەیوەست كراوەو ناوی ئەو فەیلەسوفە ناوادارە زیاتر لەگەڵ ئەندێشەی دیموكراسی گرێ دراوە. ئەم مەسەلەیە بۆ وایە؟ بە بڕوای لۆك، بنچینەی دەوڵەتی مەدەنی لە بەرامبەر حكومەتی زۆردارانە یا

حکومەتی رەها، دەبێ لەسەر بنەمای پەیمان یا رەزامەندیی خەڵك جێگیر بێت. دەوڵەت ئەمانەتێکە لەلایەن خەڵکەوە دەدرێت. ئەگەر ناپاکییەك لەو ئەمانەتەدا روو بدات- وەك ئەوەی( ویگەکان)* پێیان وابوو کە جیمزی دووەم (پادشای ئینگلیستان١٦٣٣-١٧٠١) ناپاکی کردووە، خەڵك ئەو مافەی هەیە کە بەرەنگاری دەوڵەت بێتەوەو دەوڵەتێکی‌تر لە شوێنی ئەوەی پێشوو پێك بێنێ. بەم شێوەیە، لۆك لایەنگری نەریتی تیۆری پەیماننامەیە کە هەمیشە ئەو مانایە دەداتە دەستەوە کە دوا دەسەڵاتی سیاسیو حقوقی پەیوەستە بەخەڵکەوە. ئەو راستیەی کە لۆك بەراشکاوییەوە مافی بەرەنگاری هێناوەتە نێوو بەرەوای زانیووە، سیمایەکی شۆڕشگێڕانە دەداتە تێڕوانینو هەنگاوەکانی ئەوەوە کە دواتر رادیکاڵەکان سوودێکی زۆر کاریگەریان لێ وەرگرت.

لەلایەکی‌تر، بۆچوونی لۆك لەبارەی پێکهێنانی دەوڵەت لەسەر بنەمای رەزامەندیی خەڵك، دیموکراتیانە نییە. خەڵك دەتوانێ رەزامەندیی خۆی لەسەر هەر شێوەیەك لە حکومەتی مەدەنی یا حکومەتێك کە هەماهەنگو هاوتەریب بێت لەگەڵ یاسای بنەرەتی خۆی حەزی لێ بێت، بدات.(لۆك هەوڵی دەدا تاکو خەڵك وەك سەرچاوەی دەسەڵاتو هەژموونی دەوڵەت، رەسمیەت وەربگرێ. ئەو هیچ جیاوازییێکی لەنێوان شێوە جیاجیاکانی دەوڵەت کە لەسەر بنەمای رەزامەندیی خەڵکەوە جێگیرن، نەدەبینی[14]. رەزامەندیی خەڵك بۆ سیستم یا پێکهاتەی حکومەتی پێویستە نەك بۆ ئەم یان

---

* Whig :یەکێ لە حزبە سیاسییە سەرەکییەکان لە ئینگلیستان لە سەدەی هەژدەهەم کە خوازیاری سنووربەندی دەربارو پەرەپێدانی دەسەڵاتی پارلەمانی بوو.



ئەو دەوڵەتی تایبەت، بڕیار یاخود شێوازو رێبازە دیاریکراوەکان مەسەلەیەکی ترن.

وێڕای ئەو لێکدانەوەو هەڵێنجانەی لۆك لەپرسی رەزامەندیی خەڵك هێندە مایەی گۆڕانە کە ئەو بۆچوونە لە نێوەرۆکەوە خاڵی دەکاتەوە. چونکە هەر تەنها گەورەساڵان دەتوانن رەزامەندیی خۆیان دەربڕنو رابگەیەنن، ئەوا ئەو بەشێوەیەکی لۆژیکانە ناچارە دان بەوەدا بنێت کە منداڵان (بێ ئەوەی سەر بە هیچ وڵات یان دەوڵەتێك بن، لەدایك دەبن)[15]. کەسێکی پێگەیوو (رەگەزی نێر) کاتێك کە دەگاتە تەمەنی یاسایی رەزامەندی خۆی دەدات، بەڵام چۆن چۆنی؟ بە قەبووڵکردنی ئەو موڵكو داراییەی کە لە باوکییەوە بە میرات بۆی دەمینێتەوە. ئەدی ئەوانەی هیچ شتێکیان نییە کە بە میرات بۆیان بمێنێتەوە، چ دەبێت؟ (لۆك) لە بارەی ئەوانە بێدەنگی لێ‌دەکات. ئایا ئەو بێدەنگییە بەراستی لەبەر ئەوەیە کە رەزامەندی هەژارانی ناوێت؟، داکۆکیکەرانی لۆك پێیان خۆش نییە ئەو تێڕوانینە پشتڕاست بکەنو بیسەلمێنن.

لەلایەکی‌تر، رێی تێ ناچێ کەزۆربەی پیاوانی بەتەمەنی ئینگلیستان بەرەزامەندیی خۆیان ئەوە قەبووڵ بکەن کە هیچ مافێکی سیاسیان نەبێت، چونکە لەقسەکانی لۆك وادەردەکەوێ کە ئینگلیستان وڵاتێکە حکومەتەکەی بە پێی رەزامەندیی خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێ. لۆك هەروەها لەو بڕوایەش دایە کەبوونی خەڵك لەچوارچێوەی وڵاتێکی دیاریکراودا، بەشێوەیەکی ئاماژەیی واتە رەزامەندیی ئەو خەڵکە لە سیستمی سیاسی ئەو وڵاتە. بەم تەرزە، ئەو چەمکە بەرواڵەت زیندووو پۆزەتیڤە- یانی رەزامەندێتیی خەڵك بە نەزانینییەکی رووت لێك دەدرێتەوە.

به بوونی ئەو تەمو مژەی كە لە هەڵێنجانی لۆكدا هەیە سەبارەت بە خاوەنێتی، كە هەندێ جار بە(ژیانی تاكەكان، ئازادییەكانو داراییەكان) ناودەبرێتو جاری واش هەیە تەنها (داراییەكان) یا دارایی بەهەمان مانای سادەیەوە، روون نییە كە ئایا دەوڵەت لە پێناو بەرژەوندیی هەموو خەڵك هاتۆتە كایەوە یاخود تەنها بۆ دەوڵەمەندەكان بەمانای باوییەوە. ئەو جۆرە كۆمەڵە دەبێ دوو دەستەو دوو ئاستی ئەندامەتی تیا بێت كە تیایدا دەوڵەمەندەكان خاوەنی هەموو مافێكی سیاسی بنو(س،ب. مەك فەرسۆن) پێی وایە[16] لەوانەیە لۆك باوەڕی بەوە هەبێتو لەوانەشە نەیبێت..بەڵام بمانەوێ یان نا لێكدانەوەو هەڵێنجانی لۆك بەو شێوەیە، لەقازانجی چینی ئەرستۆكراتی خاوەن زەوی حوكمڕان بوو. بەم جۆرە، لۆك بنەمای حاكمیەتی خەڵك، رەزامەندیی گشتیو مافی بەرەنگاریو سەرجەم بوویەرەرادیكاڵە كاریگەرەكانی ئاوێتەی تێڕوانینێك كرد كە تیایدا خاوەنێتیو مافی خاوەندارێتی خاوەنی دوایین قسەیە. بەم شێوەیە، ئەندێشە سەرەكییەكانی دیموكراتی، بۆ خزمەتی حكومەتی ئولیگارشیی دەوڵەمەند وەرگۆڕاون، وەك چۆن (باسیل ویللی-Basil Willey) نووسیوویە:

(مافی مرۆڤ، تا ئێستا مافی دەوڵەندەكان بووە)[17]. بەمەشەوە، (كۆمەڵانی بەربڵاوی خەڵك) یا وشەی (گەجەرو گوجەر) كە تا ئەو كاتە بەكار دەهێنران، بەراشكاوی لە پێناسەی (خەڵك) لابردران. (جیمز تیرێل-James Tyrrey) ی دۆستی لۆك، ئەو مەسەلەیەی وا دەربڕیوە:

ئومێدەوارم خوێنەر ئەوەی لەبیربێت كە دەستەواژەی خەڵك بەماناو تێگەیشتنی رەشۆكیانە(عامیانە) یا گاڵتەئامێز بەكار ناهێنم، بەڵكو



مەبەستم سەرجەم كۆمەڵە كە رۆحانییەكان، نەجیبزادەكانو خەڵكی ئاسایی دەگرێتەوە...

هەروەها لە درێژەی باسەكەیدا دەڵێ: (كاتێك كە دەستەواژەی خەڵك بەكار دێنم، مەبەستم( كۆمەڵانی بەربڵاو) یا گەجەرو گوجەرەكان نییە)[18]. بەهەمان شێوە، دەستەواژەی (مرۆڤی ئازاد) كە لەو دەمەدا لەبرەو دابوو، بەمانای زۆر سنووردارییەوە بەكار دەبردرا، وەك چۆن (لۆرد هاردویك-Lord Hard Wicke) لە ساڵی ١٧٥٧دا رایگەیاند: (پیاوانێك كە خاوەنی دارایین، تەنها ئەوانە كەسە ئازادەكانی ئێمەن..)[19] (دانییل دیفۆ-Daniel Defoe ) ١٦٦٠-١٧٣١ نووسەری ئینگلیزیو خاوەنی شاكاری بەناوبانگی (رابینسۆن كرۆزێ) خاوەندارانی رەهاو دانیشتووانی تری ئینگلیستانی جیا لەیەكتر دەزانینو ئەوەی خستەروو كە مادام خاوەندارانی رەها خاوەنی وڵاتن، ئەوا ئەو مافەیان هەیە كە یاساكان دابێننو ئەو یاسایانە بەسەر دانیشتووانی وڵات كە بەگوتەی ئەو ، لەكردەوەدا تەنها (كرێ نشین)ن پیادە بكەن[20]. تەنها دەوڵەمەندان خاوەنی سەربەخۆیی ئەو ئابوورییە پێویستەن كە بتوانن پیاوانی ئازاد بن. ئەو دەرەنجامەیان لەو مەسەلەیە وەردەگرت كە پێویستە تا دەكرێ خاوەندارێتی پەرەپێبدرێ، تاكو بازنەی هاووڵاتیان بەرفراوانتر ببێت. بەڵام دوای ساڵی١٦٨٨ پارلەمانی ژێر دەسەڵاتی (ویگەكان) لەبری پەرەپێدانی مافی دەنگدان، ئەو مافەیان بەرتەسك كردو تەنانەت ژمارەیەكیش لە خەڵك مافی دەنگدانی خۆیان لەدەست دا. بە فەرمانێك ساڵی١٧١٦ خولی پارلەمان لە سێ ساڵ كرا بە حەوت ساڵو زۆربەی هەڵبژاردنەكان بەبێ ركابەری بەڕێوە دەبران.[21] بە پێچەوانەی ئەوەی كە مێژوونووسانی (ویگ) هەوڵیان داوە، وانیشان بدەن، سەدەی هەژدەهەم

سەردەمی پێشکەوتنی پلە بەپلەی دیموکراسی نەبوو لە ئینگلیستان، بەڵکو بە پاشەکشەیەکی تەواو دادەنرێت. هەژاران یاوەك ئەوەی (هێنری فوکس- Henry Fox )، باوکی (چارلز جیمز-Charles James ١٧٤٩-١٨٠٦، سیاسەتمەدارو وەزیری کاروباری دەرەوەی ئینگلیستان)بە (گەجەرو گوجەر) یا (پاشماوەکانی خەڵك) ناوی بردوون، بەهۆی نەزانینو ناهۆشیاری، یا نەبوونی سەربەخۆییەك کە پێیان وابوو خاوەنێتی دەبەخشێ، نەك هەر ئەو مەرجە پێویستانەیان تیا نەبوو کە حکومەت بکەن، بەڵکو تەنانەت بە هەڕەشەیەکیش دەزانران بۆ سەر ئازادی، ئەو ئازادییەی کە لەسەر ئاستی جیهانییەوە بووبووە هۆی ناوبانگدەرکردنی ئینگلیستان. (جۆن وێسلی-John Wesley ١٧٠٣-١٧٩١، کەشیشو بنیاتنەری گروپی مێتۆدوێستەکان) دەیگوت: (تا پشکی خەڵك لە حکومەتدا زیاتر ببێت، ئازادیی مەدەنیو مەزهەبی میللەت کەمتر دەبێتەوە)[22].

(ئەدموند بورك)، سیاسەتمەداری (ویگ) کە دواتر وەك فەیلەسوفی بنیاتنەری محافزکاری نوێی ئینگلیستان ناسرا، بێ چەندو چوون هاودەنگی خۆی لەگەڵ ئەو تێڕوانینە دەربڕی. ناوی(بورك) نەك تەنها وەکو محافزکار، بەڵکو لەسەرجەمدا لەگەڵ فەلسەفەی بونیادی سیاسەتی دیموکراتیکی ئینگلیستاندا ئاوێتەو پەیوەست بووە، بە تایبەت بەو دەربڕینانەی کە سەبارەت بە رۆڵی حزب لە سیاسەتو هەروەها ماهیەتی نوێنەرایەتی دەریبڕیووە. (ئەم باسەی دوایی لەبەشی هەشتەمدا دێینەوە سەری) بەم شێوەیە، مەسەلەکە بە تەواوی روون دەبێتەوە، چونکە بێگومان (بورك) کەسێکی دیموکرات نییە. (بورك) وێرای کاردانەوەی فراوانی دژی شۆڕوشەوقی خەڵك لەنێویاندا دوستانو هاوکارانی خۆی وەکو (چارلز جیمز)و(فۆکس) کە



لایەنگری (ویگ)ەکان بوونو پێشوازیان لە شۆڕشی فەرەنسا کردوە، بەدەربڕینی توندوتیژانە دیموکراسی خستەبەر رەخنەی خۆیەوە. ئەو دژی ئەو ئەندێشەیە بوو کە بەهاو کارایی دەنگی کەسێکی لەگەڵ دەنگی یەکێکیتر بەیەك دەزانی: (دەڵێن بیستوچوار ملیۆن کەس دەبێ حوکم بەسەر دووسەد هەزار کەسدا بکەنو حوکمڕانیان بن). ئەو هەروەها یەکێ لە چاوگە سەرەکییەکانی تیۆرێکە کە شكو گومانێکی لە نێوان زۆر کەسدا دروست کردووە، بە گوێرەی ئەو تێڕوانینە، دیموکراسی خۆی زۆرداریێتیی زۆرینەیە: (زۆرداریی کۆمەڵانی بەربلاو، هەرهەمان زۆرداریی گەورە کراوە)[23].

هەڵبەتە ئەو مەسەلەیە بەتەواوی راستە کە (بورك) باوەڕێکی پتەوی بە حکومەتی پارلەمانیو حاکمیەتی پارلەمانی هەبوو، بەڵام ئەو دوو مەسەلەیە یەك شت نین. پارلەمانێك کە (بورك) داکۆکی لێدەکردو دژی دەسکاریو چاکسازی بوو تیایدا، پارلەمانێك بوو کە خاوەن زەوییەکان تیایدا باڵادەستو زاڵ بوون. بەبڕوای بورك کە ئەو کات تێڕوانینێکی راستڕەوانە بوو، ئەو بارودۆخە لە پارلەماندا بەتەواوی ئاسایی بوو. خاوەنداران دەبێ حکومەت بکەن. دەبێ تواناو ئامادەییو خاوەنێتی پایەو شوێنگەیەکی لە دەسەڵاتی یاساداناندا هەبێت، بەڵام دەبێ خاوەنێتی( بەدەر لەهەر رێژەیی بوونێك رۆڵی سەرەکی لە نوێنەرایەتیدا هەبێت). بە بڕوای ئەو، ئەو مەسەلەیەش تەواو دروست بوو کە خاوەن زەوییە گەورەکان دەبێ دەسەڵاتیان هەبێت: (ئەوان بۆ خاوەندارانی بچووکتر لەهەموو ئاستەکاندا چوارچێوەیەکی پارێزراو پێك دێنن).(لاپەرە ١٤٠) (بورك) بەو بۆچوونەی کە(خەڵك) تەنها ئەو کەسانەن کە مافی دەنگدانیان هەیە، ژمارەی ئەوانی لە ئینگلیستانو سکۆتلەندا بە(٤٠٠٠٠٠ )کەس بەراورد

دەكرد. ئەو كە بەهيچ شێوەيەك ئامادە نەبوو ئەو ژمارەيە زياتر بكات، لەساڵی ١٧٦٩دا پشتيوانی لە كەمكردنەوەی ژمارەی دەنگدەران دەكرد.[24]

لەديدی بوركدا، شۆڕشی فەرەنسا بەو داكۆكيكردنەی كە لە يەكسانی مرۆڤەكانی دەكردو پێی وابوو كە(هەموو كارێك شەرافەتمەندانەيە)و مافی بەشداريكردنی كەسانی (نزموهيچی) وەكو (ئارايشگەران)و ئەوانەی كاری (تواندنەوەی چەوری )يان دەكرد، لەسياسەتدا قەبووڵ بوو، دژی سيستمی سروشتی كۆمەڵی مرۆيی رابوو:

بەو جۆرە وەسف كردنانە، مرۆڤ نابێ گيرۆدەی ستەمی دەوڵەت ببێت، بەڵام ئەگەر كەسانێك چ وەك تاك و چ وەك كۆمەڵ بۆيان رەخسا كەحكومەت بكەن، دەوڵەت لەستەمو دەستدرێژی دەگلێ. ئێوە لەو حاڵەتەدا پێتان وايە دژی پێشداوەرييەكان راوەستاون، بەڵام لە راستيدا لە دژی سروشت لە جەنگدان. (لاپەرە ١٣٨).

هەتا رۆشنبيرترين كەسايەتييە بەرجەستەكانی بزاڤی رۆشنگەری لە فەرەنسا، بەهەموو ئەو پشتيوانیو داكۆكييە ئازايانەيان لە لێبوردنو ئازادیی بيروراان، هەرگيز ديموكرات نەبوون. (دنيس ديدرۆ- Denis Diderot ١٧١٣-١٧٨٤، نووسەرو فەيلەسوفی فەرەنسیو لە نووسەرانی ئەنسكلوپيديا) پێی وابوو كە مافی سياسی تايبەتە بە خاوەن داراييەكان، هەروەها (ڤۆلتێر-Voltaer، ١٦٩٤-١٧٧٨، نووسەرو رەمزی بزاڤی رۆشنگەريی سەدەی هەژدەی فەرەنسا) بەهەمان شێوە (خەڵك)ی بە چينی مامناوەندی دەزانی. (هۆلباخ-Holbach )ی لايكو ماترياليستی ناسراو، مەبەستی خۆی لە (خەڵك) بە راشكاوييەوە دەردەبڕێ:



مەبەستم لە دەستەواژەی خەڵك، كۆمەڵانی رەشۆكی دەبەنگ نييە... هەركەسێك كە بتوانێ بە شێوەيەكی قابلی رێز بە داهاتێك كەلە داراييەكانييەوە وەدەستی دێنێ، ژيانو بژێوی خۆی هەڵسووڕێنێو هەر سەرپەرشتێكی خێزان كە خاوەن زەوی بێت، دەبێ بە هاووڵاتی لەقەڵەم بدرێت.

ئەوانی‌تر (تا ئەو كاتەی بەكارو چالاكيی خۆيان زەوييەك بەدەست نەهێنن) بە هاووڵاتی ناژمێردرێن.[25] ئەو تێڕوانينە لە جەوهەردا وەكو تێڕوانينی (ويگ)ەكانە. هێشتا هەبوونی زەوی بە مافی تايبەتی هاووڵاتيبوون دەژمێردرێت.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا كە هەژاران، گەجەروگوجەرو پاشماوەكان بەلێبڕاوييەوە لە ژيانی سياسی دوور دەخرانەوە، هەڵسەنگاندنە فراوانترەكان لە ئابووريی سياسی، سەلماندیان كە هەمان ئەو كۆمەڵە نەزانو سەرەتاييانە، رۆڵێكی گرنگو پێويستيان لە ئابووريدا هەيە. بەم جۆرە (ديەن هايكس-Dean Hickes ) لە ساڵی ١٦٨٤ ئاوا دەنووسێ:

هەژاران دەستو پێی پەيكەری سياسين... ئەوان زەويەكانی ئێمە دەكێڵنو كانەكانمان هەڵدەكەنو شەقامەكانمان پاك دەكەنەوە... هيچ جۆرە بەرژەوەندييێكی گشتی بەبێ هەژاران دەستەبەر نابێت.[26]

يا وەك (بێرنارد ماندڤێڵ- Bernard Mandeville ) بە شێوازە باوو تانە ئامێزەكەی خۆی گوتويەتی: (گومانی تيا نييە لە وڵاتێكی ئازاددا كە كۆيلەكان هيچ ئيختيارێكيان نييە، دڵنياترين سامان لەكەڵەكە بوونی هەژارانی رەنجدەر پێك دێت...[27] بەم پێيە ميللەتی ئازاد لەتەك كۆمەڵی هەژارانی بێ مافی دەنگدان، پێكەوە دەژين. هەژاران لەرووی ئابوورييەوە پێويستن، بەڵام لەرووی سياسييەوە مەترسيدارن.

لێرەدا روو بەرووی دوو فاقیەتێكین كە ناكرێ تا هەتایە درێژە بكێشێ.



4

# سیاسەتی جەماوەری

**دەستەواژەی دیموكراسی تا سەردەمی**
**شۆڕشی فەرەنسا، تەنها دەستەواژەیەكی**
**ئەدەبی بوو، بەڵام لەوسا بەدواوە بووە**
**بەشێك لە دەستەواژە سیاسییەكان**
**ئەرنێست ویكلی[1]**

وەك چۆن بینیمان، ئەندێشە دیموكراسیەكان لەسەدەی هەژدەهەمدا نموودێكی لاوازیان هەبوو، لەراستیدا كاروچالاكیی جەماوەریو لەسەرووی هەمووشیانەوە گڕكانی خرۆشاوی گەلی فەرەنساو مەیلو جموجۆلیان بەلای سیاسەتكردن لەساڵەكانی شۆڕشدا، مێژووی نوێی دیموكراسی خستۆتە قۆناخێكی تازەوە. دەتوانین بڵێین ئەو ئەندێشە سیاسیانەی كە لە هزری فەیلەسوف یا رادیكاڵە خۆشەویستەكانی خەڵك، لەئارەزووو خەونێك زیاتر نەبوون، لەناكاو نەك هەر لە فەرەنساو ئەوروپا، بەڵكو لەسەرانسەری جیهاندا لە چوارچێوەی دەستووری كاری سیاسەتی واقیعیدا جێیان گرت. پرەنسیپو نموونەی شۆڕشی فەرەنسا نەك هەر ئیلهامبەخشی یەكەمین سەرهەڵدانی سەركەوتوانەی كۆیلەكان بوو لە دوورگەكانی كارایبب لە هاییتی، بەڵكو بووە بزوێنەری بزاڤە سەربەخۆییە

سیاسی‌یەکانی ئەفریقای باشووریش. ئەو بزاڤانە پرسی دیموکراسیو دەستەڵاتی خەڵکیان خستەرووو کردیان بە بابەتی باس لێکردن. هەرچەندە ئەو بزاڤانە پرسی دیموکراسیان خستە روو، بەڵام بێگومان چارەسەرێکیان بۆ نەدۆزیەوە، چونکە لەوکاتەدا دەرەتانی بەکرداربوونی هاتنەدی دەسەڵاتی سیاسیی واقیعیی خەڵكو دەستەبەر بوونی مافە سیاسییەکان، ترسی لە مێژینەی لە " کۆمەڵانی بەربڵاو" (عوام الناس) زیاترکردبوو. بەم شێوەیە، لەسەردەمی سیاسەتە تازەکانی جەماوەری لە دوای ساڵی ١٧٩٨، واتە سەردەمی بزاڤە دیموکراتییەکان، دژایەتیکردنی دیموکراسی بە بونیادێکی تێوری ئاڵۆزتر بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی ئەفلاتوون، بەدی دەکرێت. هەوەڵجار ئەو دژایەتیو رەخنەگرتنە لە میانی ئەو باسو مشتومڕانە خرانەروو کە سەبارەت بە راگەیەندراوی سەربەخۆیی ئەمریکا لە ساڵی(١٧٧٦)و، دە ساڵ دوای ئەوەش کاتی داڕشتنی یاسای بنەڕەتی، کرابوون. باسکردن لەبارەی سیاسەت بە لەبەرچاو گرتنی ئایندەی حکومەتی تازە کە هێشتا راگەیەندراوێکی دیاریکراوی نەبوو، ئاسایی بوو کە بەرەو بنەماگەلێکی بنچینەیی کشا. فشارێکی زۆر هەبوو تا مەڵبەندی تازەو فدراسیۆنگەلێکیان وەکو حکومەتی دیموکراتیك یا حکومەتێکی نزیك لەو تێگەیشتنە لێ پێك بهێنرێت، ئەو دەم هێشتا دیموکراسی بەمانای بەشداریکردنی راستەوخۆی خەڵك لە حکومەتدا لێك دەدرایەوە. مشتومڕێك سەبارەت بە خولانەوەو دەستاودەست پێکردنی گونجاو خرایە رووەوە، ژمارەیەك خوازیاری هەڵبژاردنی ساڵانە بوون. (تۆماس پاین-Thomas paine، ١٧٣٣-١٨٠٩، فەیلەسوفونووسەری شۆڕشگێڕی ئەمریکایی) یەکێك لەو کەسە رادیکاڵانە بوو کە وەکو پێویستییەك نوێنەرایەتی لەجیاتی



دیموکراسیی راستەوخۆ قەبووڵ کرد، بەڵام پێی لەسەر ئەوە داگرت کە بۆ ئەوەی " هەڵبژێردراوان ، هەرگیز بەرژەوەندییێکی جیاوازو تایبەت لە دەنگدەرانیان نەبێت، بیری قووڵ وا دەخوازێ کە هەڵبژاردن بە بەردەوامی ئەنجام بدرێت"[2]. لە نیویۆرك کەسانی توێژی خوارەوەو دەستکورتی وەکو" دارتاشەکان"،"پینەدۆزەکان" و "قەسابەکان" خوازیاری ئەوەبوون کە دەبێ یاسای بنەرەتی وڵات لەرێی ریفراندۆم لەلایەن خەڵکەوە دەنگی بۆ بدرێت. لە" ماساچوست"دا " ویلیام گۆردۆن WilliamGordon "ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێ مافی سیاسی دەبێ هەر تایبەت بە دەوڵەمەندان بێت، خستە بەر رەخنەو لەقاودانەوە: دەوڵەمەندان بەبێ ئیمتیازە سیاسییەکانیش بە ئەندازەی پێویست لە پێش هەژارەکانن، تەنها دارایی بەتەنێ هیچ چەشنە شایستەیێکی نەبووە، کەوایە نەبوونی دارایی بۆ دەبێ نیشانەیەك بێت لە نا شایستەیی؟[3] .

دیموکراتەکان، زیاتر لایەنگری ئەنجومەنێکی یاسادانان یاخود تاك ئەنجومەنی بوون، چونکە ئەوەیان بەراستەوخۆترین شێوازی دەربڕین، یا رەنگدانەوەی ئیرادەی خەڵك دەزانی.

بەڵام بەوەشەوە، بەزۆری دیموکراتەکان براوەو سەرکەوتووی مەیدانەکە نەبوون، بەڵکو ئەوە باوکە بنیاتنەرە " ویگ"ەکان بوون کە وەك هاوتا ئینگلیزەکانی خۆیان سنوورو بەرتەسککردنەوەیەکیان بەسەر ئیرادەی خەڵکدا داسەپاند تاکو بەرژەوەندیی دەوڵەمەندو خاوەنداران دابینو دەستبەر بکەنو بەو شێوەیە مافی دەنگدان تایبەت بکەن بە خاوەندارانی زەوی، ئەمەو لە ئەمریکادا خاوەندارێتی، وەك دەگوترێ لە ئاستێکی فراوانتر لەوەی ئەوروپا هەبوو. بەم جۆرە، گەرچی مەرجی خاوەنێتی بۆ دەنگدان لە"

مەریلەندا"دا لە ئاستی داخوازییەکانی خەڵك باڵاتر بوو، زیاتر لە نیوەی کۆی پیاوانی ئازاد، بوون بە خاوەنی مافی دەنگدان.[4] ( تۆماس جێفەرسۆن-Jefferson ، ١٧٤٣-١٨٢٦، سێیەمین سەرەك کۆماری ئەمریکاو داڕێژەری راگەیەندراوی سەربەخۆیی ئەمریکا) کە لە نێو داڕێژەرانی یاسای بنەرەتی، تا رادەیەك رادیکاڵ بوو، بۆ مەڵبەندەکەی خۆی واتە" ڤێرجینیا"، کۆمەڵێك پێشنیازی خستەروو تا زەوی زیاتر دابەش بکرێت، و دواجار تا رێی تێدەچێ مافی دەنگدانی زیاتر بۆ کۆمەڵی پیاوانی ئازاد تایبەت بکرێت. " جێفەرسۆن" متمانەی بە دەوڵەمەندان نەبووو زیاتر باوەڕی بە خەڵك بوو، بەڵام ئەویش وەکو زۆربەی هاودەمەکانی خۆی، دیدێکی بژارکردنانەی لە" خەڵك" هەبووو هەر ئەو مەسەلەیەش دەبووە هۆی ئەوەی کە جارجار وەك" بورك" خۆی لە ناونانی ئەو خەڵکە بە" کۆمەڵانی بەربڵاوی چاوچنۆك" نەبوێری[5].

" جێفەرسۆن" رەخنەی لە یاسای بنەڕەتی ڤێرجینیا دەگرت، بەهۆی یەکدەست بوونیو پاوانکردنی هەموو دەسەڵات لەلایەن هێزی یاسادانانەوە. بە بۆچوونی ئەو، ئەو چەشنە پاوانکارییە، تاکرەوی لێدەکەوێتەوە: " بەدڵنیایی ١٧٣ تاکرەو، بە ئەندازەی زۆرداریێکی ستەمکار دەبن... تاکرەوایەتیی هەڵبژێردراو، ئامانجێك نەبوو کە ئێمە لە پێناویدا جەنگاویین... ئێمە بۆ حکومەتێك تێکۆشاوین کە تیایدا دەسەڵاتی دەوڵەت بە چەشنێك لە نێوان دەزگا یا مەڵبەندە جیاجیاکاندا دابەشو هاوسەنگ بکرێت کە هیچ کەس نەتوانێ سنووربەندیی یاسایی خۆی ببەزێنێ بەبێ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەرانە لەلایەن کەسانیترەوە چاودێریو سنووردار بکرێت." [6] دیموکراسی، ئامانجی جێفەرسۆنو هاوبیرەکانی نەبوو، بەڵکو ئەوان



خوازیاری حکومەتی سنووردار یا بە واتای ئەوان" کۆمار" یاخود " کۆماری نوێنەری رای خەڵك" بوون. لەوەها حکومەتێکدا، هەژاران خاوەنی دەنگ یا پشکێك بوون، بەڵام نەیاندەتوانی دژی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەمەندان یا خاوەنانی داهاتو دارایی، دەنگ بدەن یان لەوان دەست ئەستوورتربن. " هەمیلتۆن" لە راپۆرتی خۆیدا بۆ کۆنوانسیۆنی فیدراڵدا وای راگەیاند:" هەموو کۆمەڵگاکان بۆسەر دوو بەش، واتە بۆسەر چەند تاکێکی کەمو خەڵکانێکی زۆردا دابەش دەبن. بەشی یەکەم کەسانی دەوڵەمەندو وەك ناودەربرێن بە "کەسانی بەئەسلو نەسەب"، بەشی دووەمیش کۆمەڵانی بەربڵاوی خەڵك. ئەگەر تەواوی دەسەڵاتەکە بدەیتە زۆربەی خەڵك ئەوا کەمینەکە سەرکوت دەکەن،و ئەگەر هەموو دەسەڵاتەکەش بدەیتە کەمینە ئەوا ئەوان زۆرینەکە سەرکوت دەکەن." بۆیە پێویست بوو پشکێکی تایبەتو هەمیشەیی لە دەوڵەت بدرێت بە دەوڵەمەندو کەسانی خاوەن ئەسلو نەسەب تاکو بتوانن چاودێری نەزانینەکانی دیموکراسی بکەن." [7]وەك ئەوەی بڵێی ( ئەرستۆ)یە قسە دەکات. هەروەك چۆن ( جۆن ئادامز-John Adams) نووسیویە، ئەو رۆڵە چاودێریکارییە دەبوو ئەنجومەنی پیران(senat) بیگێرابایە: دەبێ بەربەندێکی کارا لەیاسای بنەڕەتی لەبەردەم دەوڵەمەنداندا هەبێت، تاوەك هەژاران، ببێتە رێگر لە بەرامبەر تاڵانو بڕوو کوشتو ستەمکارییەکانیان، ئەوەش بەبێ بوونی ئەنجومەنێکی سەربەخۆی پیران، مەیسەر نابێت.[8]

بە شێوەیەکی گشتی، داڕێژەرانی یاسای بنەڕەتیی دەوڵەتی فیدراڵو مەڵبەندەکانی ئەمریکا، تەواو رازی بوون لە ئەنجامی کارەکەی خۆیان. لەراستیدا دەسەڵات بە شێوەیەك دابەش بوو کە ئەنجومەنە

هەڵبژێردراوەکانی خەڵکی سنووردار دەکردن. لە دیدی " هەمیلتون"دا دیموکراسیی پشت بەستوو بە نوێنەرانی خەڵك، لەو مەترسیانە قوتاری بووە کە بەدیاریکراوی لە" دیموکراسیی سادە"دا هەن‌و هاوتان لە گەڵیدا:

کاتێك ئەو دەسەڵاتە کە لەسەر بنەمای راپرسی یا دادوەرییەوە جێگیرە، بەتەواوی یا بەشێکی بخرێتە ژێر ئیختیاری کۆمەڵەیەك لە خەڵك، دەبێ چاوەڕێی هەڵە، سەرلێشێوان‌و بێ‌بەندو باری بین. بەڵام لە دیموکراسییێکدا کە لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی خەڵك جێگیرە، کەمافی هەڵبژاردن بەچاکی دابین‌و رێك خراوەو پیادەکردنی دەسەڵاتی دادوەری، راپەڕاندن‌و حقوقی لە ئیختیاری کەسانی هەڵبژێردراو کە بەراستی نەك هەر بەناو لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراون، دایە، بەبڕوای من ئەو دەسەڵاتە بەئەگەری زۆرەوە، دەسەڵاتێکی سەرکەوتوو، رێك‌و پێك‌و سەقامگرتوو دەبێت[9].

ئامانج ئەوەبوو کە دەنگدەران دەبێ کەسانێك بۆ هەڵسووڕاندنی کاروبارەکانی حکومەت هەڵببژێرن، لە خۆیان باشترو ژیرو هۆشمەندتربن، کەسانێك کە چاکتر لە خودی خەڵك، بەرژەوەندییە راستەقینەکانیان دیاری بکەن‌و بەو پێیە خەڵکیش بڕیارەکانیان قەبووڵ دەکات[10].دواتر ( جۆن ستوارت میل) بۆچوونێکی هاوشێوەی ئەمەی خستەروو. بەم تەرزە، دەبینین حکومەتی جێگیر لەسەر بنەمای سیستمی نوێنەرایەتی، هاوشان لەگەڵ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، چەپەرێك لە بەرامبەر مەترسیەکانی دیموکراسی دێنێتە ئاراوە: ئێمە لێرە بەشێوەیەکی دووفاقیانە لەگەڵ هەوێنی دروستبوونی بۆچوونێکیتری دیموکراسیی پەیوەست بەحکومەتی خەڵکی رووبەرووین. بنچینەی ئەو جۆرە هەڵێنجانە، دەبێ لە



تێگەیشتنێکدا پەیگیری بکەین کە کۆمەڵگە بەچەند بەشێك لە بەرژەوەندیی نا هاوسەنگ‌و تەنانەت ناکۆکی وەك بەرژەوەندییدەوڵەمەندان‌و هەژاران دەزانێ. لەو کۆمەڵگەیەدا، سیستمی دیموکراتیك بەرقەرارەو ئەو بەرژەوەندییە جیاوازانەی کەتیایدا هەن، بە رەوا لێك دەدرێنەوەو بەو پێیە هەریەك لەو بەرژەوەندیانە قسەکەرێکی تایبەت بەخۆی هەیە." ئەوانەی کە خاوەنی کۆمەڵێك شت‌و ئەوانەیش کە خاوەنی هیچ نین، هەمیشە نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیگەلێکی جیاواز لە کۆمەڵدا دەکەن[11]. ناکۆکیی چینایەتی‌و نابەرابەری وەك دیاردەیەکی بەردەوام‌و لەبن نەهاتوو، قەبووڵ دەکرێن‌و لەچوارچێوەی سیستمی سیاسیدا، لە هاوکێشەیەکی سەختدا خۆیان نیشان دەدەن.

بەڵام لەفەرەنسادا نەریتێکی تەواو جیاواز لە ئەندێشەکاری، سەبارەت بە دیموکراسی فۆرمۆلە بوو. لەو نەریتەدا، بەرژەوەندییە گشتییەکان شتێکی جیا، یان ناکۆکیی نێوان بەرژەوەندییە جۆراوجۆرە گروپییەکانن. لەراستیدا ئەو نەریتە ئەندێشەکارییە،" ژان ژاك رۆسۆ"یە. هەڵێنجانی رۆسۆ لە کۆمەڵگە، یا لانی کەم ئەو هەڵێنجانەی کە لە " پەیمانی کۆمەڵایەتی"دا بەرچاو دەکەوێت، بەتەواوی ناکۆکە لەگەڵ نووسەرانی تاکگەرای وەك" هۆبزو بێنتام Thomas Hobbes- ، ١٥٨٨-١٦٧٩وBenthamجێرمی بێنتام، ١٧٤٨-١٨٣٢، فەیلەسوفانی ئینگلیزی" . لەروانگەی ئەواندا، کۆمەڵ لە بنەڕەتدا کۆمەڵەیەکە لەتاکی جیا لەیەك کە یاساکان یا سەرچاوەکانی دەسەڵاتمەندی ئەوانی لە دەوری یەکتر کۆکردۆتەوە. رۆسۆ جەخت دەکاتەوە کە بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵ تەنها کۆی سەرجەم بەرژەوەندییەکانی تاکەکان نین، بەهەمان شێوە، ئیرادەی گشتیش

تەنها كۆى سەرجەم ئيرادەى تاكەكان نييە. لەو رووەوە، بۆ ئەو بە تەواوى روون بوو كە مەرج نييە بڕيارگيرييەكانى زۆرينە ئاوێنەى بالآنماى ئيرادەى گشتى يا دەرخەرى بەرژەوەنديى گشتى بن. ئەو پرسە پەيوەستە بەوەى كەئايا هەر كەسێك تەنها بەگوێرەى بەرژەوەنديى خۆى هەنگاوى ناوە يان دەنگى داوە، ياخود بەرژەوەنديى كۆمەڵى لەبەرچاو گرتووەو بەپێى ئەو بەرژەوەندييە رەفتارى كردوە. لەو بارەيەوە، لانى كەم ئەو لەگەڵ " مەديسون-Madison"و هەوادارانى ترى ياساى بنەڕەتى ئەمريكايى، هاوڕايە. لايەنگرانى ياساى بنەرەتى لەو باوەڕە نەبوون كە بەرژەوەنديى زۆرينە، بێ ئەملاو ئەولا رەواو بەرهەق بێتو ئەو دەرەنجامەيان لەو مەسەلەيە هەڵدەهێنجا كە پيادەكردنى چاودێرى رێك خراو لەسەر ئيرادەى زۆرينە دەبێ بەراستى نوێنەرى سەرجەم كۆمەڵ بێتو تەنها بەشێك لە بەرژەوەندييە گروپى يان تاكە كەسييەكان نوێنەرايەتى نەكات.

بەشێوەيەكى گشتى، كۆبەنديى رۆسۆ لەو بارەيەوە بەدبينانەيەو خۆزگە بە رابردوو دەخوازێ. بە بڕواى ئەو، تەنها لە كۆمەڵگە بچووكەكانو تارادەيەك يەكڕەنگەكان، دەرفەتى ئەوە هەيە كە هاووڵاتيان زانياريى زياتر لە ئەندامێتيى خۆيان لە كۆمەڵگەدا وەك گشتێك بە بەراورد لەگەڵ دەستەيەكى تايبەتى كۆمەڵايەتى يا كارگوزارى ياخود ئەوەى خۆيان حەزيان لێيە، وەدەست بێنن. ئەو مەسەلەيە لەو كۆمەڵگايانەدا كە بەهۆى بە سەنعەتىبوونو دابەشبوونى كارەوە بەش بەش بوونە، مەيسەر نابێت. بەڵام ئەوە نەبووە مايەى بەربەست لەوەى رۆسۆ بۆ سيماى رێبازى(ژاكۆبن)ييەكانو شۆڕشگێڕانىتر، بگۆڕێ. راست يان چەوت،



رۆسۆ بە تيۆريسەنى حاكميەتى خەڵك، حاكميەتێك كە لەسەر بنەماى ئيرادەى گشتىو باڵادەستە بەسەر هەموو بەرژەوەندييە لايەندار يان گروپييەكان، دەزانن. بۆ باوكە بنياتنەرەكانى ئەمريكاو (ويگ)ەكانى وەك(بورك)، وەها تيورێك بريتيە لەستەمو زۆردارىى ديموكراتيانە يان ستەمى خەڵكو مافى كەمينەو تاكەكان دەخاتە ژێر هەڕەشەوە. بەڵام زۆرێك لە ديموكراتەكان، لە فەرەنساو وڵاتانىتر، پێيان وابوو كە دەسەڵاتدارێتى كلاسيكيانەى كەمينەيەك لە دەوڵەمەندانو خاوەندارانى دارايىو كاروبار، چيتر بۆى ناكرێ بەربەرەكانێتى ئيرادەو بەرژەوەنديى زۆرينەى هەرە زۆر بكات.

( ئابێ سێيز – Abbe Sieyes، ١٧٤٨-١٨٣٦، تيۆريسەنو كەشيشى فەرەنسى) لە نووسراوە بە ناوبانگەكەى خۆى لەژێر ناوى( توێژى سێيەم كێيە؟) (What is the third Estate?) لە ساڵى ١٧٨٩، رايگەياند كە توێژى سێيەم كۆمەڵانى بەربلاو، چينێك لە كەنار دوو چينىتر – واتە ئەرستۆكراتو رۆحانييەكان – نييە، بەڵكو خودى ميللەتە. چينە كۆنەكان پێگەيەكيان نييە، چونكە ميللەت، گشتێكى تەواوە بە ئيرادەيەكى تەواوو يەكانگيرەوە. ( لاپەڕە ١٥٤) بەڵام سەبارەت بەوەى كە ميللەت لە چ كەسانێك پێك دێت، (ئابێ) بەراشكاوييەوە دەڵێ ميللەت هەمووان لەخۆ ناگرێت:

بەم شێوەيە، راست يا چەوت، لەهەموو جێيەكدا ژنان لەو جۆرە ئيختيارە هاوێركران. هەڵبەتە ناكرێ متمانەى سياسيى ميللەت بە كەسانى وێلگەردو گەداكان بسپێردرێت. ئايا دەشێ رێگە بە خزمەتكاران يان كەسانێك كە لەژێر دەسەڵاتى ئاغاكان دان يان ئەو بيانييانەى بە وڵاتەوە پەيوەست نين، بدرێت كە ببنە نوێنەرى ميللەت؟ بێگومان ناكرێ، بۆيە ئازاديى سياسيش سنوور بەندييەكانى

خۆی هەن...[12](لاپەڕەکانی ٧٤و٧٥) ( ئابیّ) لایەنگری وەلانانی چینە خاوەن ئیمتیازە کۆنەکانیش بوو لە نێو خەڵکی خاوەن مافی دەنگدان.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لەو چرکەساتە شۆڕشگێڕیانەدا، مەسەلەی مافی دەنگدان، بەگشتی دەرخەری تێگەیشتنێکی گشتی نەبوو لە دیموکراسی. کاتێك کە دەبینین( وۆردزووۆرس-WordsWorth ، ویلیام وۆردزووۆرس، ١٧٧٠-١٨٥٠، شاعیری ئینگلیزی) دانی پیادەنیّو دەڵیّ:

(من سەر بەو چینە نەفرەت ئامێزەم کە بەدیموکرات ناودێر دەکرێت)، لەراستیدا رایدەگەیەنیّ کە ئەوەندەی لە تەك خەڵکەوەیە، هێندە لایەنگری مافی دەنگدانی فراوانی پارلەمانی نییە. ئەگەرچی(وۆردزووۆرس) یەکسانیخوازێکی کۆمەڵایەتی-سیاسی بوو، بەڵام لەرووی ئابوورییەوە بە یەکسانیخواز ناژمێردرێت. شاعیر لە لاپەرەکانی ٤-١٢٥ی کتێبەکەیدا کە لەژێر ناوی( پێش داهات-The prelude)ە، ئاوا دەنووسیّ: (... دڵی من بەتەواوی درابوو بە خەڵكو خۆشەویستی من هی ئەوان بوو.) لەروانگەی ئەودا، دیموکراسی شێوازێکی تایبەت بوو لە کۆمەڵو تەنها فۆرمێکی تایبەت نەبوو لە حکومەت یا شێوەیەکی هەڵبژێردراوی دەوڵەتی لیّ هەڵنەدەهێنجا. (وۆردزووۆرس) لە ( کامبەرلەند-Cumberland )دا کە سەردەمی منداڵێتیی خۆی لیّ بردۆتە سەر، بە پێودانگگەلێکی وەك(کۆمەڵگەی رۆسۆیی) دەنووسیّ:

... لە گەڕەکێکی هەژاردا لە دایک بووم...
چارەنووسو بەختی من وابوو کە بەدەگمەن
بتوانم لە سەرانسەری دەورانی دەرسو مەشقمدا
سیمای کەسێک ببینم، چ کوڕ چ پیاو،
کە بە خۆهەڵکێشان بە سامان یا ئەسڵو نەسەب



دڵی پڕ بێت لە دڵسۆزیو شکۆمەندی،...
لە کاتێکدا کە لە زانکۆی (کەمبریج) پەی بەوە دەبرد
شتێک لەو بەرزاییەدا هەڵدرابوو
کە نیشانەو دەرخەری کۆمار بوو
لەو کاتەی کە هەمووان لەسەر زەوییێکی یەکسان
لە کەنار یەکترەوە رادەوەستان،
ئەوانە کە هەموویان بە شانازیکردنەوە برای یەکتربوون،
دەتگوت سەر بە کۆمەڵەیەکی یەکگرتوون،...
( کتێبی چوارەم، لاپەڕەکانی ٢١٧، ١ -٢٢٥، ٢٨-٣١)

لە هەموو شیعرەکانی( وۆردزووۆرس) کە دەربارەی خەڵکی ناوچەکانی خۆی وتراون، لەوان ( ئیرادەوسەربەخۆیی- Resolution and Independence)( مایکل-Michael)و(گەداپیرەکەی کامبەرلەند –(TheoldCumberlandBegger)، دان بە بەهای مرۆڤەکان نراوە، جا ئەو مرۆڤانە هەرچەندە کەسانی گومناوو هەژار بن،و جەختکردنەوەیەکی تازە لەسەر چاکەو شکۆ پۆزەتیڤەکانی هەژارانی رەنجکێشو هەروەها رۆڵیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابووری کە بەلایەنێك لە رۆحی دیموکراتیانەی ئەودەم دەژمێردرا، دەربڕاوە. لەو باوەڕەی کە ئەو شیعرانە بە خەڵکی(ئاسایی)- هەرچەند لەدیدی( وۆردزووۆرس)دا تایبەتمەندییەکانی ئەوان زۆر جیاوازە لە چەمکی( ئاسایی) – هەیانە، دەتوانین رەوایی داخوازیی سیاسی بۆ دەسەڵاتی خەڵکی یا مافی دەنگدانی فراوانتر بەدی بکەین. ( بایرۆن–Byron ، ١٧٨٨–١٨٢٤، شاعیرو نووسەری شاکاری- دۆن ژوان)، یەکێکیترە لە شاعیرە رۆمانتیکەکان، کاتێك کە لە یەکەمین وتاردانی خۆی لە ئەنجومەنی پیران لە ساڵی ١٨١٢دا داکۆکی

لە( لودیت)*ەکان کردو دژی ئەو تێڕوانینە باوەی کە نارەزایەتیی خەڵکی بە جموجۆڵی( گەجەرو گوجەر)ەکان دەزانی، راستبووەوە: ئێوە دەتوانن ئەوانە بە گەجەرو گوجەر، بێچارە، ترسناكو نەزان ناوبنێن... ئایا ئێمە ئاگاداریی ئەركو ئیلتیزامی خۆمانین دەرهەق بە گەجەرو گوجەرەکان؟ ئەو توێژە فراوانەی کە لە کێڵگەکانی ئێوەدا کاردەکەنو لە ماڵەکانتان خەریکی خزمەت کردنن، مرۆڤگەلێك کە کەشتیە جەنگییەکانتانو سوپاتان پێك دێنن– بەڵکو ئێوە ئەو خەڵکە بە گەجەرو گوجەر ناو بنێن، بەڵام لە بیرتان نەچێ کە هەر گەجەرو گوجەرەکانن بە زۆری هەستو نەستی خەڵکی دەردەبڕن [13].

هەرچەندە ئەوە راستە کە بایرۆن لە شوێنێکیتردا دیموکراسی بە( ئەرستۆکراسیی چەپەڵکاران) پێناسە دەکات(لاپەڕە ٤٣٤)و متمانەی بە رێبەرو لایەنگرانی خەڵك وەك( پاین)و (کابێت-Cobbett ، ١٧٦٣-١٨٣٥، رۆژنامەوانو ریفۆرمخوازی ئینگلیزی) نییە، بەڵام لە نێوان نەزمی کۆنو (خەڵك)چ لەرووی هەستو نەستەوەو چ لەرووی پابەندێتیی پراکتیکانە، لایەنی(خەڵك) دەگرێت:

دەوری پادشاکان بە خێرایی رووی لە ئاوابوونە. وەکو ئاوی رەوان خوێن دەڕژێنریو فرمێسکی چاوان وەك تەمێکی تەنك هەموو جێیەك دادەپۆشێ، بەڵام سەرەنجام هەر خەڵك سەر دەکەوێت. من لە

* لودیتەکان-Luddites : لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم، شەپۆلێك سەرهەڵدانی کرێکاری لە دژی ئامێرو شێوە تەکنەلۆژییەکانی بەرهەمهێنانی نوێ بەرپاکران. ئەو سەرهەڵدانانە رەهەندگەلی بەرچاوی لە ئینگلیستان دوای ساڵی ١٨١٥ بەدوای خۆداهێنا. ئەو بزاڤە کە دژی بەکارهێنانی ماشێنو ئامێرەکان لە بەرهەمهێناندا بەرپاکرابوو، بە بزاڤی( لودیت) ناوی دەرکرد کە بەگوێرەی روایەتێك ئەو ناوەی لە ناوی کرێکارێك وەرگرتبوو بەریوایەتێکیتر لە ناوی ژەنراڵێکی ئەفسانەیی بەناوی(لود) وەرگیرابوو کە کرێکاران بۆ بەیاننامەکانی خۆیان سوودیان لە ئیمزای ئەو وەردەگرت.



ژیاندا نامێنم تا سەرکەوتنی خەڵك ببینم، بەڵام ئەوە پێشبینی دەکەم (لاپەڕە ٣٧٢).

ئەم هەڵێنجانە فراوانو قووڵە لە دیموکراسی، نیشان دەدات کە بۆچی کتێبی(دیموکراسی لە ئەمریکا)ی(تۆکڤایل)، لێکۆڵینەوەیە کە سەبارەت بە کۆمەڵگەی ئەمریکاو زیاتر بایەخو گرنگی دەدا بە یەکسانیی کۆمەڵایەتیو سیاسیو نێوەڕۆكو چەمکە سیاسییەکانی، نەك هەڵێنجانێکی سنووردار بێت لە دیموکراسی وەك سیستمێکی رووتی سیاسی. لە ساڵی ١٨٦٣دا، یانی کاتێك کە کتێبەکەی( تۆکڤایل) بڵاوکرایەوە، (جۆن ستوارت میل)ی ستایشگەری، وا دەنووسێ: (هەقدەستی باڵاو هۆشیاریی هەمەلایەنە دوو توخمی دیموکراسین، لە کاتێکدا ئەو دوو توخمە بوونیان هەبێت، هیچ دەوڵەتێك جگە لە دەوڵەتی پشت بەستوو بەرای گشتی، پایەدار نابێت)[14]. لە هەموو کۆمەڵگاکاندا دیموکراسی فراژووو زاڵ بووبووو زیاتر لە جێی ئەوەی کە بابەتی سەرەکیی باسو مشتومڕەکان لە سەدەی نۆزدەهەم لە بارەی دیموکراسییەوە بن، گرنگترین مەسەلە بریتیبوو لە پەرەپێدانی مافی دەنگدان، مەسەلەیەك کە بەدوای ئەو پرۆسەیە، واتە پرۆسەی دیموکراسی، هاتبووە ئاراوەو رەنگدانەوەی ئەو بوو. بەم تەرزە، لەسەرو بەندی دووەمین ( فەرمانی چاکسازیی ئینگلیستان) * لە ساڵی ١٨٦٧، (جیمزبریس-JAMES Bryce ) رایگەیاند کە" پێشکەوتنی

* فەرمانی چاکسازیی ئینگلیستان لە ساڵی ١٨٦٧کە بەدوای نارەزایەتییێکی فراوان لە چاکسازییە سنووردارەکان لە فەرمانی ساڵی ١٨٣٢، دەرکرا. لەو فەرمانەدا مەڵبەندی زیاتر بۆ هەڵبژاردن پەسندکرانو شارەکانی بەژمارە کەمتر لە١٠٠٠٠کەسیش بوون بە خاوەنی نوێنەری پارلەمانو مافی دەنگدانی زیاتر بە کرێکارانی شارەکان درا.

کۆمەڵایەتی دیموکراسی وەپێش پێشکەوتنی سیاسی کەوتووە". ئەو بارودۆخە بارودۆخێکی هەڕەشە ئامێزبوو چونکە( هیچ شتێك لەوە ترسناکتر نییە کە کۆمەڵگەی دیموکراتیك بەبێ دامەزراوە گەلی دیموکراتیك بێت)[15]. کۆمەڵگەی دیموکراتیك، کۆمەڵگەیەکە، کەتیایدا کۆمەڵانی خەڵك جێی هەموو نەریتە کۆنەکانی گرتۆتەوەو جێگیربووە، ئەو هەستەی کە هەر تاکێك یا هەر کەسێك بە ئەندازەی کەسێکیتر چاکە، یان لانی کەم لە بەڕێزگرتنو گوێگرتن لە بۆچوونەکانی، خاوەنی مافێکی یەکسانە لەگەڵ ئەوانیتردا. بەم پێودانگە، بمانەوێ یان نا، پەیوەندییێك لە نێوان دیموکراسیو یەکسانیدا هەیە. تەنها ئەو کاتەی کە خەڵك تێگەیشتنێکی ڕۆشنیان لە بەهاو مافە تایبەتییەکانی خۆیان هەبوو، داخوازیی مافی دەنگدانی گشتی یا مافی سیاسیی بەرامبەر، جێبەجێ دەبێت.

یەکێك لە بەرجەستەترین شێوەکانی باوەڕداری بە مافی یەکسان، یان رێزگرتن لە بەهاکانی هەر تاکێك لە قوتابخانەی(سوودمەندخوازی-Utilitarianism)دا بەدی دەکرێت کە لە گوزارشتی دیموکراتیانەیەوە، بایەخێکی یەکسان دەدرێتە شادیو ئازارەکانی هەر کەسێك. قسەمان لەسەر ئەوە نییە کە بڵێین دەبێ شادییەکانی ئادەمیزاد یەکسەر پەرەبستێنن، بەڵکو دابەشکردنی ئەو ئامانجە چۆن چۆنی دێتەدی؟ ( بێنتامو لایەنگرانیتری ئوتیلیتاریانیزم، تا سەردەمی شۆڕشی ئەمریکاو فەرەنسا، ئومێدەوار بوون کە بتوانن حوکمڕانان یا زۆردارانی بە رواڵەت رۆشنبیر رازی بکەن دەرهەق بە ئامانجی مەزنو پەرەسەندووی بەختەوەریی مرۆڤ پابەندو خاوەن ئیلتیزام بن. ئەو ئومێدە نا ئومێدی لێ کەوتەوە، دوای ساڵی ١٧٨٩، (بێنتام) کە لەو بیانییە ناودارانە بوو کە شۆڕش ( شۆڕشی



فەرەنسا) پایەی هاووڵاتیبوونی شانازیی( فخری) فەرەنسایی پێبەخشی بوو، پەی بەوە برد کە خەڵك توانای ئەوەی هەیە لەرووی سیاسییەوە، چالاکی بنوێنن. هەر ئەو مەسەلەیە بووە هۆی ئەوەی کە بێنتام روو بکاتە بنەمای دیموکراسی [16]، چونکە هەر کەسەو بەدوای بەختەوەریی شەخسیی خۆیەتی، سەرەنجام هەرکەسەو بە قازانجی خۆی دەنگ دەدات. بەم پێیە کۆی هەموو رای تاکەکان، دەبێتە مایەی پێشخستنی ئامانجی ئوتیلیتاریانیزمیو گەیشتنی بەرفراوانترین ژمارەی تاکەکان بە گەورەترین شادیو خۆشییەکان. تەنها کەسانی جێی متمانە بۆ پێشبردنی بەرژەوەندیو چاکەی خەڵك، هەر خەڵکەکە خۆیانن کە لەرێی نوێنەرە هەڵبژێردراوو وەڵامدەرەوەکانی خۆیان، کاردەکەن. (بێنتام) لە ساڵی ١٨١٧دا، ئاوای نووسی:

"چ پرەنسیپێك لە مافی دەنگدانی گشتی لە شکان نەهاتووترە؟"[17]. (جیمزمیل) هەمان ئەم باسەی بە شەفافیەتێکی تایبەتەوە لە وتارێکی بە ناوبانگی خۆی لەژێر ناوی(نووسراوێك لەبارەی دەوڵەتەوە-Essay on Government ) خستە روو، کە لە ساڵی ١٨٢٠ بۆ یەکەمین جار بڵاوکرایەوە. میل، بەو بڕوایەی کە حکومەتە پادشاییو ئەرستۆکراتییەکان ناچارن تا بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەسەر حسابی بودجەو خەرجی بەرژەوەندیی گشتی پەیگیری بکەن، بە ناچاری دانی بەوەدانا کە تەنها کۆمەڵ بە شێوەیەکی گشتی بۆ پێشبردنی خێروخۆشیی گشتی، قابلی پشت پێبەستنە... بەڵام ئەو مەسەلەیەش روونە کە دیموکراسیی راستەوخۆو بەشداریکەرانە، ئەگەر نەڵێین نا مەیسەر، لانی کەم لە دنیای هاوچەرخدا ئەوەندە هەنگاوێکی کرداری نییەو لەهەر حاڵەتێکەوە بیگری، نوسخەیەکی نەشیاو دەبێت بۆ کاروباری رێبەرایەتی : ( کۆمەڵگەی گەورەو پڕ حەشامەت

نموونەیەکی خراپە بۆ هەڵسووڕاندنی دەوڵەت... هەموو ئەنجومەنە جەنجاڵو قەرەباڵغەکان، لە بنەرەتدا لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا بێ توانان[18]. ڕێی دەرچوون لەو تەنگانەیە لە ئامرازی نوێنەرایەتیدایە: " لە دۆزینەوەی مەزنی سەردەمی نوێ، واتە لە سیستمی نوێنەرایەتیدا ڕەنگە بتوانین ڕێگاچارەی گشت کێشەکان، چ کێشەی تیۆریو چ پراکتیکی، بدۆزینەوە" لەلاپەڕە ٧٣ پشتیوانی کردن لە هەڵبژاردنە بەردەوامەکان، شێوازێکە کە خەڵك بەهۆیەوە چاودێری لە نوێنەرانی خۆیان دەکەن، لەکاتێکدا خودی نوێنەران دەبێ ئەو توانا و دەسەڵاتەیان هەبێت کە چاودێر بن بەسەر دەسەڵاتی بەڕێوەبردنەوە. میل پێی وابوو بەو شێوازانە دەشێ بەرژەوەندییەکانی بەڕێوەبەرانی حکومەتو خەڵك لەگەڵ یەکتردا بگونجێندرێن.

ئەو باسەی کە بنەمای دیموکراسی دەتوانێ لەگەڵ واقیعیەتی ژمارەی خەڵك لە ڕێی ئامرازی نوێنەرایەتییەوە بسازێنێ، لە بنچینەدا هی میل نییە. یەکێك لە هەوەڵین کەسانێك کە ئەو مەسەلەیان هێنایە نێوەوە، (تامس پاین) بووە. ئەو لە وتارێکی خۆی لەژێر ناوی( مافی مرۆڤ-Right of man ) ٢-١٧٩١، وای نوسیوە:

" ئەو کاتەی کە بگەڕێینەوە بۆ سەر دیموکراسیی سادەی سەرەتایی، تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە وەردەگرین کە بەگوێرەیەوە دەوڵەتان دەتوانن لە ڕووبەرێکی فراواندا خۆیان لەسەر پێ بگرن. دیموکراسی بێ توانایە لە پەرەسەندن، نەك بەهۆی بنەمای زاڵ بەسەریدا، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە شێوازێکی دەردەسەرانەی هەیە... دیموکراسیی سادە، کۆمەڵگەیەك بوو، کە بەبێ یارمەتیی ئامرازێکی دووەم، حکومەتی بەسەر خۆیدا دەکرد. ئێمە بە پێکەوەلکاندنی نوێنەرایەتیو دیموکراسی، دەگەینە شێوە حکومەتێك کە بتوانین



یەکێتیی هەموو بەرژەوەندییە جیاجیاکان لەهەر بوارێك لە قەڵەمڕەوو دانیشتوانەوە بەدی بێنین "[19].

بەڵام، میل بە پێچەوانەی پاین، خۆی پابەندو ناچار دەبینی کە وەڵامی ناڕەزایەتیی هاوبەشی بۆرژوازی دژ بە مافی دەنگدانی گشتی، بداتەوە. ئەوەی کە کۆمەڵانی خەڵك بۆ بەڕێوەبردنی حکومەت شیاونینو سوود لە دەسەڵاتی سیاسی وەردەگرن بۆ(تالانو بڕۆی دەوڵەمەندان) ئەو تۆمەتە بوو کە(مەکاولێی-Macaulay ) لە پەلامارە بەناوبانگەکەی خۆی بۆ سەر نووسراوەکەی میل، نووسیبووی. لەڕاستیدا وەڵامی میل ئەوە بوو کە چینی نێوەڕاست(چینێك کە بەگشتی وەکو هۆشمەندترینو شەرافەتمەندترین بەشی کۆمەڵ وێنا دەکرا)، هێشتا بەسەر دیموکراسیدا زاڵە، چونکە بەشێکی زۆری خەڵکی خوارەوەتر لەوان، دڵنیان لەوەی کە بەپێی بەرژەوەندیو خواستی ئەوان، هەڵدەسووڕێنرێنو بەڕێوەدەبرێن. (لاپەرەکانی ٩٣-٩٤) ریفۆرمخوازە رادیکاڵەکانی چینی نێوەڕاست پەنایان بردە بەر ئەو دیدگا دڵگەرمکەرە. ( ئەدوارد میال) لەدەیەی ١٨٤٠دا ئەو باسەی خستەڕووەوە، کە دانی مافی دەنگدان بە چینی کرێکار، هەستی بەرپرسێتیی هاووڵاتێتیان تیادا دروست دەکات کە بە حساب ئەو هەستەیان نییەو دواجار چینی نێوەڕاست دەتوانێ" ئەوان بۆ هەر جێیەك کە بییەوێ ڕێنوێنی بکاتو هەڵیانسووڕێنێ"[20]. ئەگەرچی( مەکاولێی)، ئەو ئومێدەوارییەی( میل)ی خستە بەر گاڵتەو تەشەر لێدان، بەڵام بابەتی مایەی مەبەستی میل بە شێوەیەکی بەرچاو دروست دەرچوو. مافی دەنگدانی گشتی نەبووە مایەی دەسەڵاتگەرێتیی سیاسیی چینیکرێکار، مەسەلەیەك کە زۆرکەس لە هەردوو لایەنەکانی مشتومڕ لە سەدەی نۆزدەهەم یا لێی دەترسان

یان ئومێدەوار  بوون ئاوا بشکێتەوە. پاین، بێنتامو تا ئەندازەیەکی کەمتر جیمز میل لە رۆحیەو باهۆزی خۆشبینانەی دەیەکانی دوای ١٧٨٩ بەشدار بوون، ئەو دەیانەی کە کەسێکی رادیکالی وەك(ویلیام هازلیت -William Hazlitt بە سەلاحیەتو هۆشیارییەوە رایگەیاند: (دەنگی خەڵك، دەنگی خوایە) دەربڕینە لاتینییەکە بەم شێوەیە: Vox populi vox Dei، یاسای سەرجەم دەوڵەتەکان مایەی قەبووڵە...) ئەودەم، چەند ساتەوەختێکی مێژوویی  بوون کە حاکمیەتی خەڵكو ئایدیای دیموکراسی بەتاکە شێوەیەکی مەشروعی حکومەت،و رێیەك بۆ نەهێشتنی حاکمیەتی زۆردارانەی تاکەکەسیو ئەرستۆکراتیەتی خۆ بەزل گر، تەماشا دەکران، سەردەمێك کە باسێك  لەخۆ بەهەموو شت زانیو باوەڕ بوون تەنها بە چاکەو دادوەرییە  دروستەکانی خەڵك، لە گۆڕێدا نەبوو.

بەڵام لە ساڵی١٨٢٠، ئەو سەردەمە کۆتایی هاتو میراتگری داڕێژەری نەریتی ئوتیلیتاریانیزمی ئینگلیزی، واتە(جۆن ستوارت میل)ی کوڕی(جیمز میل) زۆر زوو دەستی لە بیروڕای رەهای دیموکراتیکی ئامۆژگاریکەرانی پێش خۆی کێشایەوە.  میلی لاو، لەژێر کاریگەریی ئەندێشمەندە جیاجیاکان لە نێویاندا(تۆماس کارلایل)، (سەنت سیمۆن)و( تۆکڤایل)  چووە پاڵ ئەو گومانەی کە زۆرێك لە لیبراڵەکانی سەدەی نۆزدە هەیانبوو. ئەو دواتر وای نووسی: " من چیتر دیموکراسیی نوێنەرایەتی وەك بنەمایەکی  رەها تەماشا ناکەمو بە پرسی رۆژ، شوێنو هەلو مەرجەکانی دەزانم..."[21]. لە دەیەی ١٨٤٠دا لەمەڕ بۆچوونەکانی خۆیەوە نووسی: (ئێمە ئێستا لە پێشان کەمتر دیموکراتین، ماوەیەکی  بەردرێژە کە پەروەردەو فێرکردن بە شێوەیەکی تاسە ئامێز بەکێماسییەوە بەڕێوە دەبرێت، ئێمە لە



نەزانیو بە تایبەت لە خۆپەرستیو توندو تیژیی کۆمەڵانی بەربڵاوی خەڵك، دەترسینو لە دڵەڕاوکێ داین...) (لاپەرە ١٣٨).

ترسو هێدمەی میل لەو حکومەتەی کە دیموکراسی دەهێنایە دی کەمتر بوو، تا دەسەڵاتو هەژموونی ئەو حکومەتە لە کۆمەڵگەیەك کە کۆمەڵە بیرو تێڕوانینێکی وشكو بەسەرچووی گشتی حوکمڕان بوو بەسەریدا، تێڕوانینو باوەڕگەلێك کە هیچ نەرمیو سازشێکی بەرامبەر بە جیاوازیی  بیروڕا، لێ بەدی نەدەکراو تەنانەت زۆر نائاسایی مامەڵەی لەگەڵدا دەکردن. ئەو مەسەلەیە تەوەری سەرەکیە لە کتێبەکەی(میل)دا کە لەژێر ناوی(لەبارەی ئازادی)دا ساڵی ١٨٥٩ نووسراوە. نیگەرانی میل لەپای ئەوە بوو کە رای گشتی بە خەتەرتر دەزانی بۆ سەر ئازادیی تاك لە دەوڵەتو زۆر هەراسناك بوو لە ئاراستە دیموکراسییەکان لەو زەمینەیەدا. ئەو دەنووسێ: " وا ستەمی زۆرینە، بەشێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی خراپەو بەدکارییێکی ئەوتۆ جێی بۆ کراوەتەوە، کە کۆمەڵ دەبێ لە دژیدا داکۆکی لە خۆی بکات" [22]و  ئەوەی کە(دووبارە مەسەلەی رای گشتی حوکم بەسەر جیهاندا دەکات، مەسەلەیەکی لە مێژینەیە لە سیاسەت). ئەو گروپانەی کەرای گشتی دروست دەکەن، زیاتر(میانەڕۆیە گشتگەراکان)ن،(لاپەرە ١٣١) رێك بەهەمان شێوەی کە(میکاڤیللی)ی هاوسەردەمی نووسیبووی:" دامەزراوەگەلی سەرلەبەر دیموکراتیك، زوو یا درەنگ، ئازادی یان شارستانێتیو یاخود هەردووکیان، نابووت دەکات"[23]. هەروەك بینیمان ئەو ئەندێشەیەی کە پێیوایە دیموکراسی هەڕەشەیەکە بۆسەر ئازادی، شتێکی تازە نەبوو، بەڵام شوێن پەنجەیەکی گرنگی لە بیرکردنەوەی نوێی لیبراڵیدا سەبارەت بە دیموکراسی، دادەنا.

نیگەرانی(میل) ، سەرەنجام ئەوی لەگەڵ کەسانێکدا کردە هاودەنگ کە لایەنگریدانی مافی دەنگدانی زیاتر بوون بۆ کەسانی پسپۆڕو زانا بە بەراورد لەگەڵ کۆمەلانی بەربلاوی خەڵك[24]. هەمووان لە نێویاندا ژنانیش دەبێ یەك دەنگیان هەبێت، بەڵام پسپۆڕان نا، ئەوان دەبێ بەپێی زانستی خۆیان مافی دەنگدانی زیاتریان هەبێت. ئەو پێیوابوو بەم جۆرە دەتوانرێ بەربەندێکی دڵنیاکەر لەبەرامبەر نەزانی، فیزو توندوتیژی خەڵك کە زۆر لێیان دەترسا بهێنرێتە ئاراوە. رەگێکی بژاردەگەرایی ئەفلاتوونیش لە ئەندێشەی میلدا هەبوو. پێکەوە گونجاندنی بنەمای گشتیی دیموکراسی لەگەڵ ئایدیای حکومەتو رێبەرایەتیی کۆمەڵ لەلایەن زانستمەندە هەرەچاكو رۆشنبیرترینەکانی کۆمەڵگە، حەزو ئارەزوویێکی دێرینەی میل بوو. پارلەمانو دەوڵەت دەبێ بە دەنگی خەڵك یا بەشێوەیەکی هەڵسەنگێنراوتر هەڵبژێردرێن، بەڵام کە هەڵبژێردران، دەبێ خەڵك ئەوە قەبووڵ بکات ئەنجومەنێك کە لە( باشترینو هۆشمەندترین پیاوانی وڵات) پێك هاتووە، بڕیاری چاکتر لە خەڵك وەردەگرێت. بۆیە، میل بە پێچەوانەی دیموکراتە رادیکاڵەکان، لایەنگری لە پارلەمان کە ماوەکەیان لە پێنج ساڵ کەمتر بێت دەبنە مایەی(مەرایی کردنی نزم)ی نوێنەران لە مەڵبەندەکانی هەڵبژاردنی خۆیان:

ئەندێشەی دیموکراسیی عەقڵانی، بەمانای حکومەتی خودی خەڵك نییە، بەڵام دەبێ بۆ هێنانەکایەی دەوڵەتێکی خزمەتگوزار، دڵنیابوونی پێویست بەدی بهێنرێت... چاکترین دەوڵەت (ئایا پێویستە ئەوە بگوترێ؟) دەبێ دەوڵەتی هۆشیارترین تاکەکانی بێتو ژمارەی ئەو تاکانە پێویستە کەم بێت.



بێگومان ئەوەی کە راستی روون دەکاتەوە، بریتیە لە خەسڵەتی چۆنایەتیی(عەقڵانی).

لە ئینگلیستاندا ئەو جۆرە دڵەراوکێ، هۆشدارو تواناکاریانە لە خولی باسو گفتوگۆ لەبارەی دیموکراسی دوای فەرمانی چاکسازیی ساڵی ١٨٦٧، زیاترو گەرمو گوڕتر بوون. سیمایەکی دیار لە کردنەوەی ئەو باسانەو ژیاندنەوەی مەسەلەی مافی دەنگدان، لانی کەم بەر لەوەی( گلەدستۆن-Gladston)*، رەنگە(جۆن برایت-John Bright) بێت. بەڵام ( برایت) کە وەك لیبراڵێکی رادیکاڵ دەناسرێو ناوبانگی دەرکردبوو، جەخت دەکاتەوە کە کەسێکی دیموکرات نییە:

بانگەشەی ئەوە ناکەم کە دیموکرات بم. هەرگیز ئەو ناونیشانەم قەبووڵ نەکردووەو پێم وایە ئەوانەی کە من دەناسنو بە ئەمانەتەوە لەبارەی منەوە دواون، هەرگیز ئەو ناونیشانەیان سەبارەت بەمن بەکارنەهێناوە[25].

هەروەها لەساڵی ١٨٦٠ لە ئەنجومەنی خەڵك رایگەیاند: (من چ لە ئەنجومەنو چ لەجێیتردا، هەرگیز وشەیەکم وەك داکۆکیکردن لەمافی دەنگدانی گشتی، دەرنەبڕیوە)[26]. ئەگەرچی لیبرال رادیکالێك بە ناچاری ئەو رەتکردنەوانە رادەگەیەنێ، ئەو بابەتەی کە لە واقیعدا قسەی لێکراوە دیموکراسییە، ناکۆك دێتە بەرچاو. بەم پێیە هەرچەندەی ئەو خاڵانەی چاکسازی کە خراونەتەروو، شیاوو لەجێی خۆیشی بن، بەدروستی دیارە کە بابەتگەلی گرنگی بنەماکانی

* ویلیام ئورات گلەدستۆن، ١٨٠٩-١٨٩٨، دەوڵەتدارو سەرەك وەزیری ئینگلیستان(٦٨-١٨٧٤، ٨٠-١٨٨٥، ١٨٨٦، ٢-١٨٩٤). لە سەرەتادا لە لایەنگرانی محافزکاران بوو بەڵام دوایی، بوو بە رێبەری حزبی لیبرال.

دیموکراسی هەر بەهەمان ئاراستەی رەوتی کۆمەڵگەو سیستمی سیاسی بووە.

هەروەك بینیمان، بۆرژوا دڵنیاکانی وەکو(جیمز میل)و (ئەدوارد میال)ی لیَ دەرچیَ کەوەك(چارتیست)* ەکانی دەیەی ١٨٣٠، ١٨٤٠ بۆ مافی دەنگدانی گشتی، دەستیان بە خەبات کردبوو، ئەو کەسانەی کە لە دیموکراسی دەترسانو ناکۆك بوون لەگەڵیدا گەیشتبوونە ئەو ئەنجامەی کە سەرکەوتنی دیموکراسی تەریبە لەگەڵ هەژموونو دەسەڵاتگەریێتیی سیاسیی چینی کرێکار. لە روانگەی ئەواندا، ئەو چینە، هەموو لە هەموو لەکاتی هەڵبژاردندا دەنگ بۆ کەسانێك دەدات کە نوێنەری ئەو چینە بن، و وەك دەشبینین بە ئاشکرا زۆرینەی کۆمەڵ لەو چینە پێك هاتووە، جا بیر بکەرەوە داخۆ چ شتێك دەتوانیَ لە بەرامبەر دەسەڵاتو هەژموونی سیاسیی ئەواندا خۆراگریو بەرگری بکات؟ ( رابێرت لۆی-Robert Lowe ) کە یەکێکە لە دژبەرە سەر سەختەکانی فەرمانی چاکسازیی ساڵی ١٨٦٧، بەم شێوەیە هۆشداریدا: ( باشە! دەنگ بە کرێکاران بدەن، هەنگیَ دەبینین کە ئەو دەنگانە چۆن وەك کەلاوەیەك بەسەر دامەزراوەو داراییەکانی ئەم وڵاتەدا دەروخێن )[27]. لەوانەیە هۆی سەرەکیی رێککەوتنی چینە نێوەڕاستو چاکترەکان لە پەرەپێدانی پلە بەپلەی مافی دەنگدان، ئەوە بووبێت کە ئەو پێشبینییە هەرگیز نەهاتەدی. هەر لەسەرەتاوە دەنگی پیاوانی چینی کرێکار لە نێو حزبە مەوجودەکاندا دابەش

* (چارتیست)ەکان، بزوتنەوەی رادیکاڵی چینی کرێکار کە لە دوا دواییەکانی دەیەی١٨٣٠و سەرەتاکانی دەیەی١٨٤٠خاوەنی خۆشەویستییێکی فراوان بوون لە ئینگلیستاندا. ئامانجی ئەو بزاڤە داواکردنی مافی دیموکراتیك بوو بۆ هەمووان. ناوی ئەو رەوتە سیاسییە لەو بەیاننامەیە وەرگیراوە کەلە ساڵی١٨٣٨بەناوی (بڵاوکراوەی خەڵك) بڵاوکراوەتەوە.



بووو کاتێك کە حزبە سۆسیالیستەکان یان سۆسیال دیموکراتەکان هاتنە سەر شانۆی دەسەڵات، بەدەگمەن توانیان وێڕای ئەو پشتیوانییە گەرموگوڕو توندو تۆڵەی کرێکاران، باڵا دەستی سیاسی بەدی بێنن. بەم پێیە، لەسەدەی نۆزدەدا، دیموکراسی هەم لەلایەن داکوکیکەرانو هەم دژ بەرەکانی بە مەسەلەیەکی چینایەتی دەژمێردرا. هەر ئەوەش بووە مایەی گەرمتربوونی خەبات لە پێناو جێگیرکردن یان دژایەتی کردنیدا.

بەڵام دواتر، گۆڕانێکی گرنگ لە دیدگای گشتی سەبارەت بە دیموکراسی هاتە ئاراوە. پێچەوانە بوونەوەی دیدگای فەرمیو گشتییەکان سەبارەت بە دیموکراسی هەر لەوکاتەی کە(جۆن برایت) سەر سوڕهێنەرانە دیموکرات بوونی خۆی رەت کردەوە تاکو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم درێژەی هەبوو. دیموکراسی وەك بنەمایەك، کە هەموان تەنانەت رادیکاڵترین کەس یا(سەرەڕۆترین)یان بە شۆرو شەوقەوە نکۆڵیان لێی دەکرد، گۆڕا بۆ بابەتێك کە تەنانەت کۆنەپەرستترین کەسیش بانگەشەی ئەوەی دەکرد باوەڕی پیَ هەیە. لە دەیەی ١٩٢٠دا، کاتێك کە مۆسۆلینی تا رادەیەك لەژێر کارتێکردنی تێوریسەنە بژاردەکان دابوو، بە سوکگرتنێکەوە ناکۆکیی خۆی دژی دیموکراسی راگەیاند، پێدەچیَ کە ئەو هەڵوێستگیرییە لە بەرامبەر پەرەگرتنی سەرجەم رێبازە سیاسییەکان لە ١٧٨٩ بەدواوە، بووبێت. چۆنو بۆچی ئەو جۆرە گۆڕانکارییە سەرسامکەرە، بەو خێراییە لەرادەبەدەرە، لە دیدگاکاندا هاتەدی؟ من تا ئێستا هیچ توێژینەوەو هەڵسەنگاندنێکم نەدیوە کە بەشێوەیەکی وردو بەڵگەدار، وەڵامی ئەو پرسیارەی دابێتەوە. باوترین روونکردنەوە ئەوەیە کە جەنگی یەکەمی جیهانیو بەتایبەت

قوربانییە لە ژمارە بەدەرە مرۆییەكان لە نەبەردی(سۆم)* و ڕەشەكوژییەكانیتر لەبەرەی ڕۆژئاوادا، بوونە هۆی گۆڕانی دیدگاو تێڕوانینەكان. ئیدی قسەكردن لە ئیمپراتۆرەكانو یان ئەركی نیشتمانی، بۆ ڕەوایی بەخشین بەو قوربانیانە، بۆ خەڵك ڕازیكەرانە نەبوون. وتاردانە لیبڕال دیموكراتیەكەی سەرۆك (وۆدرۆ ویلسۆن-Woodrow Wilson، بیستو هەشتەمین سەرۆك كۆماری وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە سەردەمی جەنگی یەكەمی جیهانی) بارودۆخەكەی زۆر چاكتر كرد. ( دەشێ بەناوی دیموكراسییەوە قوربانی بدرێت، بەڵام ناكرێ لە پێناو نیشتمانپەروەرێتیی ڕووت یان بۆ نەزمێكی كۆمەڵایەتی، وەك چۆن پێشتر وابوو، هەمان ئەو چاوەڕوانییە هەبێت)[28]. بەڵام بە لێكدانەوەیەكیتر ئەو ڕێككردنەوەیە واقیعیەت بوو. مافی دەنگدان لانی كەم بۆ پیاوانی باڵق بە شێوەیەكی فراوان، زیاتر لە جاران جێگیر بوو، بەڵام هێشتا بەرەنگاربوونەوە لە بەرامبەر ئەندێشەو چەمكی(دیموكراسی) هەر هەبوو. ئایا وەك چۆن(تۆكڤایل) چەندین ماوە پێشتر گوتبووی. چاكتر نەبوو لە بەرامبەر مەسەلەیەكی حەتمی سەر دابنەوێنریو دیموكراسی بەشێوەی سنوورداری نوێنەرایەتی وەك چوارچێوەیەك قەبووڵ بكرێت كە تا ئەوەندەی دەكرێ پێكهاتەی دەسەڵاتو بەهاكانی تیادا بپارێزرێ؟

* سۆم-Battle of the somme :هێرشی گەورەی سوپای بەریتانیا بۆ سەر هێزەكانی ئەڵمانیا لە باكووری ڕۆژئاوای فەرەنسا كە لە یەكەمی مانگی حەوت تا مانگی یازدەی١٩١٦ درێژەی كێشاو بە خوێناوی ترین نەبەردی مێژوویی بە یەك ملیون كوژراوەوە ناسرا. كاتێك كە نەبەردەكە كۆتایی هات، هاوپەیمانان تەنها١٦ كیلۆمەتر لە سەنگەرەكانی پێشووتری خۆیان چووبوونە پێشەوە.



مەبەست ئەوە نییە كە لە سەدەی بیستەمدا ئیدی بە تەواویو هەمەلایەنە نارەزایەتیی ڕاشكاوو ئاشكرا دژی دیموكراسی نەمابێت. بەڵكو فاشیستەكانی وەك(مۆسۆلینی) لە بەسووكگرتنی دیموكراسی بە ئاشكراو بێ پەروا ڕەفتاری دەكردومۆسۆلینی لەو بارەیەوە دەڵێ:

فاشیزم نكۆڵیكەری ئەوەیە كە زۆرینە بە پێی ئەو ڕاستییەی كە زۆرینەیە، دەتوانێ فەرمانڕەوایەتی كۆمەڵگە مرۆییەكان بكات،... مەبەستی ئێمە لە ڕژێمە دیموكراتیكەكان، ئەوانەیە كە جارجار ئەو وەهمە لای خەڵك دروست دەبێت ئەوانە حوكمڕانی دەكەن، ئەمە لە كاتێكدایە كە حاكمیەتی ڕاستەقینە لە جێیەكیتر دایە، ڕەنگە لە دەستی گروپێكی نا بەرپرسو نادیاردا بێت... فاشیزم، ئەو درۆیە پووچو باوەی كە دەڵێ لە دیموكراسیدا یەكسانیی سیاسی هەیە، ڕەت دەكاتەوە...

بەڵام تەنانەت مۆسۆلینی یا نووسەری لەبری ئەو واتە(جەنتیلە-Gentile )ەش لە پەرەگرافی دواتردا بە پێناسەكردنێكی فاشیانەی وەك(دیموكراسییێكی سیستماتیك، جێگیرو دەسەڵاتدار) داكۆكییێكی زارەكی لە دیموكراسی دەكەن[29].

بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەكاندا، كەسانێك كە لەم سەدەیە(سەدەی بیستەم) نەفرەت، یان ترسیان لە دیموكراسی لانی كەم بەمانای دەسەڵاتە گەلییەكەی هەبووە، شێوەو فۆرمی ناسكترو ئاڵۆزتریان بۆ چوارچێوەدان بەو هەستو نەستە كۆنانە ڕێك خستووەو دۆزیوەتەوە. بژاردەگەرا تازەكان، لەجیاتی ئەوەی بە ئاشكرا باس لە (گەجەروگوجەر) یان (كۆمەڵانی ڕەشۆكیو بەربڵاو)ی (ج.س.میل)و یاخود (كۆمەڵانی بەربڵاوی چاوچنۆك)ی (بۆرك ) بكەن، دەستەواژەی ( كۆمەڵانی خەڵك) یا ( كۆمەڵی جەماوەری) بەكار دەهێننو تەنانەت

جیاوازی لە نێوان (دیموکراسیی خەڵك) و (دیموکراسیی لیبراڵ) دا دەنێن. بەم پێودانگە، ( ویلیام کورن هاوزەر-William Korn Hauser ) لە کتێبێکی خۆی بە ناوی (سیاسەتی کۆمەڵی خەڵکی) یان(کۆمەڵی جەماوەری) کە لە ساڵی ١٩٦٠دا بڵاوبۆتەوە، دەڵێ: (دەبینین، سیاسەتی جەماوەری لە کۆمەڵگەی دیموکراتیکدا دژی دیموکراتییە، چونکە ئەو سیستمەی کە هەڵقوڵاوی یاسای بنەڕەتییە، لەبەر چاو ناگرێت )[30]. نووسەرێکی‌تری ئەمریکایی بەناوی( والتەر لیپمان-Walter Lipmann ) بەم شێوەیە باس لەو پرسە دەکات کە لە دیموکراسییە لیبراڵەکاندا(رامانو باوەڕی جەماوەری) زاڵە بەسەر دەوڵەتەکانداو ئەو مەسەلەیە دەرخەری( پشێوییە لە کارکردی پەیوەندیی جەماوەری گەلو دەوڵەت)[31]. ئەو سەبارەت بە (پێویستیی داکۆکیکردن لە دەسەڵاتە کارگێڕیو دادوەرییەکان...)ەوە( لاپەرە ٤٥) دەنووسێ.

وا پێدەچێ کە دیموکراسی زۆر پێشڤە چووە. خەڵك یا (جەماوەر) بەناهەق دەسەڵاتیان خستۆتە ژێر چنگی خۆیانو چەند کارو رەفتارێك ئەنجام دەدەن، کە پێویستە دەوڵەتو حکومەت ئەنجامیان بدات. دیدگای(لیپمان) وەك تێڕوانینی (ج.س. میل) ئەوەبوو کە دەنگدەران ئەو مافەیان هەیە حوکمڕان یان دەوڵەتی خۆیان هەڵبژێرن، بەڵام لەوە زیاتر، دەبێ دەست لەکاروباری دەوڵەت وەرنەدەنو وازی لێبێنن تاکو بەبێ دەستێوەردان یا گوشار، حکومەت بەڕێوە ببات: (ئەرکی ئەوان- واتە خەڵك- وەرگرتنی پۆستو پایە حکومەتیەکانە، نەك رێنوێنیو هەڵسووڕاندنی خاوەنی ئەو پۆستو پلەو پایانە). (لاپەڕە ٤٦) بۆچوونێکی نزیك لەوەش لەلایەن ( رنارد کریك-Bernard Crick ) خرایە روو کە لەبارەی هەمەپرسیو دەسەڵاتی لێپێچانەوە لە نوێنەرانو ئامرازەکانی‌تری دەستێوەردانی



خەڵکی، چەند خاڵێك باس کران: (ئەوان- مەبەستی خەڵکە- ئەوە فەرامۆش دەکەن کە یەکەمین کارو ئەرکی دەوڵەت، هەڵسووڕاندنو بەڕێوەبردنی حکومەتە... دەوڵەت خۆی دەتوانێ ئەولەویەتە راستەقینە کۆمەڵایەتیو رێبازو میتۆدە کردارییەکان دەستنیشان بکات. دیموکراسی تەنها دەتوانێ ئامۆژگاریو راوێژکاری بکات، ئەوەش دەبێ بە شێوەیەکی ناراستەوخۆو دەمبەدەمی بێت)[32].

ریشەی تێزی سەرەکیو تیۆری ئەو هەوڵانە کە بۆ سنووردارکردنی رۆڵی(کۆمەڵانی خەڵك) لە سیستمی سیاسیدا دەدرێن، لە چاوخشاندنەوە بە تێڕوانینی کۆنی دیموکراتیدا، بە جۆرێك کە هەندێ لە دەستاوەردەکانی کۆمەڵناسیی سیاسیی نوێو هەندێ لە فرمانەکانی تیۆریسەنە کلاسیکە بژاردەگەراکانی وەك( پاریتۆ، موسکاو میشێل-Pareto, Mosca and Michels)یان تیادا جێکردۆتەوە. کاکڵی سەرەکیی تیۆری بژاردەگەرایی لەو بڕوایە دابوو کە دیموکراسی بە مانای پێداگرتنی کۆنی لەسەر حکومەتی خەڵك، ئیدی نابێت: هەموو دەوڵەتەکان، دەوڵەتی بژاردەکان، یان لانی زۆر، حکومەتی دەستەیەکی بژاردەن لە نێو ژمارەیەك بژاردەی رکابەردا. ئارەزووی دیموکراتیانە لە فۆرمی کلاسیکیانەیدا مەحکوم بە لە نێو چوونە، پاشهاتێك کە بەپێی هەلوێستگیری سیاسیی ئەو تیۆریسەنانە، یا مایەی پەسەندو دڵخۆشییە، یان پێچەوانەی ئەوەیە. ( رێیمۆند ئارۆن-Raymond Aron ) ئەو ئەنجامگیرییەی بە کورتیو راشکاویەوە دەربڕیووە: ( دەوڵەت لە پێناو خەڵکە، بەڵام دەوڵەتێك لە لایەن خەڵکەوە بوونی نییە)[33].

نیشانەیەکی ئەوتۆ لەمەڕ دڵگرانی ئەو نووسەرانە بەدی ناکرێ کە بڕیاریان داوە تیۆری دیموکراتیك بۆ گونجاندنی پێشمەرجە

بنچینەییەکانی بژاردەگەرایی دابڕێژنەوە. پێدەچێ زۆرێك لەوانە بەبێ ئەوەی وەك نووسەرانی لە چەشنی( لیپمان) راشکاوانە بن، خۆشحاڵ بن لە دووبارە پێناسەکردنەوەی دیموکراسی بە جۆرێك کە تیایدا ئەو ئارەزووە کۆنانەی لەسەر بنەمای بەشداریکردنی خەڵکی جێگرن وەلانرابن. بەم تەرزە، ئەوانە لەهەردوو جیهاندا خۆیان سەرفراز دەبینن. دەتوانن وا نیشان بدەن کە داکۆکی لە دیموکراسی دەکەن، لە کاتێکدا رەخنە لە ئارەزووگەلێك دەگرن کە کەسانی سادەتری بەرلەوانی ناچار دەکرد تاکو بەو شێوازە دیموکراسی لە قاو بدەن، یا بیخەنە بەر رەخنەوە[34].

رەنگە بە بڕسترین نووسین سەبارەت بە پوختەکردنی تیۆری نوێی دیموکراسیی بژاردەگەرا، ( یان رووەکەی تری، تیۆری بژاردەگەرایی دیموکراتیك) بریتی بێت لە کتێبەکەی (ژوزێف شومپیتەر Joseph Schumpeter)، ١٨٨٣-١٩٥٠، ئابووریناسو تیۆریسەنی نەمسایی- ئەمریکایی)، لە ژێر ناوونیشانی(سەرمایەداری، سۆسیالیزمو دیموکراسی-,Capitalism Socialism and Democracy) کە لەساڵی ١٩٤٢ بڵاوبۆتەوە. (شۆمپیتەر) بە شێوەیەکی بەرچاو، چەمکی دیموکراسی بە پێناسەیەکی وەك(شێوازێکی سیاسی... بۆ ئەنجامی بریارگەلی سیاسی- دادوەریو دەزگای راپەراندن) بەستەوەو لەو رووەوە رایگەیاند کە دیموکراسی(بۆ خۆی ئامانجێك نییە)[35]. ئەو بە خێرایی ئەو دەرەنجامەی وەرگرت کە ئامانجی کلاسیکی حکومەتی خەڵك، نەك هەر ناکردەیە، بەڵکو لەبەر نەزانی، بێئاگاییو کەمتەرخەمی خەڵك ناپەسندیشە. وەك چۆن لە تیۆری کلاسیکی دیموکراسی، (واقیعیەتی رێبەری) بە شێوەیەکی بنەڕەتی مایەی قەبووڵ نییەو پشتڕاست



ناکرێتەوە. (لاپەڕە ٢٧٠) شومپیتەر بەپێی هەندێ تێبینی کە بەشێکیان ئەزموونیو ئەوانیتر بە ئاشکرا سروشتی بوون، ئەو ئەنجامەی بەدەستەوەدا کە رۆڵی تایبەتی خەڵك، بریتیە لە هەڵبژاردنی حوکمڕانەکانی خۆیان لەرێی هەڵبژاردنێکی رکابەر ئامێزو لەوە بەولاوە ئازاد هێشتنەوەی ئەو حوکمڕانانە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری حکومەت کردن. دەنگدەران( دەبێ ئەوە درك بکەن کە تاکێك هەڵدەبژێرن، ئەرکی ئەو تاکە هەڵبژێردراوە کاری سیاسییە، نەك کەسێکیتر. ئەوە بەو مانایەیە کە نابێ دەستوورو فەرمان بەسەر ئەودا بدرێت چ کارێك ئەنجام بدات یان نەیدات..)(لاپەڕە ٢٩٥) هەڵبەتە(بورك)یش هەمان ئەو وەڵامەی نزیکەی دوو سەدە بەر لەو، دابووە دەنگدەرەکانی خۆی لە( بریستول). شومپیتەر بە درێژەدانو پەیگیری ئەو هێڵە فیکرییە گەیشتە پێناسەیەك کە زۆر کەس گێڕاویانەتەوەو گواستویانەتەوە کردووە. ئەو لەو پێناسەیەدا(شێوازی دیموکراتیانە)ی بەم چەشنەی خوارەوە دەربڕیوە:

سیستەمو رێو شوێنێکی داڕێژراو. بۆ گەیشتن بە بڕیارگیریی سیاسی کە تیایدا تاکەکان دەسەڵاتی بڕیارگیری لەرێی خەباتو هەوڵدانێکی رکابەر ئامێزانە بۆ وەدەستهێنانی دەنگی زیاترین خەڵك، بۆخۆیان دابینو دەستەبەر دەکەن. (لاپەڕە ٢٦٩)

هەندێ لەو کەسانەی کە لە دەیەی ١٩٥٠دا شوێن پێی شومپیتەریان هەڵگرت، لەوەش زیاتر رۆیشتنو رۆڵی خەڵکیان لە سیستەمی دیموکراسیی سیاسی زۆر کەمتر کردەوە. لەو رووەوە(س.م. لیپسێت-S.M. Lipset ) دەنووسێ: (دیارترینو بەهادارترین توخمی دیموکراسی، بریتیە لە پێکهێنانی بژاردەگەلێکی سیاسی لە ململانێو

هەوڵدانێکی رکابەر ئامێزانە بۆ وەدەست هێنانی دەنگی دەنگدەرانێك کە لە بنەڕەتدا کەسانێکی وروژاوو پڕجموجۆڵن). ئەو وروژانەی دەنگدەران چ مایەی نیگەرانی بێتو چ ئەفسووس، بەباشی پەسەندو پشتگیری کرا.(لیپسێت)، بە شێوەیەکی فەرماندەرانە رایگەیاند: ( ئەو بیرکردنەوەیەی کە پێی وایە ئاستی زۆر بەرز لە بەشداریکردندا هەمیشە بۆ دیموکراسی شتێکی چاکە، بیرکردنەوەیەکی بایەخدار نییە)[36]. مەیلداری یا چالاکیی لەرادەبەدەری خەڵك، دەشێ ببێتە هەمان ئەو شتەی کە(کورن هاوزەر) ناوی نابوو" رووی تێکدەرانەی بزاڤی جەماوەریی ئازادیو دیموکراسی"(لاپەڕە ١٢٩)،(ئەدوارد شیلس- Edward Shils) دەیگوت: " سیاسەتی پلۆرالیستی" بە" میانەڕەویی دەخاڵەتکردن لە سیاسەت... دیاری دەکرێت" و خۆ لە( شۆڕو شەوقی سۆزدارانە) دەبوێردرێت.[37] هەندێکیتر لەوەش زیاتر رۆیشتنو گوتیان رەنگە بایەخ نەدان بە سیاسەت(رەنگدانەوەی راستیی دیموکراسی بێت)( لیپسێت)،و یان وەك (هێزی کەم تا زۆر کاریگەر لە بەرامبەر ئەو وەهمانەی کە بۆ سەر دیموکراسیی لیبرال بە هەڕەشەیەکی راستەقینە دەژمێردرێن) کەوتنە پەسنو ستایشیکردنی)[38].

تەوەرێکی گرنگی تری ئەو بەڵگەو پاساوکاریانەی کە پێویستیان بە چاو پێداخشاندنەوە هەیە، ئەوە بوو کە شتێك نییە ناوی ئیرادەی گشتی بێت. هەموو ئەو نووسەرانەو زۆرانێکیتر، لەگەڵ تێڕوانینی(کریك) دابوون. لە دیدی ئەودا" هەموو کۆمەڵگە پێشکەوتووە مەوجودەکان، خۆی لە خۆیدا پلۆرالیستیو فرە چەشنن". (لاپەڕە ٦٢) ئەگەر ئەوە راست بێت، ئەوا هەوڵدان بۆ دەرخستنی ئیرادەی گشتی، بە کردەیەکی جیاوازی دروستکەر لەقەڵەم دەدرێتو بۆ مافەکانی تاكو گروپە مەوجودەکان لە کۆمەڵ



خەتەرناکە. رەنگە هەر ئەو مەسەلەیە بێت کە بووبێتە هۆی ئەوەی بە بەدگومانییەوە لە بزاڤە سیاسییە جەماوەرییەکان بڕوانرێت. ئەگەر بوونی ماهیەتی پلۆرالیستیی کۆمەڵ بە مەسەلەیەکی حەتمی بزانین، ئەوا ئەوسا ئەو جۆرە بزاڤانە تەنها بەرهەمی هێستریایەکی فریودەرانە دەبن... بەڵام ئەو پلۆرالیزمە چۆن چۆنی لە پرۆسەی دەنگداندا رەنگ دەداتەوەو بەرجەستە دەبێت؟ وایدەبینم وەڵامی روون بۆ وەها بابەتێك ئاوا بێت: ئەو بەرجەستەبوونە لەرێی زۆرینەی پارتەکان دەبێت، تاکو هەر دەوڵەتێك نوێنەری هاوبەندێکو لانی کەم ژمارەیەکی بەرچاوی ئارەزوومەندو دەستە بەندییە جۆراو جۆرەکان لەخۆ بگرێت. بەڵام تیۆریسەنە چاوخشێنەرەوە خوازەکان لایەنگری دەوڵەتی دەسەڵاتدارو سەقامگرتووانە بوون. بۆیە زۆرێك لەوان لایەنگری دەوڵەتی تاکحزبی بوون نەك هی هاوبەند. دەوڵەتە تاکحزبییەکان، کە سیستمەکانی باڵا دەستی دوو حزبی لە جۆری ئەمریکاییو ئینگلیزی دێننە ئاراوە، بەڵام دەوڵەتی هاوبەند، تایبەتمەندێتیی کۆمەڵگەی(پلۆرالیستیی فرە چەشن) چاکتر رەنگ پێدەداتەوە.

رێی دەربازبوون لەو تەنگانەیە بە پەرەپێدانی(گروپە هاو بەرژەوەندەکان-Interest Group )و گوشارەوە هاتۆتە ئارا، کە بە تێگەیشتنی نوێ لە دیموکراسی، ئەو گوشارو گروپانە رۆڵی بنچینەییان هەیە. ئەوانە گروپو کۆمەڵە دامەزراوەیەکن کە دەرخەری بەرژەوەندییە جیاجیاو فراوانەکانن لە کۆمەڵدا. ئەرکی دەوڵەت ئەوەیە کە تێیانبگەیەنێ، ناوبژیوانیان بێتو تا ئەو شوێنەی دەکرێت لەگەڵ یەکتریان بسازێنێو رێککەوتنێکی وایان لەناودا دروست بکات کە هەموو ئارەزووو بەرژەوەندییە (رەواکان) لەخۆ

بگرێت.(جۆن پلامێناتز-John Plamenatz ) بە ئاگابوون لەوەی کە ئەو گروپانە کەمینەیەکی بچووك لە نێو خەڵکدا پێك دێنن، بە دڵگەرمییەوە رایگەیاند کە لەرێی قسەکەرانی رێکخراوەکانەوە( دەنگی خەڵك هەمیشە دەبیسترێ)، هەروەها (رۆبێرت دال-Robert Dahl)یش لە دەیەی ١٩٥٠دا پێی وابوو کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خاوەنی (سیستمێکی سیاسییە کە تیایدا سەرجەم گروپە چالاكو یاساییەکان لە نێو خەڵك دەتوانن لە قۆناغە فەیراناوییەکانی پرۆسەی بڕیارگیریدا، قسەی خۆیان بگەیەننە گوێی هەمووان)[39]. بەجەختکردنەوە لە رۆڵی گروپەکانی گوشارو هاو بەرژەوەند، دەکرێ بڵێین کە بنەمای لە مێژینەی دیموکراسی یانی بنەمای بەشداریکردنی راستەوخۆ، بۆ شوێنی پێشووی خۆی دەگەڕێنرێتەوە، بەڵام لە فۆرمێکی نوێو گونجاوی ئەوتۆ کە تیایدا دەرفەت بۆ تاکەکان نا، بەڵکو تەنها بۆ گروپو کۆمەڵەکان لەبەرچاو دەگیرێت.

لە سەدەی بیستەم، یا وەك چۆن رۆژگارێك بە(سەدەی کەسانی ئاسایی) ناو دەبرا، گومانو دڵەڕاوکێ سەبارەت بە دیموکراسی هەر هەبوو، نەك هەر هەبوو تەنانەت رەنگە بەهۆی پەرەسەندنی مافی دەنگدانو گۆڕانی رێبازگەلی سیاسیی پەیوەست پێیەوە، زیاتریش بووبێت. بەڵام ئەو گومانو دڵەڕاوکێیانە، لە دژی بنەمای دیموکراسیی راستەوخۆ نابن، بنەمایەك کە لەرووی سیاسییەوە لە زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا مایەی قەبووڵە. لەجیاتی ئەوە، هەوڵیان داوە بە گۆڕین، مشتومالدان، دیاریکردنو رۆشن کردنی پێناسەی دیموکراسی، ئەو بنەمایە لەگەڵ باوەڕبوونی دێرینە بە پێداویستی یا شکۆمەندیی حکومەتی بژاردەکانو بێ متمانەیی بە (کۆمەڵانی بەربلاوی خەڵك) ، بسازێنن. رەنگە لەوانەش گرنگتر، گونجاندنی ئەوانە بێت لەگەڵ



سیستمە مەوجوودە سیاسییەکان لەجیهانی رۆژئاوادا، کەخۆیان بە(دیموکراسی) ناودێر دەکەن. بەپێی ئەو پێناسە چاو خشێنەرخوازە، قسەکردن لەمەڕ پاراستنو داکۆکیکردن لە دیموکراسی شتێکی ئاساییو سروشتییە، چونکە بێگومان لە وڵاتانێکی خۆشبەختی وەك ئینگلیستانو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ماوەیەکی بەردرێژە دیموکراسی هەیە.

رەنگە چاوخشێنەرەوەخوازانی ساڵانی دەیەی ١٩٥٠، بەراگەیاندنی گەیشتن بە دیموکراسیو(کۆتایی هاتنی ئایدۆلۆژیا)و رێبازە ئایدۆلۆژییەکان، ئومێدەوار بووبن کە ئەو باسە لە مێژینەیە سەبارەت بە دیموکراسی ئیدی کۆتایی پێ بێت.. بەڵام هەروەك پێشبینی دەکرا ئەو مەسەلەیە خۆی بووە هۆی سەر هەڵدانەوەو بوژانەوەی ئەو باسە. هەوڵی ئەوانە بۆ چاوپۆشین لە زۆرێك بیرۆکەو ئامانجگەلی تیۆری کلاسیکی دیموکراسی، بەخێرایی رووبەرووی بەرهەڵستیو نارەزایەتیی تیۆریسەنەکانیتر بووەوە، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە پەسندانو ستایشی ئەوانە لەو دیموکراسیانەی کە بە واقیعی هەن زادەی باوەڕی سیاسیانەی نیوە هاوبەند بوو. تیژی(دەنگدرانێکی لە بنەرەتەوە وروژاوو پڕجموجۆڵ) رووبەرووی سەرهەڵدانەوەو پەرەگرتنێکی بەرچاوی چالاکییە جەماوەریو ئایدۆلۆژییەکانی رادیکاڵەکان بووەوە لە دوادواییەکانی دەیەی ١٩٥٠دا، رێك لە سەردەمێکدا کە ئەو دەقانە نووسرانو بڵاوکرانەوە، داخوازی تازە بۆ بەشداریکردن خرایە رووو هەموو ئەمانەی باسکرانو چەند شتێکی تازەیان سەبارەت بەو هەڵێنجانە بەرواڵەت لە بەین براوە، هێنایەوە ئاراوە. مەیلو شکانەوە بە لای ناوەندگەراییو بیرۆکراتیزەکردنی دەسەڵات، بواردان، ئازادیی رامانو فرە ناوەندی دادەگرێت. ئەو رەوتە بەرهەڵستکارە، تۆکمەو

هەماهەنگ نییەو هێشتا لە ئاراستە ناوەندگەراکانی دژی خۆی لاوازترە، بەڵام وەك نووسینەکانی یەکێ لە بیرمەندانی بەر لە خۆی یانی(رۆسۆ) هەستێك لەو کەسانەدا دەچێنێ کە خۆیان بەبێ دەسەڵات هەست پێدەکەنو زۆر تورەو بێزارن لەو بارەیەوە، هەستێك کە دەنگدانەوەیەکی فراوانی هەیە.

ئایا بە کۆتاییهاتنی سەدەی بیستەم چ ئاسۆیەك لە دیموکراسیدا بەدی دەکرێت؟ تێڕوانینێکی خۆشبینانە کە لەم دواییانەدا پەرەی گرتووە، پێیوایە بە نەمانی کۆمۆنیزمو کاریگەریە فراوانەکانی لەسەر ئاستی جیهاندا، قۆناخێکی تازەی سەرکەوتنی هەمەگیری دیموکراسی دێتە ئارا. هەموو وڵاتانی پێشووی کۆمۆنیستیی ئەورووپای رۆژهەڵات، ئەمڕۆ روویان کردۆتە هەڵبژاردنو کەسانی هەڵبژێردراوی حزبەکان لەو وڵاتانەدا کاروباری حکومەت بەڕێوە دەبەن. نەمانی دەوڵەتە تاکحزبییەکان، دەسەڵاتی پێکهاتەو دامەزراوە هاوشێوەکانی ناوچەکانیتری لەق کردوە. هەڵبژاردن لە وڵاتانی تەواو لەیەك جیاوازی وەك نیکاراگوا، زامبیا، ئانگۆلاو کامبودیا، ئەنجام دراوەو لە هەندێ حاڵەتدا بایەخی ئەمانە لەگەڵ ئەنجامە بەدەستهاتووەکاندا بە تەواوی دەردەکەوێت: وەك نموونە بەرکەناربوونی رژێمە دەسەڵاتدارەکانی نیکاراگواو زامبیا.

هەروەها هەندێ رژێمی دەستەراستیش لە دەسەڵات بەرکەنارکراون. ژەنەراڵ(پینۆشێ) لە شیلی، لە ئەنجامی ریفراندۆمێك بۆ پۆستی سەرەك کۆماری کە پێشتر خۆی تاکە کاندیدێکی مۆڵەت پێدراوی ئەو پۆستە بوو!، شکەستی پێدرا. لە فلیپین، سەرەك کۆماری هەڵبژێردراو، جێی رژێمی (مارکۆس)ی گرتەوە. لەوانە هەمووی گرنگتر کۆتایی هاتنی دەسەڵاتگەرێتی سپیی پێستەکان بوو لە



ئەفریقیای باشوورو دواجار جێگرتنەوەی حکومەتی زۆرینەی رەشپێستەکان، زۆر نزیك بۆتەوە. (ئێستا چەندین ماوەیە کە ئەو پێشبینییە چاوەڕوانکراوە هاتۆتەدی). (چاپی دووەمی ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٩٤بووە). لەساڵەکانی دەیەی ١٩٥٠ پورتوگالو ئیسپانیا هەردووکیان لە دەورانی بەردرێژی دیکتاتۆری رزگاریان بووو زۆر بەئاسانی سیستمی پارلەمانیو هەڵبژاردنیان جێگیر کرد. رزگاربوونی یۆنان لە جەنگی دەسەڵاتداریتیی دیکتاتۆریی سەربازیو پادشایەتیو پێکهێنانی کۆماری دیموکراتیك، بەشێك بوو لە ئۆلگۆی یەکانگیری ئەورووپای نێوەڕاست.

دەشێ ئەو گۆڕانکارییە گرنگانە بە بزاوتێك یان لانی کەم بە کشانێکی جیهانی بەرەو دیموکراسی یا هەڵبژاردنی جەماوەریی وەك پایەدارترینو پەسندترین بنەمای حکومەت لێك بدەینەوە. پەرەسەندنی خێرای بونیادگەرایانی ئیسلامی لێدەرچێ کە تەنها ئەو دەوڵەتە بە(شەرعی) دەزانن یاسای(شەرعیەت)ی(خواوەندی) جێبەجێبکات- و ئەوەش شتێکی زۆر مەزنو پڕبایەخە-(ئەو جەختکردنەوەیە، پێدەچێ هی وەرگێری فارسی کتێبەکە بێت. و.ك) هەڵبژاردنی جەماوەری بەشێوەیەکی گشتی بە شەرعیترین بنەما یا تەنانەت تاکە بنەمایەکی شەرعیەتی دەوڵەت دەژمێردرێت. مەبەستمان ئەوە نییە بڵێین بە شێوەیەکی حەتمی دەوڵەتە هەڵبژێردراوەکان خەسڵەتی پارلەمانتاریستیان هەیە، یان پەیڕەوی پەیگیری سیاسەتە لیبرالییەکان دەکەن. ئەو هەڵبژاردنەی کە ساڵی ١٩٩٢لە جەزائیر بە نێوەچڵی مایەوە، لەوانەبوو دەوڵەتێکی ئیسلامی بهێنایەتە ئاراوە کە ئارەزووی لە پیادەکردنی یاساو رێسای ئیسلامی بەسەر کۆمەڵگەیەکی تەواو رۆژئاوایی بوو، هەر ئەوەش بووە هۆی

هەڵپەساردنی هەڵبژاردنەکانو پاشهاتو کاردانەوەی دژوارو پێشبینی کراوی لە کێشمەکێشە مەدەنییەکان بەدواداهات. سەرۆك(یەلتسین)ی سەر کۆماری روسیاو سەرۆك(ڤالنسا)ی سەرکۆماری پۆلۆنیا، هەردووکیان سوودیان لە رەوایی هەڵبژاردنی خۆیان وەردەگرت، بەڵام (یەلتسین) لە بنەڕەتدا بە شێوەیەکی (تاکڕەوانە)یا فەرماندارانە حکومەت دەکات یا هەوڵدەدات حکومەت بکاتو(ڤالنسا)ش مەیلداریی خۆی بۆ حکومەتی دەسەڵاتگەرایی تاکەکەسی یان بەواتای(ئادام میچنیك-AdamMichnik) (دیکتاتۆریی سەر کۆماریی بە تەئیدکردنی دیموکراسی) نیشان داوە[40].

کۆتایی هاتنی دیکتاتۆری لە یۆنانو نیمچە دوورگەی ئێبیریا Iberia)لەساڵەکانی دەیەی ١٩٧٠دەکرێ بەکۆتایی یەکجارەکی ململانێی درێژخایەنی نێوان دەسەڵاتدارە راستڕەوەکانو هێزە لیبراڵە پێشکەوتنخوازەکان لە ئەورووپای باشوور بزانین. تەنها کەسانێك کە زۆر خۆشبینن، دەتوانن هەڵێنجانێکی هاوشێوە سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی ئەورووپای نێوەڕاستو ئەورووپای رۆژهەڵات بخەنەرووەوە. بێ ئەزموونی حزبە دیموکراتییەکان لە وڵاتانی وەك روسیاو پۆلۆنیا(بە پێچەوانەی چیکۆسلوڤاکیا)، هاوشان لەگەڵ گیروگرفتی زۆری ئابووریو هەروەها کێشمەکێشە نەتەوەییو سنوورییەکان، زەمینەیەکی تەواو بۆ گەڕانەوەی شێوەیەك لە شێوەکانی حکومەتی دەسەڵاتگەرا فەراهەم دەکەن. ئەو کەسانەی کە بە مەراییەوە قسە لە(دیموکراسیی بازاڕی ئازاد) دەکەن، وەك ئەوەی دیموکراسی تەنها بە بازاڕی ئازادەوە پەیوەست بێت، چاویان لەوەیە هەمووەمان ئەو وڵاتانە نادیدە بگرین کە تیایاندا سەرمایەداریی و دیکتاتۆریی شان بەشانی یەکتر هەنگاو دەنێن. سەرمایەداریی رۆژئاوا



ئارەزوومەندە کە وڵاتانی پێشووی کۆمۆنیستی بخاتە نێو بازاڕی جیهانیی سەرمایەدارییەوە. لەو روانگەیەوە، چەندین گرووپی راوێژکاریی ئابووریو سەوداگەران بە کۆمەڵ روویان کردۆتە ئەورووپای رۆژهەڵات. هەروەك پێشبینی دەکرا، بۆ جێگیرکردنی هەندێ دامەزراوەو پیادەکردنی کۆمەڵێك رێو شوێنگەلی پایەداری دیموکراتی، کەمە یارمەتییێکیش پێشکەش بەو وڵاتانە کراوە. سەرەنجام لەوانەیە لە هەندێ لە وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵاتیدا، تێکەڵەیەك لە سەرمایەداریو دەوڵەتگەلی دەسەڵاتگەرایی هاوشێوەی ئەمریکای لاتینو هەندێ شوێنی ئەفریقاو ئاسیای رۆژهەڵات بهێنرێتە ئاراوە. لایەنگری کردنی ئاشکرای رۆژئاوا لە شێوازی توندو تیژانەی سەرۆك(یەلتسین) ، چاوپۆشینی بەردەوامی سەرکوتکردنو دەسەڵاتگەرایی چینییەکان ئەوە دەگەیەنێ کە بۆ رۆژئاوا کردنەوەی بازاڕەکانی کۆمەڵگە کۆمۆنیستیو پێشتر کۆمۆنیستییەکان بەرووی کاڵاو سەرمایەکانیان، باشترو گرنگترەو ئەوە جێی تێکۆشان بۆ بەرقەرارکردنی دیموکراسی گرتۆتەوە.

بەم پێیە، ئێمە لە لایەکەوە لەو پێشوازیکردنە خێرایەی کەمترین رادەی بنەمای دیموکراسی رازین کە بە گوێرەیەوە دەوڵەتەکان دەبێ بە شێوازی دەنگدانی جەماوەریو وەك تاقیکردنەوەی رەوایی هەرچەشنە رژێم یا سیستمێکی سیاسی، هەڵبژێردرێن. دیموکراسی نابێ لەژێر شەپۆلی دەسەڵاتگەرایی ئاشکرادا بە ونی بمێنێتەوە، وەك چۆن لە ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمدا ئەو ترسە هەبوو. ئێستا تەنانەت بەهێزترین سیستمە دەسەڵاتگەرا نا دیموکراتییەکان کە پشتیان بە ئایدۆلۆژیاوە بەستبوو، یا لە نێو چوون یا ئەوەتا بێبایەخ بوونو لە نێو دەچن.

لەلایەکی ترەوە، حکومەتە دیکتاتۆری یا سەربازی‌یەکان هەموو جار رووی خۆیان بە ئایدۆلۆژیاوە دەمامك نادەن یا خۆیان وا ناخەنە رووەوە. حکومەتی زۆردارانە، هەمیشە بەهێنانە پێشی مەسەلەی پێویستبوونی دیسپلین، هەبوونی مەترسی ئاژاوەو شتی لەو بابەتە خۆی دەخاتە رووەوە. وەك چۆن پێشتریش لەم کتێبەدا باسکراوە، سیاسەتە هاوچەرخەکان هەرگیز وازیان لە دژایەتیکردنی دیموکراسی نەهێناوە. زۆرێك لە گروپە دەسەڵاتدارو خاوەن ئیمتیازەکان، دیموکراسی بە مەترسییێك دەزانن بۆسەر خۆیانو بە هاوبەرژەوەندی‌یەکانیان، بۆیە بە ئامرازو شێوازی جیاجیای وەك پەیڕەوکردنی توندو تیژیو داپلۆسین، کاتێ کە بە پێویستی بزانن لە بەرامبەر گەشەی دیموکراسی راست دەبنەوە. کەسانێکیش هەن کە دیموکراسیو ئازادی مایەی دەردە سەری بووە بۆیانو بە لەمپەرێکیان زانیوە لە بەردەم پەیگیریکردنی بێپەردەی سامانو دارایی، بۆیە پێشوازی لە ئاوێتەکردنی بازاڕو دەسەڵاتگەرایی دەکەن کە پێشتر ئاماژەم پێدا. هەر ئەم دەسەڵاتگەرییە سەرمایەدارییە کە رەنگە گەورەترین لەمپەرو ئاستەنگ بۆ گەشەو پەرەسەندنی دیموکراسیی دوای کۆمۆنیزم کە تازە دەستی پێکردوە، بهێنێتە ئاراوە.